
# كريس هارمان


# ماركسيزم چۆن كاردەكات



**محەمەد وەسمان**

**كردوويە بە كوردی**

**هەلێر – ٢٠٠٥**




# مارکسیزم چۆن کاردەکات

ناوی کتێب :   مارکسیزم چۆن کاردەکات
وەرگێڕ: محەمەدوەسمان
بابەت :ڕۆشنبیری

ساڵی چاپ : ٢٠٠٥
ژمارەی سپاردن :

## دەستپێك

فەلسەفە بە واتا باوەکەی واتە رامانو هەڵسەنگاندنی رووداوەکانو قوولْ بوونەوە لە بابەتە هزرییەکان . گەر سەرنجی ژیانی رۆژانەمان بدەین ئاستێکی پێزانین هەیە مرۆڤ راستەوخۆ لەگەلْ کارکردن بە کەرەستەو بابەتەکانی ژیان پێیدەگات ، کەسانێکی دیکەهەن زیاتر لەم دیاردانە ورد دەبنەوە پەیوەندی نێوان دیاردەکانو هۆکارەکانیان دیاردەخەن بەدوای یاساکاندا دەگەڕێن ئەوانە زاناکانن.

لەدوای ئەمانەش کەسانێك هەن لەوبنەما هزریانە ، لەم یاسا زانستیانە دەکۆڵنەوە ((بیرلە بیری ئەوانەدا دەکەنەوە)) ئەو کەسانە فەیلەسوفانن کە بیر لە بیردەکەنەوە، کەواتە فەلسەفە بیرکدنەوەیە لەبیر. فەیلەسووفان هەوڵدەدەن ئەم چەمكو بیرو بۆ چونانە پۆلین بکەن لە نێوان گشت وتایبەتدا، لە بنجو بناوانی بگەڕێن، سەرچاوەی پەیدا بوونیان بزانن، فەیلەسووفە دەیەوێت بزانێت سەرچاوەی پەیدابوونیان، ئایا گریمانەن ,لە خۆڕا، دانراون یاخود سەرچاوەکانیان پێزانینی هەستین ، لەرێگای هەستەکانەوە پێزانراون ، هەوڵدەدات ئامرازو رێبازی پێزانینیان بزانێت . کەواتە فەلسەفە هەڵکۆڵینە لەو بیروباوەڕو بوچوونوزاراوەی لە نێو خەڵکدا باون بەهەردوو ئاستییەوە ئاستی ساکارو ئاستی زانستی، دەیانکاتە بابەتی بیرکردنەوەی خۆی ,بۆ ئەوەی بنجو بناوانی ئەم جیهانبینییە رۆنێت کە لەسەر زانیاری زانستی دروستو ئەزموونەکییەوە رونراوەو ئامرازێکە بۆ هۆشپەسندایەتی، کە پێوەری شارستانیەتییە، بەڵکو دەکریێ بڵێین بنچینەی رۆنانی ژاپارییە، کەواتە فەلسەفە گرنگە، پربایەخە نابێت فەرامۆش بکرێت. وەك فەرامۆشمان کردووە ودەبێت بەخۆماندا بچینەوە.

**له نێوان فەلسەفەو زانستدا**

فەلسەفە شیکردنەوەی هزری مرۆڤایەتیە ، وەك لە دەستەواژەو زاراوەکانو چەمکە کانیان دەردەکەوێت ئەم دەستەواژانەی لەژیانی رۆژانەو لەبوارەجیاجیاکانی زانیندا دەردەکەون . واتە ئەرکی فەیلەسووف ئەوەیە چەمکەکان شیکاتەوەو واتا دیاریبکاتو بەدوای بنەماکایاندا بچێت تادوا کایە ، بۆ ئەوەی بزانێت لە دوا کایە ئەم چەمكو زاراوانە ئایا لەسەر چاوەدا لەسەر بنچینەی گریمانەیەکی هزری دامەزراون یان لەسەر بنەمایەکی پەیوەست بە هەڵکەوتی ماددیو بابەتەکی ؟ لەم قۆناغەدا دەگاتە ئەوەی بزانێت کە ئایا ئەم قووچەکە هزرییە بنیات نراوە بنچینەیەکی گریمانەیی هەیە یان بابەتی ، گەر گریمانەیی بێت ئەوا بەگۆڕینی گریمانە کە سەجەرم بنیاتە هزر ییەکە دەگۆڕێتو قووچەکێکیهزری ڕۆدەنرێت جیا لەوەی پێشوو . گەر لەسەر بنچینەیەکی بابەتی ڕۆنرابێت ئەوا لێتۆژینەوە دەکەوێتە ئەستۆی زانایانی ئەم بوارەو فەلسەفە هیچ رایەك لەم بارەیەوە دەنابڕێت . لەبەر ئەوەی لەم مەیدانەدا (را) رای زانایانە ، ئەوان ئامرازی تۆژینەوە یان هویە لە پێنۆڕو ورد بینو زموونگەو کارگەو .... کە فەیلەسووف نیەتی کەواتە فەیلەسووفەکە زاراوەیەك هەڵدەبژێرێت یان دەستەواژەیەك یان چەمکێك یان بێژەیەکی تەوەرەیی بنچینەییو تیشکی دەخاتە سەرو بەدوای بنچینەکانی بەرایی ئەم چەمکە دەگەڕێت بۆ ئەوەی بزانێت لەسەر چی دامەزراوە ، لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کەدەپرسێت ئایا بۆچی زانایان ئەم ئەرکە ناخەنە ئەستۆی خۆیان ، وەلامەکەی ئەوەیە ، بەڵی زۆر جاران ئێستا زانایانی ئەم ئەرکە دەخەنە ئەستۆی خۆیانو کە جگە لایەنەکەی دیکەی کارەکەی وەك زانا ، چەمکەکان شیدەکاتەوەو زاراوەو دەستەواژەکانی زانستەکەی

شــــيدەكاتەوە ئـــەوا لـــەم كاتـــەدا كـــارى فەيلەســـووف دەكـــاتو فەلسەفەىزانــستى دەخاتــە روو نـــەك زانــستەكەو فەيلەســـووفى ئـــەم زانستەيە نـەك زاناكـە ى ،زانايـان كەدەكەونـە شـيكردنەوەى زانستەكەيان (چـەمكو دەسـتەواژەو زاراوە تەوەرييـەكان زانستەكە يـان) لـەم رووگەيـەدا ئـەوان فەيلەسـووفن ، فەيلەسـووفى ئـەو زانـستانەن ، جيـاوازى نێـوان زانـاو فەيلەسـووف لـە رووكـارى (ئاراسـتەى)كاريـان دايـە گـەر هەنـدێ پێزانينـى ديـاريكراو بنـچينەى زانـستێكى ديـاريكراو بێـت ،و كەسـێك بێـت لەسـەر ئـەم بنـچينەيە قووچـەكێكى هـزرى هـەڵنێت يـان قووچـەكێكى ئـەزموونى زانـستى هـەڵنێت ــ زانايـە ، بـەلاَم ئەگـەر كەسـێك بێـتو لـەم پێزانينانـەوە دەسـتپێبكات بـۆ رووچـوون بـەناخى ئـەم پێزانينانـە كـەوا لـە چـى پێكهـاتوونو توخمـەكانى كـە لەسـەرى دامـەزراون ئـەم ئاراسـتەيە بـــەرەو ژێرخـــانى چـــەمكەكان ، پێزانينـــەكان زاراوەكـــان ، ژێرخـــانى قووچـــەكەكان لـــەبرى ئـــەوەى بـــەرەو پۆپـــە بـــچێت ، توخمەيەراييـــەكان شـيكاتەوە كـە لێيانـەوە پێـك هـاتووە ئـەوەيان فەلـسەفەيەو ئـەو مرۆڤـەش كـە ئـەم كارەدەكـات فەيلەسـووفە، لـەبوارى پێزانينـى بەرهەسـتدا درێـژە پێـدانى زانــستە بــەلاَم بــەرەو خــوارەوەو بــەرەو بنــەماكانىو لــەبوارى پێزانينـــى هـــزرى (گريمانـــەيى) بـــەرەو دۆزينـــەوەى گريمانـــەكانو يەكـــەم بەردى بناخەى قووچەكە هزرييەكان.

يـــــەكێك لـــــەو كەڵـــــە فەيلەســـــووفانەش كـــــارل مـــــاركس بووكەبەزيندووكــەرەوەى ماتريــاليزم دەژ مێردرێــت لــە ســەردەمى خــۆى ولايەنى نەمرە لەفەلسفەكەيدا:

**ماركس، كارل** ***Marx, Karl***

(١٨١٨- ١٨٨٣)

دامەزرێنەری کۆمۆنیستی زانستی و فەلسەفەی مایەکییێتی دیالەکتیکی و مایەکییێتی مێژوویی و ئابووریی سیاسیی و زانستییە، سەرکردەو مامۆستای پرۆلێتاریای جیهانییە، لە تریێف لە دایك بووە، لە ساڵی ١٨٣٥ قوتابخانەی ناوەندی تەواو کردووە، دواتر چۆتە زانکۆی بۆن و بەرلین. لەو کاتەدا روانینی گشتی بۆ جیهان لە سەرەتای پێکهاتندا بوو، رووکاری چەپگەری لە فەلسەفەی هیگلـزۆر کاری کردە سەر گۆڕانی دەروونی مارکس، مارکس پابەندی بیرۆکەکانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ بوو، لەبەر ئەو هەڵوێستێکی توندڕەویی هەبوو لەنێو هیگلییە لاوەکان.

لە تێزنامەکەیدا بۆ وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لە فەلەسەفەدا (جیاوازی نێ،ان دیموکریتیسی سروشتی و فەلسەفەی ئەبیکۆری سروشتی (١٨٤١) مارکس لە فەلسەفەی (هیگل) هەرچەند نموونایەتی خوازە – ئاکامی ڕادیکالی و خوانەناسی بەدەست دێنێت لە ساڵی ١٨٤٢ مارکس بووە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ڕانیش چایتونگ) کە دواتر بوو بە سەرنووسەری. ڕۆژنامەکەی کردە ئامرازێك بۆ دیموکراسیەتیی شۆڕشگێڕ. لە ماوەی چالاکی و توێژینەوە تیۆرییەکانی مارکس ڕاستەوخۆ ناکۆك بوو لە گەڵ فەلسەفەی هیگل، بەهۆی ئاراستە گونجانکاری ئاکامە سیاسیە پاریزگارییەکەی، هەروەها بەهۆی جیاوازی لەنێوان بنەماکانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەرکەکانی گۆڕانکاری لەم پەیوەندییانە. لەم ناکۆییەی لەگەڵ هیگل و هیگلییە لاوەکان، مارکس بەرەو هەڵوێستی مایەخوازی چوو. شارەزایی لە گۆڕانی ئابووریی راستەقینەو فەلسەفەی فیوباخ رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لەم هەڵوێستەی. لە ئاکامی گۆڕانی هەڵوێستی چیانییەتیەکەی مارکس

شۆڕشـێکی یـەکجاری لـە روانینـی گـشتی سـەبارەت بـە جیهـان هاتـەدی، بـەوەش لـە دیموکراتیـەتی شۆڕشـگێڕەوە بـۆ کۆمۆنیـستی شۆڕشـگێڕ چـوو (١٨٤٤). ئـەم گۆڕانـەش رەنگدانـەوەی گـۆڕانی ململانێـی چـینایەتیە لـە ئـەوروپا (مـارکس شۆڕشـی سـیلیزیی ئـەلمانی ١٨٤٤ زۆر کـاری تێکـرد)، هـەروەها لـە ئاکـامی سۆسیالیـستی لـە ململانێـی شۆڕشـگێڕی لـە پاریـسدا، کـە لـە سـاڵی (١٨٤٣) چـوو بـۆ بـۆ ئـەوێ دوای ئـەوەی ڕۆژنامـەی (ڕاینـیش چـایتونگ) داخـرا، هـەروەها لـە لێکۆڵینـەوەکانی سـەبارەت بـە ئابووری سیاسی و سۆشیالیستی ئەندێشەیی و مێژوو.

مـارکس ئـەم هەڵوێـستە نوێیـەی لـە دوو وتـار دا دەربـڕی، کـە لـە (١٨٤٤) بلاوکرانـەوە بـە ناونیـشانی (لـە بـارەی ڕەخنـەگرتن لـە فەلـسەفەی لـە فەلـسەفەی مافـەکان لای هیگـل) لێـرەدا مـارکس بـۆ یەکـەم جـار ڕۆڵـی مێـژووی پرۆلیتاریـا بـە دیـار دەخـاتو دەگاتـە ئـەو ئاکامـەی کـە دەڵێـت شۆڕشـی کۆمەڵایـەتی ناچـارەکیە، هاوکـات یەکخـستنی بزوتنـەوەی چـینی کرێکـار لەگـەڵ ڕوانگـەی گـشتی زانـستی بـۆ جیهـان بـە پێویـست زانـی. لـەو کاتیـدا مـارکس و ئنگلـز بەیـەك گەیـشتبوون و بەیەکـەوە بـە پێـی ڕێبازێکی بەرنامەیی ڕوانینێکی نوێی بۆ جیهان داڕشت.

ئاکامـەکانی بـۆ توێژینـەوەی زانـستی و بنـەما بنـچینەییەکانی ڕوانینـە نوێیەکـە. لـەم دانراوانـە ڕوونکرانـەوە ((دەستنووسـە ئـابووری و فەلـسەفیەکان)) (١٨٤٤) – (خێزانـی پـیرۆز) (١٨٤٥) – (ئایـدیولۆژیای ئـەڵمانی) (١٨٤٥-١٨٤٦) مـارکس بـە هاوبەشـی لەگـەڵ ئنگلـز نووسـیان (چەند تێزێك سەبارەت بە فیورباخ) (١٨٤٧).

یەکـەم کتێـب لـە مـاوەی پێگەیـشتنی مارکـسایەتیدا کتێبـی ( بێنـەوایی فەلـسەفە) (١٨٤٧)بـوو. مارکـسایەتی وەك زانـستێکی تـەواوکار کـەوا یەکـەتی هـەموو بەشـە پێکهێنـەکانی بنوێنێـت. لـە سـاڵی (١٨٤٧)دا

مارکس له بروکسیل دەژیاو چووە ڕیز کۆمەڵەیەکی بانگدێری نهێنی کە بە کۆمەڵەی کۆمۆنیستان ناسرا بوو.

لەسەر داوای کۆنگرە -مارکس و ئنگلز- ((مانیفێستی کۆمۆنیستی)) یان دانا، کە تێدا مارکسایەتیان تەواو ڕوونکردەوە ئەم نووسراوە ((هێڵە گشتییەکانی بۆچوونێکی نوێ سەبارەت بە جیهان دادەنێ، مەتریالیزمی ڕێکوپێکە، ئەوەش بۆچوونێکە بواری ژیانی کۆمەلایەتی و بێژیاری دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی لە هەموو تیۆریەکانی گۆڕان سەرتاپاگرو قوڵترە، تیۆری ململانێی چینایەتی، تیۆری ڕۆڵی مێژوویی و جیهانی شۆڕشگێرانەی پڕۆلیتاریا - داهێنەری کۆمەڵگەی کۆمیۆنیستی نوێ))، (لینین) مایەکیەتیی دیالەکتیکی و مێژوویی فەلسەفەیەکی زانستییە. مایەکیەتی و نموونایەتی ئۆرگانیانە تێدا تێکەڵ دەبن، تێگەیشتنی مێژوویی لە سروشت و کۆمەڵ، ڕێنوێنییەکان سەبارەت بە بوون و زانین لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی ئەو فەلسەفەیەشی وای کردووە زاڵ بوون بەسەر سروشتی میتافیزیکیانەی مایەکیەتی پێش مارکس و ڕامانی تیایدایە ئاسان بێت، ئەو فەلسەفەیەش مرۆڤی بە بنکەی گەردوون داناوەو نمونایەتیانە لە مێژوو دەگات.

فەلسەفەی مارکس لە هەموو بەرنامەکانی باشترە بۆ گۆڕان و لە جیهان گەیشتن.

پەرەسەندنی هێنانەدی مارکسایەتی و زانست لە دوو سەدی نۆزدەو بیستدا بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوویی مارکسایەتی بەسەر هەموو شێوەکانی دیکەی نموونایەتی خوازی و مایەخوازی میتافیزیکی سەلماند ڕاڕەوی مارس بە هێزتربوو، وەك تاکە شێوەی ئایدیۆلۆژیای

پرۆلیتــاری لــە تێکۆشــان دژی هــەموو جــۆرە پێلێکــی نازانــستی دژی پرۆلیتاریاو بورجوازی بچووك.

چـالاکی مارکـسی بـەلاگری (چـینی کرێکـاری) ناسـراوە لـە تـەك نـەرمی نەنوانــد بەرامبــەر هــەر لادانێــك لــە تیــۆری فەلــسەفی زانــستی مــارکس چــالاکانە هاوبەشــی کــرد لــە تێکۆشــانی ئازادیخوازانــەی پرۆلیتاریالــە شۆڕشــی ١٨٤٨ – ١٨٤٩ لـە ئـەڵمانیا لـە پێـشەوەی تێکۆشـانی سیاسـی دابـوو، بـەرگری لـە هەڵوێـستی پرۆلیتاریـا کـرد، لـەو کاتـەی سەرنووسـەری ڕۆژنامـە بـوو لـە سـاڵی ١٨٤٩، کـە لـە ئـەڵمانیا دوورخرایـەوە، لـە لەنـدەن بـە کــاتی جــێگیر بــوو دوای هەڵوەشــاندنەوەی کۆمەڵــەی کۆمیۆتیــستان (١٨٥٢) مــارکس بــەردەوام لــە چــالاکی لــە بــزوو تنــەوەی پرۆلیتــاریو دامەزرانــدنی (نێــو نەتــەوەی یەکــەم) (١٨٦٤) لــەم ڕێکخــراوەدا زۆر چــالاك بــوو. ئاگــاداری پێــشڤەچوونی بزوتنــەوەی کرێکــاری بــوو لەســەرجەم جیهانــدا، بەتایبــەتی بایــەخی بــە بردووســیا دا. مــارکس لــە جەرگــەی ڕووداوەکانــدا بــوو تــا دوا ســاتەکانی ژیــانی ئــەم ئامادەگیــەش وایکــرد بتوانــێ تیۆرییەکــەی پەرەپێبــدات، ئــەزموونی شۆڕشــە برجوازیــەکان لــە ئــەوڕوپا ١٨٤٨ –١٨٤٩ بایــەخێکی زۆری هــەبوو لــە پەرەپێــدانی تیــۆری شۆڕشــگێری سۆسیالیــستیو ململانێــی چــینایەتی، ســەرەڕای بیرۆکــەی دیکتاتۆریــــەتی پرۆلیتاریــــا، تەکتیکــــەکانی پرۆلیتاریــــا لــــە شۆڕشــیبورژوازیدا، پێویــستی هاوپەیمانیــەتی کرێکــارانو جووتیــاران ((ململانێــی چــینایەتی لــە فەڕەنــسا (١٨٥٠)و تێکــشکانی ناچــارەکی ئــامرازی دەوڵــەتی بــورژوازی (هــەژدەی برۆمیرلــویس پوناپــارتی)) (١٨٥٢) مارکس لەو کاتەدا لە ئەزموونی کۆمۆنەی پاریسی دەکۆڵیەوە.

کتیبــی جــەنگی نــاوخۆ لــە فەڕەنــسا (١٨٧١)ی نووســیو شــێوەیەکی دەوڵــەتی دیکتــاتۆری پرۆلیتاریــای دۆزیــەوە، بــە وردی لــەم کاڕایانــەی

کۆڵیـــەوە کـــەوا دەســـتەڵاتی یەکـــەم دەوڵـــەتی دیکتـــاتۆری پڕۆلیتاریـــا کـــردی.لـــە کتێبەکـــەی ((ڕەخنـــەگرتن لـــە بەرنامـــەی گۆتـــا)) (١٨٧٥) مـارکس گـۆڕانی دیکـەی لـە تیۆریەکەیـدا کـرد سـەبارەت بـە کۆمیۆنیـستی زانـستی کتێبـە سـەرەکیەکەی ((سـەرمایە)) بـوو، یەکـەم بـەرگی لـە سـاڵی ١٨٦٧ بڵاوکـردەوە دووهـەمی لـە سـاڵی ١٨٨٥ ئـەنگلز بـڵاوی کـردەوەو سـێیەم لـە سـاڵی ١٨٩٤، لـەم کتێبـەدا بنـچینەی پێکهێنـانی ئـابووری سیاسی زانستی کۆمیۆنایەتی دامەزراند

سـەرەڕای ئـەوەش بایـەخێکی بـێ وێنـە هەیـە لـە بـواری فەلـسەفەدا بەرنامـەی دیالـەکتێکی بەرجەسـتە دەکـات لـە توێژینـەوەدا مـارکس بـە کـورتی لـە پێـشەکی کتێبەکـەی ((ڕەخنـەگرتن لـە ئـابووری سیاسـی – کـە کتێبێکـە لـە کتێبـە بەراییەکانیـدا)) کرۆکـی تێگەیـشتنی مایەخوازانـە لـە گریمانەوە تا زانست دەخاتە ڕوو.

نامـــەکانی مـــارکس زۆر لایـــەنی فەلـــسەفەکەی ڕوون دەکاتـــەوە هـــیچ ڕاڕەوێـک وەك مارکـسایەتی لـە واقیعـدا بـەم شـێوە بەڵگـە بەرچـاوی نـەبووە، لیـــنین – لەتـــەك شـــاگردو بێکارانیـــەوە– مارکـــسایەتی پـــەرە پێـــدا، لـــە بـارودۆخێکی مێـــژوویی نوێـــدا. مارکـــسایەتی لـــە ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی سۆسیالیـــستی لـــە ژمارەیـــەك لـــە وڵاتـــان بەرجەســـتە بـــوو، ئێـــستا کـــارو چـالاکی حزبـە پڕۆلیتاریـەکان و هـەموو بزوتتنـەوەی کۆمیۆنیـستی و نێـو نەتەوەیی و بزوتنەوەی چینی کرێکارە لە جیهاندا.

**<u>دوا قسە:</u>**

ئەم کتێبەش ئـە مرۆ هیـوا دارە رووکـاری مارکسیزم ببووژێنێتـەوەو ماتریـالیزم ســـەرلەنوێ ببێتـــەوە روانگـــەی جیهـــانبینی ســـەردەم کەئـــەمڕۆ لـــە نێـــو پێزانینەزانستیەکاندابەرجەستە دەبێت.

**شایانیباسە ئەم کتێبە لەسەر پێشنیاری بەڕێز ئازاد کراوەتە کوردی.**

**محەمەد وەسمان**

**پێشەکی**

**ئەفسانەیەکی زۆر بلاّو هەیە دەڵێت مارکسیزم سەختە.**

ئەوەش یان ئەفسانەیەکە لەلایەن دوژمنانی سۆشیالیستی پڕو پاگەندەی بۆ دەکرێت – بۆ نموونە – هارولدو یلسون سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانی پێشوو شانازی بەوەدەکرد کەوا هیچ نەیتوانیوەلەلاپەڕەی یەکەم زیاتر لە کتێبی (سەرمایە) ی کارل مارکس بخوێنێتەوە، هەروەها ئەفسانە یێکە، بەشێکی تایبەت لەو ئەکادمییانەی وارادەگەیەنن کەوا مارکیسین هانی دەدەن: بەئەنقەست چەندان ڕستەی ئاڵۆزو دەستە واژەی نادیار و لێڵ لە ئاخاوتن و نووسینەکانیاندا دەچێنن بۆ ئەوەی وانیشان بدەن کەوا زانیارییەکی تایبەتیان هەیە کەسانی دیکەنیەتیان.

لەبەر ئەوە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کەوا زۆر لەشۆسیالیست خوازان ئەوانەی (٤) کات ژمێر لە هەفتەیەك دا لەکارگەو کانگە، یان نووسینەگەکان کار دەکەن ئەم ئەفسانەیە بە بەڵگە نەویست دەزانن و مارکسیزم وا دەدانێن کەواکاتیان نییەو دەرفەتیان نییە تیێبگەن.

لەراستیدا هزرە سەرەکیەکانی مارکسیزم زۆر سادەن .مارکسیزم ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین لەهەموو ڕێکخستە یەکی هزری دیکە باشتر ڕاڤەی دەکات و واتایەك بەو جیهانە دەبەخشێت کەوا تەنگژەکان وێرانیان کردووە لەبەر زۆری هەژاری لە نێو دەوڵەمەندی دا، لەبەر کودەتاو دیکتاتۆریەتی سەربازی، لەبەر ئەوەی داهێنانە مەزنەکان ملیۆنان کەس ڕەوانی کاروانی هەژاران دەکات کە داوای یارمەتی و خێر دەکەن، لەبەر ئەو دیموکراتیانەی کە دارایی دەبەخشێتە ئەوانەی کوشتگە ساز دەکەن و لەبەر ئەوە دەوڵەتە سۆشیالیستانەی گەلانی هەندێکیان هەڕەشەیچەکی ناووکیان لەسەرە. لەهەمان کات، هزرمندانی ڕژێمەکان ئەوانەی گاڵتە بەهزرە مارکسیەکان دەکەن

راوە دووی یەکتر دەنێن لە یارییەکەدا! کەناوی تایبەتمەندییەتی کوێرانەی شێتانەیە بەشێوەیەك نەهیچ ڕاڤە دەکەن و نەهیچ لێك دەدەنەوە . هەرچەندە مارکسیزم سەخت نیە بەلأم بۆ ئەوکەسەی بۆ یەکەم جار نووسینەکانی مارکس دەخوێنێتەوە روو بەرووی گرفت دەبێتەوە، هەموو ئەوەی مارکس نووسیویەتیدەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك پێش ئێستا. زمانی چاخیخۆی بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی تەواو بە گەڕانەوە بۆ تاکەکەس و رووداو گەلێکی کە ئەوکاتی لای هەمووان باو بوو، کەچی ئێستاتەنیا مێژوو نووسە تایبەتمەندەکان دەیزانن.

سەرسوڕمانی خۆم بیردێتەوە – کەلە خوێندنگە دابووم – هەوڵمدا نامیلکەی مارکس بەناوی هەژدەی برومییری لویس بوناپرت بخوێنمەوە . نەم دەزانی وشەی برومییر چییە یان بوناپارت کێیە . زۆر شۆسیالیست خواز وازیان لەهەوڵدانیان هێنا بۆ خوێندنەوەی مارکسیزم دوای ئەزموونی لەم جۆرە !! ئەوەش یان رەوانیشاندەری ئەوەیە کەلەپشت ئەم کتێبە کورتە وەیە . هەوڵدەدات پێشەکیەك بخاتە بەردەست بۆ هزرە مارکسیەکان بەشێوەیەك ڕێگاهەموارکات بۆ سۆشیالیستخوازان لەسەر رەوەتی کە مارکس لەسەر بوو بەردەوام بن و لەگۆڕانی مارکسیزم بگەن لەوکاتیدا لەسەر دەستی فریدریك ئینگلیز و رۆزا لو کسمبرج وفلادیمیر لینین و لیون تروتسکی و کۆمەڵەیەك و دەستەیەکی تەواو لە هزرمەندانیخوار ئاوا ئەنجامدرا . زۆربەی ئەم نامیلکەیە بۆ یەکەم جار لە شێوەی زنجیرە و تارێك لە ڕۆژنامەی (کرێکاری سۆشیالیستی) بەناونیشانی (مارکسیزمی سادەکراو) بڵاو کرایەوە . بەلأم من بابەتێکی گرنگی دیکەی نوێم خستەسەر . هەندێکیانم لە دووهەوڵی پێشووم بۆ پێشکەش کردنی خستنە روویێکیسادەی هزرە مارکسیەکان بوو : کتێبی دنکان هالاس ( واتای مارکسیزم ) ( و زنجیرەی فێر خوازیی )ی مارکسیزم لکی پارتی کرێکارانی سۆشیالستی بەریتانی لە نورویج. دوا خاڵ، کەمی

**دەرفەت – پانتای بڵاو کردنەوە – ڕێگر بوو لەوەی باسی هەندێ بەشی گرنگی شیکردنەوەی مارکسایە سەبارەت بەجیهانی هاوچاخدا بکەم . پاشکۆی ئەم نامیلکەیە ژێدەری لەگەڵدایە بۆ ئەوەی یارمەتی دەربێت بۆ زیاتر خوێندنەوە لەبارەی ئەم بابەتە.**

**کریس هارمان**

# دەرووی یەکەم

**بۆچ پێویستمان بە تیۆری مارکسیزم هەیە؟**

**لەبەرچی پێویستمان بەتیۆرییەکە هەیە؟**

ئێمە دەزانین تەنگژەیەك هەیە و، دەزانین خاوەن کار تالأنمان دەکەن، ئێمە هەموو نارازین، ئێمە پێویستمان بە شۆسیالیستییە .. ئەویدیکەی جگە لەوەش بابۆ روشنبیرانی جێبێڵین . زۆر جاران ووشەی ئاوا لە تێکۆشەرە سۆشیالیست و سەندیکاییەکان دەبیست . ئەم جۆرە رایانە زۆر بەتوندی لەلایەن دوژمنانی سۆشیالیستی پشتگیری لێ دەکرێت و هاندەدرێت، ئەوانەی هەوڵدەدەن وابزانین مارکسیزم رێنوێنی لێڵ و ئاڵۆزو وەرسکەرە . دەڵێن هزرەسۆشیالیستیەکان (رەهان) دەشێ ئەم هزرانە لە رووی تیۆرییەوە باش دیاربن، بەڵام لەواقیعدا ئەوا هەستی دروست شتێکیبەتەواوی پێچەوانەمان پێدەڵێت.

گرفتی ئەمتێزانە لەوەدایە خاوەنەکانیان ئاسایی خاوەن (تیۆری) ن هەرچەندە دان بەوەدانەنێن.

هەر پرسیارێکیان لەبارەی کۆمەڵگەی لێبکە، دەبینیت بە هەمەکی کردنێك یان گشتگریکردنێکی دیکە وەڵامت دەدەنەوە ئەوەش هەندێ نومونە:

(خەڵك بەسروشت خۆویستن)

( گەر دەوڵەمەندان نەبونایە پارە نەبوو کار بۆ ئەوانی دیکە دابین کەن )

( گەر تەنیا بتوانین کرێکاران فێربکەین کۆمەڵگە دەگۆڕێت )

(داهێزانی ئاکارە وولاّتی گەیاندە ئەو ئاستە نزمەی ئەمڕۆ تیایەتی)

گوێ بۆ ئەو قسانە بگرە لەسەر جادە دەوترێن لەناو پاس و چێشت خانە دەوترێن، دەیان لەم قسانە دەبیستیت، هەریەکەیان رایەکی تێدایە سەبارەت

هۆكانی ئەم حاڵەتەی ئێستای كۆمەڵگەو چۆنەتی چالاك كردنی بارو دۆخی خەڵك . ئەم جۆرە رايانە هەمويان (تيۆری)ن سەبارەت بە كۆمەڵگە . خەڵك كەدەڵێن تيۆريمان نييە، لە راستيدا مەبەستيان ئەوەيە كەوا راكانيان روون و ئاشكرا نييە ئەوەيان شتێكی ترسناكە بۆ ئەوەی دەيەوێت كۆمەڵگە بگۆڕێت، ڕۆژنامەكان و راديۆو تەلفزيۆن هەموويان بەردەوام هەوڵدەدەن هۆشمان پڕ بكەن لە راڤەی حاڵەتی شلە ژاويی كۆمەڵگە .

بەو هيوايەن ئەوەی دەيڵێن بێ بيركردنەوە سەبارەت هەمان كێشە بەراست وەرگرين.

بەڵام تۆ ناتوانيتدا بەدروستی لەجەنگدابيت بۆ گۆڕينی كۆمەڵگە گەر ئەوەی هەڵەيە نەناسيتەوە لەم تێزە جياجيانە. ئەوەيان يەكەم جار پێشی (١٧٠) ساڵ پێش ئێستا دەركەوت، لە سی و چلەكانی سەدەی نۆزدەم، سەرهەڵدانی پيشەسازی لە ناوچەكانی وەك باكوری رۆژئاوای ئينگلتەرا بوو بوو بەهۆی ئەوەی سەدان هەزار پياو و ئافرەت ومنداڵ بچينە سەر كار بەرامبەر ڕێيەكی زۆر كەم. دەبا باروو دۆخێكی گوزەرانی نەمرونەژی تەحەمول بكەن، بەشێوەيەك هيچ باوەڕ ناكرێت، ئەوانە دەستيان كردبە تێكۆشان دەژی ئەم باروو دۆخە ناهەموارانە، لەگەڵ سەرهەڵدانیيەكەم ڕێكخراوی كرێكاری جەماوەری — يەكەم سەنديكاكان — بە نموونە لە بەريتانيا لانەی شۆڕشی پيشە سازی بزوتنەوەی شارتی ( يەكەم بزووتنەوەی داواكردنی مافە سياسەكانی كرێكاران ) ئەوكات گيرو گرفتی چۆنيەتی هێنانەدیئامانجیبزووتنەوەی كرێكاران هاتە گۆڕێ . هەندێ كەس وتيان دژی فەرماندەرانی كۆمەڵگەرازی بن بە گۆڕان بە شێوازی ئاشتيانە . دەشێ (هێزی گوزارەيی) بزوتنەوەيەكی ئاشتيانەی جەماوەری دەسكەوت گەلێك بۆ كرێكاران دابين بكات . سەدان هەزاری كەسی خۆيان ڕێكخست و خۆ پشاندانيان كرد بۆ بنياتنانی بزووتنەوەيەك لەسەر بنچينەی ئەوان بيرو رايان، بەڵام لە كۆتاييدا

رووبەڕووی شکست و نائومێدی بوونەوە . هەندێکیدیکە هەستیان کرد پێویستیان بە ( هێزی ماددی هەیە) لەو باوەڕەدا بوون دەکرێ لەڕێگای کۆمەڵەی پیلان دانانیبچووکو جیا لە کۆمەڵگە ئەو ئامانجە بێتەدی ئەوانەش دەیان هەزار کرێکاریان بەرەو ململانێ برد لەویش کۆتای بە شکست و نائومێدی هات . هەندێکی کەش باوەڕیان وابوو کرێکاران دەتوانن ئامانجەکانیان لە ڕێگای کاری ئابووری، بێ رووبەرووبونەوە لەگەڵ سوپاو پۆلیس بێتەدی. جارێکی دیکەش هزرەکەیان بوو بە هۆی کۆشانیجەماوەری . ئینگلتەرا لە ١٨٤٢ یەکەم مان گرتنی گشتیلە جیهاندا بە خۆوە بینی کە لەناوچە پیشەسازیەکانی باکور روویدا، تیایدا دەیان هەزارکرێکار بۆ چوار هەفتە مانیان گرت، بەلأم برسیەتی و بێ بەش بوون ناچاری کردن بگەڕێنەوە سەرکار. لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆتای هاتنی یەکەم قۆناغی تێ کۆشانی کرێ کارانی شکست خواردوو، سۆشیالیستخوازی ئەڵمانی (کارل مارکس) هزرەکانی بەتەواوی لە کتێبێکدا بلأو کردەوە بەناوی (مانیفێستی کۆمیونیستی) هزرەکانی لە بۆ شاییدا دروست نەبوو بوون، بەڵکو هەوڵی دا وەلأمی گشت ئەو پرسیارانە بداتەوە کەوا بزووتنەوەی کرێکارانی لەو کاتیدا ورووژاندنی . ئەو هزرانەئێستاش سود بەخشن . گێلییە گەر بڵێین وەك هەندێ کەس دوڵێن. ئەم هزرانە کاتیان بەسەر چووە لەبەر ئەوەیمارکس پێشی ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا نووسیویەتی . لەڕاسنیدا هەموو ئەو بیرۆکانەی مارکسی گەنگەشەی لەسەر دکرد سەبارەت کۆمەڵگە هێشتا زۆر بلأوەن . وەك چۆن شارتییەکان گفتو گۆیان سەبارەت بەهێزی گوزارەیی یان هێزی ماددی دەکرد، سۆشیالیستیەکان ئەمڕۆ گەنگەشە لەسەر ڕێگای پەرلەمانی (یان) ڕێگای شۆڕشگێڕی مارکسی یەکەم کەس نەبوو هەوڵیدا گیرو گرفتەکانی کۆمەڵگە باس بکات . لەو کاتەی ئەو نووسینی دەکرد، داهێنانی نوێ کارگەکاندا سامانێکی یەکجار زۆر کە نەوەی پێشوو خەوەنی پێوە نەدەبینی پەیدا دەکرد

. بۆسە یەکەم جار بوو مرۆڤ ئامرازی بەرگری لە خۆ کردنیدژی کارەساتە سروشتیەکان پەیدا کرد ، کەلەچاخەکانی رابردوو قامچیوەشێنی مرۆڤ بوو .لەگەلّ ئەوەشدا هیچ چاك بونێك لە ژیانی زۆرینەی خەڵك پەیدا نەبوو . بەپێچەوانەوە بەتەواوی ژیانی پیاو ئافرەت و مندالاّن کەلەو کارگە نوێیانەدا کاریان دەکرد خراپتر بوو لە ژیانی باپیرانیان کە لەزەویدا ڕەنجیان دەکێشا .

کرێکارانیان نەمرو نەژی بوو، پێلی بێکاری زۆر فرەوان بوو هەندێکیانی دەخستە خوار ئەو ئاستەش.

لەگەڕەکی هەژارو نەدار و پیسدا حەشاریان دەدان، بیّ هیچ مەرجێکی تەندروستی، ڕووبەڕووی پەتاو نەخۆشی دەبوونەوە . لەبری ئەوەی پێشکەوتنی شارستانی ببێتە هۆی بەختەوەری و خۆش گوزەرانی گشتی، نەهامەتی گەورەتری دروست دەکرد . نەك هەر مارکسی تێبینی ئەوەی کرد بەڵکو زۆر بیر مەندی دیکەش تێبینی ئەوەیان کرد لەو ماوەیەدا — پیاوانی وەك هەردوو هۆنەر — شاعیری ئینگلیزی بەناوبانگ بلیك و شیلی، وەهەردوو فەرەنسی فۆرییێو بردوون و، دووفەیلە سوفی ئەڵمانی (هیگل و فیورباخ) :

هیلگی و فیور باخ ئەو حاڵەتەی نەبوونی کە مرۆڤ خۆی تێدا بینیوە بەزاراوەی (نامۆ بوون) وەسف کرد ئەمەشیان زاراوەیە کە ئێستاش دەیبینینەوە. ئەوەی هیگل و فیورباخ مەبەستیان بوو لە نامۆ بوون ئەو حاڵەتە بووتە پیاو ئافرەتان خۆیان تیادا لەژێر کۆ نترۆڵ و زۆرداری بەردەوامی هۆز گەلێك دەدۆزیەوە کە خۆیان دروستیان کردبوو. هەرچەند کۆمەڵگە پێشکەوتایە، خەڵك زیاتر نەهامەتیو (نامۆ بوون) یان زێتر دەبوو.

مارکس لەنووسینەکانی بەراییدا هزری نامۆ بوونی پەسند کردو بە ڕوانگەوە روانیە ئەوانەیسامانی کۆمەڵگە دروست دەکەن کرێکار لە زێدە بوونی ئەو سامانەی بەرهەمی دێت هەژار نزدەبێت، زێدەبوو بەرهەمەکەی

لەرووی جۆرو هێزەوە .. لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەهاو نرخی جیهانی شتان بەشێوەیەکی راستەوانە بەهای جیهانی مرۆڤ کەم دەبێتەوە .. ئەو شتەی کە کار پەیدا یدەکات وەك شتێکی نامۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وەك هێزێکی سەربەخۆ لەبەرهەمهێن..

لەسەردەمی مارکس ڕوانگەی هەرەباو بۆ تێگەیشتنی گیرو گرفتەکانی کۆمەڵگە هێشتا ڕوانگەی ئایینی بوو.

دەوترا نەهامەتییەکان دەگەڕێنەوە بۆ پەك کەوتنی خەڵك و ناتەوانیان لەپەیرەو کردنی ڕێنوێنییەکانی خودا. گەر هەموومان واز لەهەڵە گەورەکە بێنین هەموو شتێك چاك دەبێتەوە.زۆر جاران رایهاو شێوە ئێستاش دەبیستینەوە، هەرچەندە شێوەیەکی ئایینی بەخۆوە ناگرێت.

هەرلەو قسەیەدا کە دەڵێت : تۆ گەر بتەوێت کۆمەڵگە بگۆڕیت پێویستە سەرەتا خۆت بگۆریت گەر پیاو ئافرەتان هەموو تاکە کەسێك خۆپاك ڕاگرن لە خۆویستی

یان مایە خوازی (هەندێ جار نەرێ و بێ باکانە) کۆمەڵگە یەکسەر باشتر دەبێت.

ڕایەکی نزیك لەم ڕایە سەبارەت نەك گۆڕانی هەموو تاکەکان، بەڵکو تەنیا هەندێکیان – ئەوانەی دەسەڵاتدارن لە کۆمەڵگەدا . بیرۆکەکە لەوە دابوو کە دەوڵەمەند و بەهێزەکان (فەرمانداری هۆش) ببینن . یەکێك لەو سۆشیالیستی خوازانەی بەریتانی، (ڕۆبرت ئۆین، هەوڵی دا پیاوانی پیشەسازی کار (خاوەن کارگەکان) بەوە ڕازی بکات کەوا بەسۆزتر بن بەرامبەر کرێکارەکانیان هەمان هزر ئەمرۆش هێشتا زاڵە لە نێو ڕیزەی سەرکردە کانی پارتە چاکسازییەکانی وەك پارتی کرێکارانی بەریتانی – باڵی چەپیشی لەگەڵدا.بروانە چۆن هەمیشە تاوانەکانی خاوەن کارەکان بە (هەڵە) ناودەبەن، وەك ئەوەی هەندێ بەڵگەو مەهانە دەکرێ خاوەن کارەکان رازی بکات چەنگی پۆڵا یینیان لەسەر کۆمەڵگە

سووك بكەن ماركس هەموو ئەو ڕايانەی بەگ (نموونايەتی) دانە لەبەر ئەوە نەبوو كەوا ئەو دژی ئەوەبێت خەڵك (نموونە) يان هزر گە لێكيان هەبێت، بەڵكو لەبەر ئەوەی ئەم ڕايانە بۆ ئەوە دەچوون كەوا هزر دوورەلە مەرجە مادديیەكانی كە خەڵك تيايدا لەسێبەريی دا دەژين .

دیارە هزر گەلی خەڵك بە توندی پەيوەندی بە جۆری ژيانی خەڵكەكە هەيە . بۆ نموونە (خۆ خوازی)

كۆمەڵگەی ئەمڕۆ خۆ خوازی پەيدا دەكات — هەتا لە نێوان ئەو خەڵكانەشدا كە هەميشە هەوڵدەدەن خەڵكانی ديكە جگە لەخۆيان پێش خۆيان بخەن ئەو كرێكارەی كە دەيەوێت باشترين شت كە هەيەتی بۆ منداڵەكانی پێشكەش بكات، يان بۆ ئەوەی شتێك بۆ دايك و باوكی دابين بكات لەتەك گوزەرانيان، دەبينێت تاكە ڕێگای بەردەمی ململانێی بەردەوامە دژی كەسانی ديكە– لە ڕێگەی پۆستێكی وەزيفەيەكی باشتر، يان بۆ كرێی زياتر، يان بۆ يەوەی لە پێشەوە بێت ڕيزی يارمەتی بێكاران وەرگرتندا. لە كۆمەڵگەيەكی ئاوا ناكرێ واز لە خۆ خوازی — انانيە بهێندرێت يان چاو چنۆكی تەنيا لە ڕێگای گۆرينی هۆشی تاكەكەسان . دەشێ ئاخاوتن سەبارەت بە گۆڕينی كۆمەڵگە لە ڕێگای گۆڕينی هزر گەلی (خەڵكانی چلە پۆپە) لەوەش گێليتر بێت . گريمان سەركەوتيت لە دەست خستنی لاگری خاوەن كارێكی گەورە بۆ هزرە سۆشياليستەكان و وازی لە چەوساندنەوەی كرێكاران هێنا ئەوەی ڕوو دەدات هەرئەوەيە كەوا لەهاو چاوی و هاوڕكێ كردنی خاوەن كارەكانی ديكە دە دۆڕێنێت و وای لێ دەكات لە بازاڕ بچێتە دەرەوە . هەتا بەگوێرەی ئەوانەی حوكمڕانی كۆمەڵگە دەكەن، گرنگ هزرە كانيان نييە، بەڵكو بنياتی كۆمەڵگەی كە ئەم هزرانەيان تيادا هەيە. ئەم خاڵە بەجۆرێكی دەخەينە ڕوو . ئەگەر هزرەكان كۆمەڵگە بگۆڕن، ئايا هزرەكان لەكوێوە دێن ؟

ئێمە لە جۆرە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەژین . هزر گەلی کەلە ئارادایە لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و سیتەمی فێرکردن و پەروەردە بەرگری لەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەکات . ئایا تاکەکەسان چۆن دەتوانن هزر گەلی تەواو جیاواز پەرەپێ بدەن چلەبەر ئەوەی شارەزایی ڕۆژانەیان دژی هزرە ڕەسمییەکەی کۆمەڵگەیە.

بۆ نموونە ناتوانین هۆیەکانی ئەم بوونەوەی ئاییندارانی ئەمڕۆ ڕاڤە بکەیت بەبەراورد لەگەڵ سەد ساڵ پێش ئێستا تەنیابە هۆکاری سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی خوانەناسی . پێویستە بزانین خەڵك بۆچ گوێ دەداتە هزرە خوانەناسییەکان، بەشێوەیەك کەپێشی سەد ساڵ وانەبوو بەهەمان شێوە گەر ویستت لەکاریگەری (پیاوە مەزنەکان) بگەیت، پێویستە لەسەرت بزانین کەسانیدیکە بۆچ رازین بەدوایان بکەون و پەیڕەویان بکەن . ئەوەندە بەس نییە بڵێیت ناپلیۆن یان لینین مێژوویان گۆڕی، بەبێ ئەوەی تێبگەین بگەین بۆچ ملیۆنان کەسی ڕازی بوون ئەوەی پێشنیاریان دەکرد ئەوان وابکەن . لەدواکایە ئەوان خەڵکیان موگناتیسیا نەخەواندبوو . شتێك لەژیانی کۆمەڵگەدا لە کاتێکی دیاریکراو دا خەڵکی هاندا واهەست بکەن کەوا ئەوەی پێشنیاریان کرد بوو راست دەرچوو . دەتوانیت لەوە بگەیت کە چۆن هزر کۆمەڵگە دەگۆڕێت تەنیا ئەگەر لەوە بگەیت ئەم هزرانە لەکوێوە دێن و بۆچ خەڵك پێیان ڕازییە ئەوەشیان واتای وایە پێویستە دوورتر لە هزرەکان بڕوانین، بروانینە باروودۆخی مایەکی ئەو کۆمەڵگەی کە هزرەکانی تیادا پەیدا دەبن . لەبەر ئەوە بوو مارکسی مکور بوو سەبارەت گۆتە (صمقۆلە) کەی : وشیار بوونی کۆمەلآیەتی دیارناکات، بەڵکو بوونی کۆمەلآیەتییەکەوا وشیاری دیار دەکات.

# دەرووی دووەم

## لە مێژوو گەیشتن

هزری ڕەها بەتەنیا کۆمەڵگە ناگۆڕێت . ئەو ڕاستیە یەکێك بوو لەو پەندانەی مارکسی پێیگەیشت. وەك ژمارەیەك هزر مەندی دیکەی پێش خۆی مارکسی مکوڕبوو لەسەر ئەوەی کەوا بۆ ئەوەی لە مێژوو بگەین پێویستە مرۆڤ وەك بەشێك لە جیهانی مایەکی بژمێرین . ڕەمتاری مرۆڤ بەهێزی مایەکی دیاری دەکرێت وەك هەر ڕەفتارێکی بوونەوەرە سروشتیەکانی دیکە . لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆیی بەشێك بوو لەلێکۆڵینەوەی زانستی جیهانی زیندوو . ئەو بیر مەندانەی خاوەن ئەم گۆشەنیگایانە بوون بەمایە خوازان — ماتر پالیستەکان ناسران .مارکسی مایەکییەتی بەهەنگاوێکی مەژنی دا بۆ بەرەو پێشەوە بەبەراورد لەگەڵ بۆ چوونە ئایینی و نموونایەتیەکانی دیکەی مێژوو . ئەوە شیان واتای وایە دەتوانین بەشێوەیەکی زانستی گفتوگۆ سەبارەت بەگۆڕانی بارو دۆخی کۆمەڵگە بکەیت و لەوەدا جارێکی دیکە پشت بەنوێژکردن بۆ خودایان ( گۆڕانی گیانی) خەڵك نابەستیت.

گۆڕینی نموونایەتی بەمایەخوازەتی واتە گۆڕینەوەی وڕێنەبەزانست . لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕاڤە مایە کیەکان بۆ ڕەفتاری مرۆڤ دروست نین . وەك چۆن چەندان تیۆری زانستی هەڵە هەبوون لە بایۆلۆژیایان کیمیایان فیزیا، هەربەم شێوەیە هەوڵی هەڵە هەبوون لە پەرەدان بەتیۆرییە زانستیەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە . لێرەدا هەندێ نموونەی دێنینەوە: لەهزرە مایەکییەکانی نا مارکسی باودا هەیەدەڵێت مرۆڤ هەروەك ئاژەڵ وان بەشێوەیەکی سروشتی ڕفتار دەکەن لەهەندێ شتی تایبەتیدا.

وەك چۆن كوشتن لە سروشتی ڕێوی دایە یان ملكەچی لە سروشتی مەڕان دایە، ئەوا دوژمنكاری و سەپاندن و هاوڕكی وچاو چنۆكی لە سروشتی مرۆڤ دایە، لەوەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگرییەی كەوا بڵێیە ئافرەتان بەسروشتیان فێڵكار و ملكەچ و كەسانی دیكە لەبەر چاو دەگرن و نەرێیەكین.

باشترین ڕا سەبارەت ئەوەی ڕابردوو لەكتێبی (مەیمونی ڕووت دادەبینیتەوە پوختەی ئەم هزرانە ئەوەیە، ئەوانە كاردانەوەی جیاجیان بەرامبەر ڕاو بۆ چوونی دیكە . گەر مرۆڤ بەسروشت شەڕخواز بێت، ئاكامەكەی كەواتە هیچ لۆ جێكێك نییە لەهەوڵدان بۆ پەرەدان بەكۆمەڵگە . بارودۆخەكە هیچ ناگۆڕێت، شۆڕشەكان هەمیشە شكست دێنن .

لەڕاستیدا، دەبینین سروشتی مرۆڤ لە كۆمەڵگەیەك تاكۆمڵگەیەكی دیكە دەگۆڕێت . بۆ نموونە هاوچاوی كەشتێكی بەڵگە نەویستە لە كۆمەڵگەی ئێمە، لەزۆر كۆمەڵگەی پێشوودا نەبووە. زانایان هەوڵیان دا ئەزموونی زیرەكی بكەن بۆ دەستەیەك لەهیندییەكان ناوی سیوكس بوو، بینیان هیندییەكان لەوە نەدەگەیشتن كە بۆچ نابێت یاریدەی یەكتر بدەن لە زانینی وەڵامی پرسیارەكان . ئەو كۆمەڵگەیەی تیایدا ژیابوون بەهای سەرەكی هاوكاری و یاریدەدانی یەكتر بوو نەك هاوچاوی و ڕكابەری یەكتر.سەبارەت بەبیرۆكەی دوژمنكاریش هەروا. ئاسكیمۆ كە ئەو روپیەكانیان بۆ یەكەمجار بینی لە واتای (جەنگ) نەدەگەیشتن . هزری لەناو بردنی كۆمەڵە مرۆڤێك لەلایەن كۆمەڵە مرۆڤێكی دیكە لای ئەسكیمۆكان هزرێكی شێتانە بوو.

لە كۆمەڵگەی ئێمەدا (سرەوشتی)یە باوكان مندالأنیان خۆش بوێت و بیان پارێزن لەگەڵ ئەوەدا دەبینین لە شاری ئیسبرتای گریكی كۆندا شتێكی ( سروشتی) بوو كەوا باوكان مندالأنیان لە چیاكاندا بە تەنیا جێهێشتبا بۆئەوەی بزانن تاچەند دەتوانن خۆڕاگر بن لەبارودۆخی زۆر سارد دا.

بەم شێوەیە  بیرۆکەی (سروشتی مرۆیی نەگۆڕ) هیچ ڕاڤەیەك بۆ ڕووداوە گرنگەکانی میسر، جوانی یۆنانی کۆن، ئیمپراتۆرییەکانی ڕۆما یان ئینکاس، یان شارستانیەتی پیشەسازی نوێ، هەمووی دەخرێتە هەمان پلە  لەگەڵ جوتیارە هەژارەکانی کەوا لەچاخە تاریکەکاندا لە زنجە قوڕینەکاندا دەژیان . تاکەشتی گرنگ لەم تیۆرییەدا (مەیموونی روونە) — نەك شارستانیەتی مەزنی کەئەم مەیموونە دایمەزراندووە. هەروەها هەندێ لەشێوەکانی کە کۆمەڵگەی کە سەرکەوت لە ناندانی ئەوە (مەیموونە) دانی پێنەنراوە، کەچی دان بە کۆمەڵگەی دیکە دەنرێت کەواز لەملیۆنان مرۆڤ دێنێت لەبرسان بمرن . لەلایەکی دیکە، زۆرکەسی تیۆرییەکی دیکەی مایە خوازی پەسند دەکەن، کە دووپاتی ڕێبازی هەرەباش و نموونەیی شیاو دەکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ . وەك چۆن ڕاهاتن  وادەکات ئاژەڵان لە سێرکدا  یان لە دارستاندا ڕەفتاریان بگۆڕن — وەلەلاگرانی ئەم ڕایە دەڵێن . بەهەمان شێوە ڕەوشتی مرۆڤ بەو ڕێبازە دەگۆڕێت .

گەر کەسانی لەبارو لێهاتوو جڵەو کاروباریان گرتە دەست لە کۆمەڵگەدا، وەك دەڵێن (سروشتی مرۆڤ) دەکرێ بگۆڕدرێت  ئەم گۆشە نیگایە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە لەچاو تیۆری (مەیموونی ڕووت)، بەڵام لە ڕاڤە کردنی گۆڕانی کۆمەڵگە بەگشتی سەرکەوتوونییە.

ئەگەر هاتوو هەمووکەسێك ئەمڕۆ بەتەواوی گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگەکەی، کەواتە تاکە کەسێك چۆن دەتوانێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکەی بەرزتربێتە وە بۆ ئەوەی بتوانێت چۆنەتی گۆڕینی میکانیزمی ئەم خۆ گونجاندنە ببینێت ج

ئایا بۆ نموونە کەمینەیەکی هەڵبژێردراو هەن لەخواوە خاوەن بەرگەی تەواون دژی گوشارەکانی کۆنترۆڵی مرۆیەکانی دیکە دەکات ج ئەگەر هەموومان ئاژەڵانی سێرك بین، ئایا کێ دەبێتە ڕاهێنەری شێرەکان، ئەوانەی

باوەڕیان بەم تیۆرییە هەیە دەگەنە ئەو ئاکامەی بڵێن کۆمەڵگە ناگۆڕدرێت لەوەك ئەوانەی خاوەن تیۆری (مەیموونی ڕووت) ن یان باوەڕیان وایە گۆڕان لەڕێگای شتێکەوە ڕوودەدات لەدە رەوەی بازنەی کۆمەڵگە – وەك خودا، (پیاوی مەزن) یان بەهێزی هزری کەسان . کەواتە (مایەخواز ییەیان) ڕێ بە نموونایەتییەکی دیکە دەدات لەدەرگای پشتەوە بێتەوە ژووری وەك مارکسی ئامارژەی پێدا، ئەم باوەرە دەکێشێتەوە سەر دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ دوو تیم یەکێکیان موتریان بالا دەست بەتواناترە. ئەم گۆشە نیگایە (مایەکیمیەتییە) تەنیا کاردانەوەیەکە . لاگرێکی بەناوبانگی ئەم ڕایە ئەمڕۆ دەروونزانی ئەمریکی بەناوبانگ (سکینر) ە سکینر، دەیەوێت خەڵك خۆ بگونجێنن بە شێوەیەك بەشێوازی دیارهەلس و کەوت بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بەرهەمی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمریکییە، ڕێگاکانی (گونجان) ی کە پەیڕەوی دەکات واتە هەوڵدان بۆ گونجان و ڕاهاتنی خەڵك لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە . ڕایەکی دیکەی مایەکییەتی هەیە هەموونە نەهەمەتییەکانی کە لەجیهاندا هەیە دەخاتە ئەستۆی گوشاری دانیشتوانەکی (ئاسایی ئەم ڕایە ناوی – مالتوس– لێ دەندرێت، کەبەناوی زانای ئابوور یزانی بەریتانی بەناوبانگ مالتوس کەلە سەدەی هەژدەدا ژیاو یەکەم کەس بوو ئەم تیۆرییەی دانا . بەڵام ئەم ڕایە ناتوانێت ئەوە ڕاڤەبکات کەوا بۆچ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زێدەی گەنمەشامی خۆی دەسوتێنێت کەچی زۆران لەهیندستان لە برسان دەمرن. هەروەها ناتوانێت ئەوە ڕاڤە بکات بۆچ لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشی ١٥٠ ساڵ نەیان دەتوانی خۆراکی ١٠ ملیۆن کەس دابین بکەن، کەچی ئەمڕۆ خۆراکیان ئەوەندە زۆرە بایی نياندانی ٢٠٠ ملیۆن کەسە. ئەم تیۆییەرە ئەوە لەیاد دەکات کەوا زێدەبوونی هەر زارێك پێویستی بەخۆراك بێت هەر ئەویش مرۆڤێکی دیکەیە دەتوانێت کاربکات و بەرهەم بێنێت. مارکسی ئامارژەی بەهەموو ئەم ڕاڤە هەڵانە کردووتی ئەوانە

شێوەی جیاجیای مایەکییەتی (میکانیکی) یان (سەرەتایین) . هەموویان ئەوە لەیاد دەکەن کەوا مرۆڤ لەو کاتەیدا وەك بەشێك لە جیهانی مایەکیدا دەژین، لەهەمان کات کەسی کاریگەرن توانای گۆڕینی ئەم جیهانەیان هەیە . ڕاڤە مایەکییەتی بۆ مێژوو دەکرێ مرۆڤ لە ئاژەڵ بە وشیاری، ئایین یا هەرشتێکی دیکە جیا بکرێتەوەکە ئارەزووتە . بەلاَم ئەوان خۆیان لەئاژەلاَن جیا دەکەنەوە هەر لەگەڵ دەستکردنیان بەبەرهەم هێنانی ئامرازەکانی گوزەران — واتە خۆراك و خانوو جل و بەرگ یان . بەم چەند وشەیە مارکسی هەر لەسەرەتاوە خاڵی بنچینەیی دیاری کرد کەوا ڕاڤەی ئەو بۆ چۆنەتی گۆڕانی کۆمەڵگە دیار دەکات . مرۆڤ ئاژەڵ گەلێکن لە بوونەوەی دیکەی وەك مەیموون پەرەیان سەندووەو گۆڕاون . وەك ئاژەلاَنی دیکە یەکەم شتی کە پێیەوە خەریکین پەیداکردنی خۆراك و پاراستنی خۆیانە لەکەش و هەوا. ئەم ڕێبازەی ئاژەلاَنی دیکە دەیگرنەبەر بەئەنجامدانی ئەم ئەرکە پشت بە ماوەییان دەبەستێت . بنیاتی بایۆلۆجی بۆ ماوەییان دەبەستێت . گورگ لە ڕێگا ڕاودوونان و کوشتنی نێچیرەکەی بەو ڕێگایانەی خۆڕسکە بایۆلۆژییە بۆ ماوەییەکان دیاری دەکەن ئەو کارەدەکات بۆ مانەوە لە ژیاندا . لەشەوی ساردی زستانیشدا بەو تووکە گەرمەی کە داییپۆشیوە خۆی دەپارێزێت . هەروەها بێچووەکانی بەڕێگا ڕەفتارە بۆ ماوەییەکان گەورە دەکات . کەچی ژیانی مرۆڤ وەستاو ووشك نییە یان بەو ڕێگایە دیاری نەکراوە. ئەو مرۆڤەی نزیکەی ١،٠٠٠،٠٠٠ یان ٣٠،٠٠٠ ساڵە لە جیهاندا دێت و دەچێت ژیانێکی تەواو لە ژیانی ئەمڕۆ ژیاون . لە زنخ و ژێرزەوی ژیاون، دەفری پاراستنی خۆراك یان ئاو یان نەبووە، بۆخۆراك و پشتیان بە تۆو کۆ کۆکردنەوە، یان بەرد گرتنە ئاژەڵە کیوی دابین کردووە. هەروەها ئەوان نەیان دەزانی بنووسن یان ژمارەی زیاتر لەپەنجەکانی دەستیان زیاتر بژمێرن . هیچ زانیاریەکیان نەبوە سەبارەت ئەوەی هاوسێ نزیکەکانیان دەیکەن یان باوك و باپیرانیان کردوویانە پێش ئەوان . لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی

لەشیان هەر لە ١٠٠،٠٠٠ ساڵەوە وەك شێوەی مرۆڤی هاوچاخ وابوو، بە تەواوی وەك ئەوەی ئێستا وابوو هەر لە ٣٠،٠٠٠ ساڵەوە. گەر پیاوی ئەشکەوت نشیە بێنیت و بیشۆریت و ردێنی و پرچی بتاشیت وچاکەت و پانتۆڵێکی لەبەر بکەیت و وای لێ بکەیت لە شەقامدا بڕوات، کەی نازانێت ئەو کەسەیان جیایە. وەك چۆن زانای کۆلیینکاریەکان گوردن چایلد تێبینی کردووە : پەیکەرەکانی باپیرانمان سەر بەقۆناخی دوایی چاخی بەفرینە .. هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی پەیکەری مرۆیی لە تۆمارگە جیۆلۆجیەکاندا، گۆڕانی تەنی مرۆڤ لەخاڵێکدا وەستاوە لەگەڵ ئەوەی گۆڕانی ژیاری (شارستانی) لەسەرەتاکاندا بووە !!.

سەبارەت بەهەمان بیرۆکە، زانای کۆڵنیکار یزانی (لیکی) دەڵێت : ئەو جیاوازییە جەستەییەی لە نێوان مرۆڤی هەردوو ژیاوەی ئوریجناسیان و ماجد لینیان (لە ٢٥٠٠٠ – ساڵەوە) لەلایەك و، مرۆڤی ئەمڕۆلەلایەکی دیکە جیاوازی لابەلان، کەچی دەبینین جیاوازی شارستنانی (ژیاری) ی نێوانیان یەکجار زۆرە. وشەی ژیاری لای ئەو کۆڵینزانە واتای وایە : ئەو شتانەی کە پیاو ژن فێری دەبن و یەکتری فێر دەکەن وەك (جل و بەرگ دروین بە نموونە لە خوری یان موو، چۆنەتی دروست کردنی دەفری گڵینە، چۆنیەتی ئاگر کردنەوە بۆ چێشت لێنان، چۆنیەتی دروست کردنیخانوو ... هتد بەبەراورد بەوشتانەی کە ئاژەڵ بەخۆڕسك دەیزانێت .

ژیانی مرۆڤ بەرایی بەتەواوی لە ژیانی ئاژەلأنی دیکە جیاوازە . مرۆڤی بەرایی دەیتوانیماکە تایبەتییەکانی جەستەیی تایبەت بە مرۆڤ بەکاربێنێت – وەك مێشکی گەورە، چوار پەل کە دەتوانێت شتی پێبگرێت – بۆ ئەوەی سروشتی دەورو بەری پێ بگۆڕێت و بەپێی پێداویستییەکانی بەکاری بێنێت . ئەوەشیان واتای وایە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ ئەو چەندەزۆرەی باروو دۆخە

جیاوازەی دەورو بەری خۆی بگونجینێت وبەبیٚ هیچ گۆڕان لە بنیاتی جەستەییەکەی .

مرۆڤ هەرتەنیا کاردانەوەی نییە بەرامبەر دەوروبەری، بەڵکو دەست پێشخەری هەیەو کار دەکات لە ژینگەکەیداو بەپێی ویستی خۆی دەیگۆڕێت .

لەسەرەتادا، مرۆڤ دارو بەردی بەکار هێناوە بۆ هەڵمەتکردنە سەر دڕندەکان، ئاگری هەڵگیرساند بۆ دابینکردنی گەرمی و ڕووناکی، خۆی بەپەلکی دارو دەوەن و پیستەی ئاژەڵاَن دا پۆشی . لەماوەیدەیان هەزار سالٚ، مرۆڤ فێربوو بەخۆی ئاگر بکاتەوە بەرتیژو ڕێك بخات بەجۆری دیکەی،لە کۆتاییدا فێر بوو دانەوێڵە بچێنێت و خۆراکی خۆی دابین بکات و دابیکات لەدەفری گلێنەو فێربوو ئاژەلٚ بەخێو بکات و دابیکات لە هەرلە ٥٠٠٠ سالٚ لە مێژووی مرۆڤایەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ نیو ملیۆن ساڵی ڕابردوو، مرۆڤ فێری نهێنی گۆڕینی کانزای خاو بوو بۆ کانزایەك بەکار بێت بۆ دروست کردنی ئامێرانی کە بکریٚ پشتیان پیٚ ببەسترێت وەك چەرکی کاریگەر . هەموو ئەو گۆرانانەش کاریگەری کاریگەری گەورەیان هەبوو نەك هەر بۆ ئاسان کردنی ژیانی مرۆڤ بۆ خۆراك و جل و بەرگ دابین کردن.

هەروەها لە گۆرینی سیستەمی ژیانیمرۆڤ خۆیشی. هەر لەسەرەتاوە، ژیانی مرۆڤ بەکۆمەلٚ بووە.

مرۆڤ توانی دڕندەکان بکوژێت، لە ڕێگای کاری بەکۆمەڵی ژمارەیەك کەس، هەروەها لەکۆکردنەوەی خۆراك و ئاگر داگیرساندن . مرۆڤ دەبا هاوکاری یەکتر بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن . ئەم یارمەتی دانە بەردەوامە وای کرد مرۆڤ لەگەلٚ یەك بکەونە قۆناخی گەیاندن بەدەنگ ، چەند دەنگ گێکی دیاری کراو، کە دواترو پلە پلە بوو بەهۆی دروست بوونی زمانی . لەسەرەتادا کۆمەڵەکان بچووك و سادە بوون . بەروبوومی سروشت کەم بوو یاریدەی مانەوەی

کۆمەڵەی گەورەی مرۆڤی نەدەدا لە ژیان بەردەوام بن و لە تەندروستی باش دابن، مەگەر ژمارەیەکی کەم نەبێت.

ئەرکی هەرە گەورە بۆ کارە سەرەکییەکان بوو بۆبەرهەم هێنانی خۆراك، لەبەر ئەوە، هەمووان هەمان کاریان دەکردو لەهەمان جۆرە گوزەران دەژیان بێ هیچ ئامرازێك بۆ داکردنیخۆراك خاوەنێتی تایبەتی نەبووە یان دابەشینی جینایەتی هەروەها هیچ دەسکەوتی تالآن و پاشماکی جەنگ لە ئازادا نەبووبێتە هاندەر بۆ جەنگ . هەتا چەندان ساڵی ڕابردوو، سەدان کۆمەڵگەی جیاجیا لە جیهاندا هەبوو بەهەمان شێوە دەژیان – بۆ نموونە – هەندێ هۆزەکانی هیندییەکان لە باکوورو خوارووی ئەمەریکا، هەندێ لە دانیشتوانی ئەفەریقیاو زەریای ئارام، لەنێو ئورومییەکانی ئوسترالیاش . واتای وانییە ئەو مرۆڤانە ئێمە لەوان زیرەکترین یان (هۆشمەندییان سەرەتاییە).

دانیشتوانی ئوسترالیای ڕەسەن ئورومییەکان – دەبوایە هەزاران رووەك بناسن و ڕەفتاری زۆر جۆرە ئاژەڵ بزانن بۆ ئەوەی بتوانن بژین . زانای ئەنترۆپولۆژفیرس بەم شێوەیە باسیان دەکات خێڵە کییەکانی ئوسترالیا. ڕەفتارو نیشانەو جیاوازی وەرزەکان لای ئاژەلآنی کە دەخورێن دەزانن، هەروەها چۆنەتی پەروەردەکردنیان، سەرەڕای زانینی پێویست سەبارەت بە ماسی و باڵندەکانی ڕاویان دەکەن. ئەوان تایبەتییەکانی دەرەوەو هەندێکی ناوەخۆی کەڤرو بەردو مۆم و کەتیرە و ڕووەکەکان و تەیمانەو گەۋ (الحاأ) ی دار، دەزانن چۆن ئاگر بکەنەوە، دەزانن چۆن گەرمی بەکار بێنن بۆ کەم کردنەوەی ژان و داخستنی خۆراك گەنی بوون، هەروەها دەتوانن ئاگرو گەرمی بەکار بینن بۆ پتەو کردنی هەندێ دارو نەرم کردنی هەندێکی دیکە شتێکە سەبارەت بەدوا یەك هاتنی ماوەی مانگ، و جووڵەی بەرزاوو نزماو، خولانەوەی هەسارەکان، بەدوایەکدا هاتنی کاتە وەرزەکان . توانیان لەگۆڕانی کەش و هەواو سیستەمی بابگەن، لە تایبەتمەندی سالآنەی شێ و گەرمی و فراژوو

بوونی زیندەوەرە سروشتییەکان گەیشتن سەرباری ئەوەش، ئەو ئاژەڵانەی دەیان کوژن باش بەکاریان دێننتن

بۆ خۆراك بەشێوەیەکی زیرەکانەو ئابوریانا پێستەی کەنغەر دەخۆن ئێسکی پێکانی بەکار دێنن لە دروست کردنی ئامێرو وەك بسمار بەکاریان دێنان، ڕەگەکان بەستنی ڕمەکانیان بەکار دەهێنا، چڕ نووکەکانیشیان بەکار دێنن بۆ بازن بەمۆم و تەیمانە، دواتر ڕۆن و کەتیرەی سوور تێکەڵ دەکەن بۆ دروست کردنی هاردراوی تایبەت،

خوێن و ڕەژووی تێکەڵ دەکەن بۆ بۆیە دروست کردن . هەندێ زانیاریان هەیە سەبارەت بەمیکانیکا، بمرنگ یان پارچە داری چەماوە و لوولدراو دروست دەکەن کەچەندان جار لوولی دەن تاچەمانەوەی پێویست دروست بێت.لە ئێمە (کارامە) تربوون لە ڕەفتار کردن لەگەڵ گیروگرفتەکانی کێشەی مانەوە لە بیابانی ئوسترالی . ئەوەی فێری نەبوون ئەوەبوو چۆن تۆو بچێنن بۆ ئەوەی خۆراك بۆ خۆیان دابین بکەن.

ئەو شتەش باپیرانمان تەنیا ٥٠٠٠ ساڵە فێربوونە، دوای ئەوەی زیاتر لەسەدان جار ئەوەندە ساڵە لەسەر ڕووی زەوی ژیاون . پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای بەرهەم هێنانی سامان – ئامرازەکانی گوزەرانی مرۆڤ . شێوەی نوێی هاوکاری نێوان مرۆیان دروست کردووە، واتە پەیوەندی نوێی کۆمەڵایەتی . بۆ نموونە مرۆڤ کەلەسەرەتاوە فێری چاندنی خۆراکیان بووە (تۆوی دانەوێڵە و پەروەردەکردنی ئاژەڵ) و داکردنی خۆراك (لە دەفری گڵینە) دا، ئەوەیان بە شۆڕشێکی تەواو لە ژیانی کۆمەڵایەتی داندرا.

زانایانی کۆڵینکاری بە (شۆڕشی چاخی بەردین) ناوی دەبەن . پێویست بوو مرۆڤ هاوکاری یەکدی بکەن بۆ ئەوەی زەوی بکێڵن و خۆراك بدوورنەوە، ڕاوی ئاژەڵان بکەن .بەچ شێوەیەك توانیان بەژمارەی زۆر گەورە بەیەکەوە بژین و خۆراکیان ئەمبار بکەن و کاڵا کانیان لەگەڵ کۆمەڵە مرۆی دیکە ئاڵو گۆڕ

بکەن. بەم جۆرە، لە تواناادا بوو شارەکانی بەرایی پەرە بسەنن . بۆ یەکەم جار، شیاوی بەیەکەوە ژیانی هەندێ کەس فەراهەبوو بێ ئەوەی تەنیا ئەرکیان بەرهەم هێنانی خۆراك بێت : هەندێ کەس تەرخان بوون بۆ دروست کردنی دەفری گڵینە، هەندێکی دیکە لەدروستکردنی کانزایی دواتر لەو کانزایانە ئامێرو چەکیان دروست کرد، هەندێك تەرخان بوون بۆ کارو باری کارگێڕی بەرایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نشینگە کە بەگەشتی .

لەوەش گرنگتر ئەوە بوو زێدە خۆراك هاندەری جەنگی دروست کرد . مرۆڤ چەندان ڕێگای دیکەیان دۆزیەوە بۆ ڕەفتار کردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان، یان ڕامکردنی سروشت بۆ هێنانەدی پێداویستیەکانیان . لەم پرۆسەیەداو بێ ئەوەی مەبەستیان بێت، ئەو کۆمەڵگەیە یان پەرەپێدا، مارکی ئەم پرۆسەیە واباسی دەکات : هۆکارەکانی بەرهەمهێنان (پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی) گۆڕی، لەو ڕێگایەوەش هەموو کۆمەڵگەی گۆڕی.

زۆر نموونەی نوێ هەن . لە نزیکەی ٣٠٠ ساڵی ڕابردودا، زۆربەی دانیشتوانەکان لە وڵاتدا لەسەر بەرهەمی زەوی دەژیان، خۆراك بەهۆی ئامێری نیمچە پێشکەوتوو بەرهەم دەهات بۆ چەندان سەدە .

هەرلەبەر ئەوەش ئاسۆی بیرکردنەوەیان سنووردار بوو بەسنووری ڕێگەیان و چەکەکانیان زۆر کاریگەری کلێسەی بەسەرەوە بوو . زۆربەی خەڵك پێویستیان بە خوێندنەوە یان نووسین نەبوو هەر فێری نەبوون . دواتر ئەوا ٢٠٠ ساڵە، پیشەسازی لە گۆڕان و پێشکەوتندایە . دەیان هەزار کرێکار لەکارگەکان ئیش دەکەن بەم شێوەیە،

گۆڕانێکی گەورە لەژیانیاندا ڕوویدا . ئەو خەڵکە، ئێستا لەشارە گەورەکاندا دەژین نەك لە دێیە بچووکەکەیان پێویستیان بەفێر بوونی زۆر کارامەیی هەیە، باپیرانیان هەر خەو نیشیان پێوە نەدەبینی، بەخوێندن و نووسینەوەش . دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و پاپۆڕی هەڵمی وای کرد

بوار بڕەخسێت بۆگەشت کردن لە نیوە گۆی زەویدا. لەسێبەری ئەم گۆڕانکاریانەدا هزرە کۆنەکانی کەلە قەشەکان فێر بوو بوون بەکەڵکیان نەدەهات . شۆڕش ماددی لە بەرهمهێنان شۆڕشێکی لە شێوازی ژیان و هزرەکانی باوەڕ یان پێهەبووە بەرپاکردن هێشتا لەو جۆرە گۆڕانکاریانەی کە کارلە ژیانی مرۆڤ دەکات هەن . بۆنموونە بڕوانە ئەو شێوازەی ئەو کەسانەی کە سانەی پێ کۆ دەکرێنەوە لە دێهاتەکانی بەنگلادیش یان تورکیا بۆ کارگەکان لە ئینگلتەرایان ئەڵمانیا بۆ کارکردن. بڕوانە چۆن زۆرانیان دەبینین دابو نەریتە کۆنەکانیان ڕووکارەکانیان سوودیان نییە بۆ یان . یان بڕوانە ٥٠ ساڵی ڕابردوو ڕێبازی کە ئافرەتان لەسەری ڕاهاتوون لەکار کردن لە دەرەوەی ماڵ و چۆن گۆڕانە یارمەتیدان بۆ بەرەنگار بوونەوەی هزرە کۆنەکانی ئەوانی کرد بەموڵکی (کۆیلەی) مێردەکانیان.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەکاری مرۆڤ لەگەڵ یەکدا ڕوودەدات بۆ بەرمهێنانی خۆراك و پۆشاك و خانووی لەخۆیان دەگرێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو شێوازەی کۆمەڵگە ڕێك دەخات و ڕووکاری خەڵکەکە. ئەوەیان نهێنی گۆڕانی کۆمەلأیەتییە – گۆڕانی مێژوو – ئەوشیان زۆر لە بیرمەندان پێش مارکسی تێینە گەیشتوون (زۆرانیش دوای دەرکەوتنی تیۆرییەکەی) وەك تۆباو ییەو مایەکییەتی میکانییکی خوازەکان . تۆ باوییەکان (ئەندێشە خوازەکان) بۆ ئەوە چوونکەوا گۆڕانێك هەیە – بەلأم وتیان لە ئاسمانەوە دێت . مایەکییەتتی میکانیکیی خوازەکانیش بۆ ئەوە چوون کەوا مرۆڤ لە جیهانی ماددی دەگونێن، بەلأم هیچ نەیانتوانی لەوە بگەن چۆن ڕوودەدات.

ئەوەی مارکسی بۆی چوو، لەلایەکی دیکە، ئەوە بوو کە وا مرۆڤ لە (بەجێهێنانی) دەورو بەریان دەگونجێت، بەلأم لەکارلێك کردندا لەگەڵ جیهان و هەوڵدەدەن یاشتری بکەن بۆ تێداژیان و نیشتە جێبوون . لەو پرۆسەیەدا ئەو بارودۆخەی تییێدان دەگۆڕن، هەر بەو پرۆسەیەش خۆیان دەگۆڕن .

کلیلی تێگەیشتن لە گۆڕان لە کۆمەڵگەدا لەوەدایە کەوا لە چۆنەتی هەلسو کەوتی مرۆڤ بگەین

لەچارەکردنی گیروگرفتی بەرهەم هێنانی خۆراك و پۆشاك و خانوو، ئەم خاڵە بوو مارکس لێیەوە دەستی پێکرد بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی گۆڕان لەکۆمەڵگەدا . ئەوەیان واتای وانییە کەوا مارکسییەکان باوەڕیان بەوە بێت کەوا گۆڕانی تەکنەلۆژیا ئۆتۆماتییکیانە کۆمەڵگەیەکی باشتر بەرهەمدێنێت یان دۆزینەوە زانستییەکان ئۆتۆماتکییانە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا .

مارکس ئەم دیدەی کەهەندێ جار ناو دەبرێت بە ناچارە کییەش تەکنۆلۆژی ڕەشکردەوە.

جار لەدوای جار لە مێژوودا، کۆمەلانی خەڵك ئەو بیرو ڕایانەی لەبەرهەمهێنانی خۆراك و پۆشاك و جێوار پەیدادەبێت و دەگۆڕێت ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانە دژی ڕووکاریان چەشنەکانی باو لە کۆمەڵگە.

لەسێبەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (بەنموونە) زۆر هزرو بۆ چوون هەبوون سەبارەت بەچۆنیەتی بەرهەمهێنانی بەرو بوومی زیاتر لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، بەڵام خەڵك وایان نەکرد لەبەر ئەوە ئەم کارە پێویستی بەدڵسۆزی هەیە لەکارکردندا زیاتر لەوەی لە کۆیلە دەست دەکەوێت لەژێر گوشارو ترس قامچی کار دەکات. بەریتانییەکان کە لەسەدەی هەژدەمدا فەرمانداری ئێرلەندا بوون، هەوڵیاندا پیشەسازی لەوێ ڕاگرن لەبەر ئەوەی دژی بەرژەوەندی خاوەن کارەکان بوو لەلەندەن . گەر کەسێك بێت و پێشنیاری ڕێبازێك بکات بۆ چارەکردنی گیرو گرفتی کەسی خۆراك لە هیند بە سەربڕینی گای پیرۆز، یان گەریەکێك هەوڵبدات گۆشت بۆ هەمووکەسێك لەبەریتانیا دابین بکات لە ڕێگای سازکردنی گۆشتی مشك، ئەوکەسە بەتەواوی پشت گوێ دەخرێت بەهۆی کاریگەری چەمکە باوەکان لەنێو خەڵکدا لەم بارەیەوە . گۆڕانی بەرهەم هێنان بەرەنگاری چەمك ڕێبازە کۆنەکان دەبێتەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، بەڵام ئەم

گۆڕانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم چەمك گەلە کۆنەو شێوەکانی باوی کۆمەڵ وەلا نانێت.

هەندێجار زۆر کەس دەجەنگن بۆ ئەوەی هیچ گۆڕانێك ڕوونەدات، ئەوانەش کە دەیانەوێت ڕێگای نوێی بەرهەم هێنان بەکاربێنن پێویستە لەسەریان بجەنگن بۆ هێنانەدی گۆڕان . گەر ئەوانەی بەرهەڵستکاری گۆڕان دەکەن سەرکەون ئەوا شێوە نوێیەکانی بەرهەمهێنان ناخرێتە کارو کۆمەڵگە دووچاری حاڵەتێکی داهێزان یان پاشەکشە دێت. پێناسەی مارکس دەڵێت : کە گۆران لەهێزی بەرهەمهێنان روودەدات، بەرەنگاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان و ئەو هزرانە دەبێتەوە کەلەسەر بنچینەی هێزەکانی بەرهەم هێنانی کۆن فراژوو بوونە. لەوکاتەدا ئەوانەی پشتگیری هێزە بەرمهێنە نوێیەکان دەکەن کەوا لەو جەنگەدا دەیبەنەوە، یان تیمەکەی دیکە دەیباتەوە ئەوانەی پشتگیری سیستەمی کۆن دەکەن . لەحاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەچێت، و لەحاڵەتی دووەمدا کۆمەڵگە دەوەستێت یان دوا دەکەوێت .

## دەرووی سێیەم

### ململانێتی چینایەتی

ئێمە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژین دابەشی چەندان چین بووە، ژمارەیەکی کەم لەخەڵك سامانێکی گەورەی تایبەتیان هەیە کەچی زۆربەمان شتێکی وامان نییە باس بکرێت، ئێمە بۆ ئەوە دەچیە کەوا گریمانەی ئەوە بکەین کەوا کارو بارەکان هەمیشە بەو شێوەیە بووە . بەڵام لە ڕاستیدا، لەبەشی هەرەزۆری مێژووی مرۆڤایەتی دا، چین نەبوو وخاوەننایەتی تایبەتی نەبوو سوپا یان پۆلیسی نەبوو. ئەم بارو دۆخە لەماوەی نیوملیۆن ساڵ لە گۆڕانی مرۆۆ تا ٥٠٠٠ یان ١٠٠٠٠ ساڵی ڕابردوو بوو . دابەش بوونی کۆمەڵگە بۆچینە جیاجیاکان شیاو نەبوو پێش ئەوەی تاکەکەس بتوانێت ئەوەندە خۆراك بەرهەم بێنێت کەلە پێداویستی ئەو زیاتر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کار بکات ئەو کۆیلانە سوودی چییە گەر پێویستیان بە هێشتنەوە تێبردنی ئەوە هەبێت کەبەرهەمی دێنن بۆ ئەوەی لەژیان بەردەوام بن چ دوای ڕادەیەکیدیاری کراو پێشکەوتنی بەرهەمهێنان دابەش بوونی چینایەتی نەك هەر شیاو بوو بەڵکو ناچارەکی بوو ئێستا لەتوانا دایە خۆراك ئەوەندە بەرهەم بێت، مانەوەی هەندێکی دەبێت دوای ئەوەی بەرهەمهێنەکان پێداویستی ژیانیان دابین دەکەن لەهەمان کات ئامرازی ئەمبارکردنی ئەم خۆراکە و گواستنەوەی بۆ شوێنێکی دیکە دابینکراوە ئەوانەی ئەم بەرهەمەیان بەکارەکەیان پەیداکردووە زۆر بەئاسانی دەیانتوانی ئەم خۆراکە زێدەیە بخۆن هەرلەبەر ئەوەی ژیانێکی زۆر هەژارو نەدار دەژیان کەواتە شتێکی دڵکێش بوو، بەڵام ئەو کارە وای دەکرد لە بەرانبەر هەڵگێڕودا گێڕی سروشت بێ پارێزگاری بمێننەوە، کەدەشیا

برسیەتی یان لافاو بەرپا بکات لەساڵی داهاتوو، یان بێ توانا بمابات لەبەرانبەر هێرشی هۆزەکانی برسی دیکە دەرەوەی ناوچەکە . لەسەرەتادا لەبەرژەوەندی هەمواندابوو کۆمەڵێی تایبەتی بەرپرسیارەییەتی ئەم سامانە زێدەیە لە ئەستۆ بگرێت تا دایبکەن بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی پاشە ڕۆژ، بۆ پشتگیری پیشەوەران و بنیاتنانی ئامرازەکانی بەرگری، ئاڵو گۆڕ کردنی بەشێکی ئەم سامانە لەگەڵ خەڵکانی دووریش بەرانبەر شتی بەسوود . ئەو چالاکییانە سەرەتا لەشارە بەراییە کاندا

دەستی پێکرد کە تیایدا کارگێرو بازرگان و پیشەوەران دەژیان . نووسین لەسۆنگەی پاراستنی تۆماری تایبەت بۆ جۆرە جیاجیاکانی سامان پەرەی سەند لە ڕێگای ئەو نیشانانەی لەسەر ئەو دەپانە بەکار دەهات بۆ تۆمارکردنی ئەو سامانانە . ئەوەشیان یەکەم هەنگاوی پڕ ژانی ئەوەی پێی دەڵێین ژیاری (شارستانی) بوو . هەموو ئەوەش لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی ئەو زێدە سامانە بوو لە ڕێگای کەمینەیەکی دانیشتوانان . ئەو کەمینەیەش سامانەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی کۆمەڵگە بەگشتی بەکارهێنا . هەرچەند بەرهەمهێنان پێشبکەوتایە ئەو سامانەش زێدە دەبوو کەوا لەدەستی کەمینە کە کۆ دەبێتەوە و هەروەها هەرچەند ئەوەی لەکۆمەڵگەی دادەبڕن . ئەو ڕێسایانە پەیدا بوون بۆ سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە بوون بە (یاسا) گەلێك ئەوەیان دووپات کردەوە کەوا سامان و زەوی کە بەرهەمیان هێناوە وەمافی (خاوەنایەتی تایبەتی) بۆ کەمینەکەیە . لەم قۆناخەوە چینە فەرماندارەکان پەیدابوون و یاساکان بەرگریان لەدەستەلاتەکەیان دەکرد.

دەشێ بپرسیت ئایا دەشیا کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دیکە بگۆڕێت و پێشکەوێت کەوا ئەوانەی لە زویدا کاریان دەکرد بتوانن خۆیان کۆنترۆڵی بەرهەمەکەیان بکەن ج وەڵامەکەی بەنەخێرە، نەك بەهۆی سروشتی مرۆڤ بەڵکو بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە هێشتا زۆر هەژار بوو.

زۆربەی دانیشتوانی زەوی خەریکی کۆڵینی زەوی بوون بەدوای ژیانێکی هەژارانە کاتی ئەوەیان نەبوو سیستەمەکانی خوێندن ونووسین پەرەپێدانیان داهێنانی هونەری بکەن، یان کەشتی بۆ بازرگانی دروست بکەن، یان نەخشە بۆ ڕەوتی ئەستێران دروست بکەن بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی بیەرکارن و خۆئامادەکردن بۆکاتی لافاوی زێکان، یان چۆنەتی جۆگەی ئاودێری لێدان، ئەو شتانە ئەو کات فەراهەم دەبوو، تەنیا ئەگەر هەندێ لە پێویستییەکانی ژیان لە زۆربەی‌دانیشتوان دەستێ بەسەرداگیراباو بۆ پاراستنی ژیانی کەمینەیەکی بەرچاو بەکار هاتبا ئەوانەی ئەرکی ئەوەیان لەسەر نییە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا یەوە هەرماندوو شەکەت بان هەرچۆنەکی بێت ئەوەیان واتای وانییەکەوا ئێستاکەش دابەشینی چینایەتی ئەمڕۆش پێویستە . سەدەی ڕابردوو پێشکەوتنێکی لە ئەندێشە بەدەری بە خۆ وەنەبینی لەچاو مێژووی مرۆڤا یەتی پێشوو. بەسەرکەمی و دەگمەنی سروشتی زاڵ بوون – ئەوەی ئێستا لەئارادایی دەگەنییەکی دروستکراوە – بەهۆی ئەوە پەیدابووەو دەبێت چونکە حکومەتەکان خۆراکی داکراو لەناو دەبەن. ئەمرۆ کۆمەڵگەی جینایەتی مرۆڤایەتی بۆدواوە دەبات نەك بۆ پێشەوە ئەمە تەنیا گۆرانێکی بەرایی نەبوو لە کۆمەڵگە کشتوکاڵیە پوختەکانەوە بۆ کۆمەڵگەکانی شارە بچووك و گەورەکان کەوا بەناچارەکی دابەشینی نوێی جینایاتی پەیدا کرد . هەمان پرۆسە هەمووجارێك دووبارە دەبۆوە لەگەڵ هەرپەیدابوونێکی ڕێبازی نوێی بەرهەمهێنانی ساماندا.

ئەم دەسەڵاتە ئەو بنچینەیەی هەموار کرد بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەتیەك ٢٠٠٠ ساڵی خایاند . لەکۆتایی ئەم ماوەیەدا بەرهەمهێنان زۆر لەسەرەتاکەی پێشکەوتووتر نەبوو، هەرچەندە هونەری چینی و دۆزینەوەی چاپ و باروردی لەتەکدا بوو.

هەموو ئەو پێشکەوتنە لە کا تێکدا بوو ئەوروبا لەچاخە تاریکەکاندا دەژیا . هۆی ئەوەش لەوە دابوو کەشێوە نوێکانی بەرهەمهێنان پەیدابوون، لەشارەکاندابوو لەرێگای دەستپێشخەری بازرگان و پیشەوەرەکاندا بوو چینی فەرماندار لە پێگەیشتنی دەسەلآتی گرووپێکی کۆمەلآیەتی دیاریکراو ترسا، کەبەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا نەبوو . لەبەرئەوە بەبەردەوامی، دەسەلآتی ئیمپریالی کار ڕایی توندی دەگرتە بەر بۆ پلێشاندنەوەی ئابووری تازە پێگەیشتووی شارەکان و دابەزاندنی بەرهەمهێنان و تێکشکاندنی دەسەلآتی چینە کۆمەلآیەتییە نوێکان.

فراژین بوونی هێزی نوێی بەرهەمهێنان واتە ڕێبازی نویٚ بۆ بەرهەمهێنانی سامان . لەگەلٚ بەرژەوەندییە کانی چینی فەرمانداری کۆن بوون دوژمن و کەوتنە رکابەری یەکدی. پێکدادان و ململانیٚ نێکە زێدەتر بوو ئاکامەکەی بوو کەوا پاشەڕۆژی هەموو کۆمەلٚگەی دیاری کرد هەندیٚ جاری ئاکامەکەی ڕوەك لە چین ڕێی نەدەدا چەشنی نوێی بەرهەمهێنان بێتە دی کۆمەلٚگە بۆماوەیەکی درێژ لە بارێکی چەقیو دەمایەوە.

هەندیٚ جاری دیکە، وەك لە ئیمپریاتۆرییەتی ڕۆمانی، واتایپەککەوتنی چەشنی نوێی بەرهەمهێنان لە گۆڕان و پەرەسەندن، لە دواکایە واتای ئەوە بوو کەوا سامانێکی وانییە بەرهەم بێت کە پێویستە بۆ مانەوەی کۆمەلٚگە لەسەر ڕێسا کۆنەکانی شارستانیەتی داڕماو شارەکان وێران بوون، گەلانی پاشەکشەیان کرد بۆ چەشنی کۆمەلٚگەی سەرەتایی کشتوکالٚی . لەهەندیٚ حالٚەتی دیکەش دا، چینێکی نویٚ لەسەر بنچینەی چەشنێکی نوێی بەرهەمهێنان دروست دەبوو و ڕیزەکانی خۆی ڕێك دەخستەوە، واتە بێهێز کردن و دواتر وەلانانی یەکجارەکی چینە فەرماندارە کۆنەکان بە خۆی و یاساو سیستەمەیاسایی و سوپا و ئایدیۆلۆژیاو دەزگا ئایینییەکانی دواتر کۆمەلٚگە توانی گەشەبکات و پەرەبسێنێت و پێشکەوێت لەهەموو حالٚەتێکی لەم

حاڵەتانە، واتە کەوا هەریەك لەو کۆمەڵگەیانە لەپێشکەوتن یان پاشە کشدا بوون، پشتی بەو تیمە دەبەست کەلە جەنگی نێوان چینەکاندا دەیبردەوە.

وەك هەرجەنگێکی دیکە . سەرکەوتن هەر لە سەرەتاوە مسۆگەر نەبوو، بەڵکوپشتی بە ڕێکخستن و پتەوی و سەرکردایەتی چینەکانی کە لەململانێدان دەبەست.

# دەرووی چوارەم

**سەرمایەداری**

**ئەم ڕژێمە چۆن دەستی پێکرد**

یەکێك لەلاوازترین گەنگەشەکان ئەوەیە کە گوێت لێدەبێت بارودۆخ هەروەك ئێستا چۆنە هەروا دەبوو چ جیاوازی نەدەبوو . لەوەی ئێستا هەیە . بەڵام بارو دۆخ بەڕاستی جیاواز بوو، نەك لە شوێنێکی دووری گۆی زەوی، بەڵام لێرە لەم دەوڵەتەدا و لە ڕۆژگارێکی زۆر دوورنا . نزیکەی ٢٥٠ساڵەوە پێش ئێستا، ئەگەر باسی جیهانیئەمڕۆمانت بۆدە کردن کەتیایدا دەژین بەشارەگەورەکانی و کارگە مەزنەکانی فرۆکەو گەشتی بۆشایی گەری، هەتا بەهاتو چۆ بەشەمەندەفەر بەشێتیان دەزانی هەموو ئەوشتانە لەکۆندا لەسەر ڕووی ئەدیشەی ئەوانیشدا بوو خەڵك لەکۆندا لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیان کشتوکاڵ بەسەریدا زاڵ بوو زۆر بەیان دەمیل لە دەرەوەی دێیەکانیان هەنگاویان نەدەنا کەتیایدا چەشنی ژیان وەك هەزاران ساڵ باو بوو – بەپێی بەدوا یەکدا هاتنی وەرزەکان دیاری دەکرا . لەو ٧٠٠ تا ٨٠٠ ساڵەی دوایی گۆڕانێکی گەورە لەکۆمەڵگە ڕوویداوەئاکامەکەی بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ڕژێمی ئەو کاتی بوو . چەندان کۆمەڵ لەپیشەوەران و حاوەن کاری بازرگانی پاشە ڕۆژی خۆیان لەشار دامەزراند. خزمەتگوزاریەکانیان بەبێ بەرامبەر پێشکەش سەرداری دەرەبەگ نەدەکرد وەك خەڵکەکە هەموو وابوون، بەرهەمەکانیان لەگەڵ سەردارو مسکێنەکان بەرامبەر بەخۆراك دەگۆڕیەوە . بەرەبەرە، کانزای گرانبەهایان بەکار هێنا وەك پێوەری ئەم جۆرە ئاڵو گۆڕە .

بەم شێوەیە، لەبەریتانیا، بەنموونە، هەرلەهەزاران ساڵەوە، چینی فەرماندار لەبارۆنە دەرەبەگەکان پێك دەهات ئەوانەی کۆنتڕۆڵی زەویان دەکردو لەسەر ماندوو بوونی کۆیلەکان دەژیان . هەر لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی بازرگانی بەشێوەیەکی فرەوان و گەورە لەوێدا، لەهەمان کات دا چینێکی نوێی دیکەی بەرچاو لەبازرگانە دەوڵەمەندەکان لەشاردا پەیدابوو . کە پیشە سازی (کارسازی) پەرەی سەند، لە ئاستێکی بەرزدا، خاوەن پرۆژەی پیشە سازیە گەورەکان و رکابەریان لەگەڵدا کردن لەسەر بژێویان . لەهەر قۆناخێکی گۆڕانی کۆمەڵگەش، چینێکی چەو ساوە هەبووە لەڕێگای هێزی کاریان سامان پەیدا بووە و لەگەڵ ئەوەشدا چینێکی  فەرماندار پەیدا بووە دەستی بەسەر ئەم سامانە داگرتووە . لەبەر ئەوەی  کۆمەڵگە لەگۆڕان دایە، هەریەك لەچە وساوەکان وچەو سێنەران لە گۆراندا بوونە . لەکۆمەڵگەی کۆیلایەتی و ڕۆمای کۆن کەسانی چینی فەرماندار خاوەنی کۆیلەکان بوون خاوەن کۆیلەی ئەو کالآیەی کۆیلە بەرهەمی دێنا ئەو خاوەنی بوو لەبەر ئەوەی خاوەنی کۆیلەکەبوو دەق وەك ئەوەی خاوەن ئەو شیرەبوو کە چێڵەکەی دەیدا، چونکە خاوەنی چێڵەکە بوو لەکۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی لەسەدەکانی ناوەندا مسکێنەکان زەوی تایبەتی خۆیان هەبوو خاوەن ئەو بەرو بوومە بوون کەبەرهەمیان دەهێنا لەبری بن دەست کردنی ئەو زەویانە، پێویست بوو چەندان کار بکەن لەچەندان ڕۆژی دیاریکراو لە  ساڵدا لەزەوی سەردارە دەرەبەگەکەدا بەم شێوەیە، کاتەکانیان دابەش دەکرا دەشیٚ نیوەی کاتیان تەرخان دەکرد بۆ سەر دارەکەیان و نیوە شی بۆ خۆیان ؟ گەر لاملییان بکردایە لەکار کردن بۆ سەرداری دەرەبەگەکەیان دەیتوانی سزایان بدات چ بەقامچی لێدان یان بەند کردن یان خراپتریش . لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری نویٚ دا بەڕێوەبەر خاوەنی کرێکارنییە نەجەستەی موڵکی ئەوە نەدەتوانێت سزای جەستەیی بدات گەر کرێکار لاملی کردو کاری نەکرد گەر کرێی پیٚ نەدرا

بەڕێوەبەر خاوەنی کارگەکانە  کە کرێکار ناچارە کاری تێدا بدۆزێتەوە گەربیەوێت لەژیان بەردەوام بێت لەبەر ئەوە زۆر بەئاسانی بەڕێوەبەر دەتوانێت کرێکار ناچار بکات بەو کرێیە ڕازی بێت بەو کرێیەی پێی دەدرێت کەزۆر کەمترە لەبەهای ئەو کالایانەی کرێکار لە کارگەکەدا دروستیان دەکات لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا، چینی چەو سێنەر هەرلەگەڵ دابینکردنی پێداویستیە زۆر بنچینەییەکانی کرێکار زۆر دەست بەسەر سامانی کە دەمینێتەوە دادەگرێت خاوەن کۆیلە ئامانجیئەوە بوو خاوەنەتییەکەی بەباشی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە کۆیلەکانی خۆی نان دەدان وەك چۆن تۆ بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکەت دەکەن

ئەو شتانەی کە پێداویستی مایەکی کۆیلە زێدە دەبێت خاوەن کۆیلەکە بۆ خۆشایەتی خۆیبەکاری دێنێت کۆیلەی ژێر دەستیدەرەبەگ (مسکێن) خۆی نان بۆ خۆی پەیدا دەکرد جل و بەرگی بۆ خۆ دابین دەکرد لە ڕێگای کارکردن و ئەو ماندووبوونەی لەو بەشە زەویەی کەهەیەتی .

ئەو کارە زێدەیەی کە لەزەوی خاوەن کۆیلەکە دەیکات بەرهەمەکەی بۆ خاوەن کۆیلەکەیە .

کرێکاری ڕۆژگاری ئەمڕۆ کرێ وەردەگرێت . هەموو ئەو سامانەی بەرهەمی دێنێت چینی فەرماندار دەستی بەسەر دادەگرێت وەك سوود یان زێدە سوود یان کرێ .

ململانێی چینایەتی و دەوڵەت

بەدەگمەن وا دەبێت کرێکاران بەبەشی خۆیان ڕازی بن بێ بەرهەڵستی یان ململانێ .

کۆیلەکان لە ڕۆماو میسری کۆندا شۆڕشیان دەکرد، جووتیاران لە چینی ئیمپریالی شۆڕشیان دەکرد، جەنگی میلای نێوان دەوڵەمەند و هەژاران لە شارە یۆ نانییە کۆنەکان و ڕۆماو ئەورووپا لە چاخی ڕێنیساسا لە ئارا دابوو.لەبەر

ئەم هۆیەش بوو مارکسی لە مایڤێستی کۆمۆنیستی دا ئەوەی دووپاتکردەوە : (مێژووی هەموو کۆمەڵگەیەك کە تائەمڕۆ لە ئارادایە مێژووی ململانێی چینایەتییە) لەوەشدا پشتی بەو بۆ چوونە بەست کە دەڵێت پێشکەوتنی شارستانی لەسەر چەوساندنەوەی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە دامەزراوە، واتە لەسەر ململانێی نێوانیان . هێزی فیر عەونە میسرییەکان یان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی یان میسری چاخەکانی ناوەند، ئەو خۆش گوزەرانییەی کە تێیدا دەژین هەرچەندێکی بێت یان شکۆمەندی قەسرو کۆشکەکانیان هەرچەندی بێت، هیچیان پێناکرێت گەر ئەوە داین نەکەن کەوا ئەو بەروبوومەی هەیەو لە ڕێگەی جووتیارو کۆیلە هەژارەکانەوە بەرهەم دێت دەبێتە بەشی ئەوان. تەنیا ئەو کاتە دەتوانن ئەو کارەبکەن گەر لەتەك ئەم دابەش بوونە چینایەتیەدا شتێکی دیکە گەشە پێبدەن – کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی توندوتیژییە بەخۆیان یان لەڕێگەی گرانیان.

لە کۆمەڵگەکانی بەرایی، سوپا یان پۆلیس یان دەزگای حکومی سەربەخۆ لەزۆرینەی خەڵك نەبوو . هەتا ٥٠ یا ٦٠ ساڵ لەمەوبەریش بۆ نموونە – هێشتا لە زۆر شوێنی ئەفەریقیا هەبوونی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە شیاو بوو . زۆر ئەرکی کە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەیکات بەسادەی و بەشێوەیەکی نافەرمی لە ڕێگای هەموو دانیشتوانەوە یان کۆبوونەوەی نوێنەرانیان دەکرا . ئەو کۆبوونەوانە هەڵسوکەوتی هەر کەسێك بوایە هەڵدەسەنگاند گەر ڕێساییێکی کۆمەلأیەتی گرنگی پێشێل کردبا، سزاکەش لە ڕێگای کۆمەڵگە بەگشتی جێبەجێ دەکرا . بۆنموونە دەشێ بڕیارەکە ئەوە بێت هەڵەکاران ناچار بکرێن ڕەو بکەن . لەبەر ئەوەی هەمووان ڕازی بوون بەو سزایە، پێویستیان بەهێزی پۆلیسی سەربەخۆ نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی سزاکان . گەر جەنگ بەرپا بووایە، هەموو پیاوەکان هاوبەشیان تیادا دەکرد بەسەرکردایەتی یەك کە بەتایبەت بۆ ئەم کارەیان هەڵدەبژارد، ئەوەشیان هەربێ

ئەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆی سوپا هەبێت . کەچی هەرکەتێك کۆمەڵگەیەکت هەبوو کەمینەیەك دەست بەسەر زۆربەی سامانەکاندابگرن، ئەم ڕێگا سادانە بۆ پاراستنی (یاساو سیستەم) و ڕێکخستنی جەنگ کاریگەر نابێت . دەشێ هەرکۆ بوونەوەیەکی نوێنەران یان چەکدارە لاوەکان بەپێی جیاوازی چینایەتی دابەش بێت . کۆمەڵەی خاوەن جیاووکییەکان تەنیا لە ڕێگای پاوانی کردنی دانانی یاساو سزاکان و ڕێکخستنی سوپاو بەرهەم هێنانی چەك بژییێت . بەم شێوەیە دەبینین جیاکردنەوە چینەکان پەیوەست بووبە دەرکەوتنی کۆمەڵەکانی دادوەرەکان و پیاوانی پۆلیس نهێنی و جەنەڕاڵەکان و بیروکراتییەکان، بەشێوەیەك هەریەکەیان بەشێك لەو سامانەی لەدەست چینی خاوەن ئیمتیازەییەکانە وەرگرێت لە بەرامبەر پاراستنی دەسەلأت و فەرماندارییەکەی . ئەوانەی لە ڕێزەکانی ئەم (دەوڵەتە) خزمەتیان دەکرد ڕاهاتبوون — مەشقدار بوون لەسەر ملکەچکردن بۆ فەرمانەکانی سەرکردەکانیان بەبێ ڕاڕای، هەروەها جیاببونەوە لەهەر پەیوەندییەکی کۆمەلأیەتی ئاسایی لەگەڵ کۆمەلأنی خەڵکی چەوسێندراوە. بەم جۆرە، دەوڵەت وەك ئامێرێکی کوشتن بەدەست چینی خاوەن سامانەوە پەرەی سەندو بووبەئامێرەێکی یەکجار کاریگەر. دیارە زۆر حاران جەنەراڵەکان ئەوانەی ئەم ئامێرە دەگێڕن هەوڵیان داوە ئیمپراتۆریا پادشالابەن و خۆیان بێنە شوێنەکەیان . چینی فەرمانداری کە ئەم دڕندەیەی چەکدار کرد زۆر جاران تەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت . لەبەرئەوەی ئەو سامانەی پێویستە بۆ مانەوەو گەڕانی ئامێری کوشتن لە وە نبخۆری ڕەنجی کۆمەڵەی کرێکارانەوەیە، هەریاخی بوونێك بەردەوامی ئەو کۆمەڵگەیەی دەگەیاند کە پێشتر هەبوو بەدرێژای مێژوو، دەبینین ئەو مرۆیانەی بەڕاستی ویستوویانە کۆمەڵگە بگۆڕن بەرەو باشتر خۆیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە دۆزیوە تەوە لەگەڵ —نەك هەرچینی خاوەن جیاووك — بەڵکو لەگەڵ ئەو ئامێرە چەکدارەش : دەوڵەت کە خزمەتی

بەرژەوەندییەکانیان دەکات . لەبنچینەدا کەچینی فەرماندار پەیدابوو لەگەڵ ئەوانیشدا (پیاوانی ئایینی) قەشەو جەنەڕاڵەکان و پۆلیس و ڕێساو یاساکانی پشتگیری دەکەن پەیدابوون لەیەر ئەوەی بەبێ ئەوان شارستانییەتی گۆڕانی بەسەردانەدەهات. هەرئەوەندەی پێیان لەدەسەلات توند کرد، کۆسپ خستنەبەر گۆڕانی شارستانییەت لەبەرژەوەندی خۆیانی دەبینن. دەسەلاتیان پشت بەتوانایان دەبەستێت لەملکەچکردنی ئەوانەی سامان بەرهەمدێنن بەشێوەیەك لە کۆتاییدا بەوانی ببەخشن . هەروەها بایەخدان بەڕێگا نوێیەکانی بەرهەمهێنانی سامان لە دەست دەدەن * هەتا ئەگەر لەوەی پێشوو بەتواناتریش بێت – لەترسی ئەوەی نەوەکا لەدەستیان بچێت. لە هەمووشتێك دەترسن کەجەماوەری ڕەنج خوراو بگەیە نێتە گەشەسەندنی دەستپێشخەریان سەربەخۆییان. لەهەمان کات لە پەیدابوونی کۆمەڵەی نوێی خاوەن جیاووك و ئەوەندە سامانە دەترسن کە بایی ئەوەندە بکات چەك بکڕن و سوپای تایبەت بەخۆیانی پێ چەکدار بکەن.

لەخاڵێکی دیارسکراودا، هەوڵدەدەن کۆسپ بخەنە بەر دەمی گۆڕانی بەرهەمهێنان لەبری ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ پێشکەوتن و چوونە پێشەوە . بۆ نموونە، لەماوەی فەرمانداریی ئیمپراتۆرییەتی چینی، دەسەلاتی چینی فەرماندار لەسەر خاوەنایەتی زەوی و کۆنترۆڵکردنی کەناڵەکان و بەنداوەکانی پێویست بۆ ئاودێری بۆ ڕزگار بوون لەلافاو دامەزرابوو . کەواتە ڕوانینە هەموو جۆرێك لە ئاڵو گۆڕ کردن وەك دەرفەتێك بۆ دەسیتخستنی ژمارەیەکی کەمێك زۆرتر لە کانزای گرانبەهاو دابینکردنی سوود، وەك هەنگاوێکی گەورە نەما بۆ چوونە پێشەوە . لەسەرەتادا شارەکان شار توانی لەڕێگای بەگژیەك دابردنی دەرەبەگەکانەوە لە ژیان بەردەوام بێت . دواتر بەچاك بوونی کارامەیی پیشەوەران، توانیان سامانێکی زۆرتر پێکەوە بنێن و، دەسەلاتیان فراوانتربێت . بۆ رژوازییەتی یان چینەکانی ناوەند وەك چینێکی لە تەیمانەی کۆمەڵگەی

دەرەبەگایەتی لەچاخەکانی ناوەند سەری هەڵدا . توانیان دەوڵەمەندییان لە ڕێگاییێکی جیا لەسەرداره دەرەبەگەکانەوە پێك بێنن ئەوانەی بەسەر کۆمەڵگەدازاڵبوون.

سەرداری دەرەبەگ ڕاستەوخۆ لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دەژییێت کە بەندەکانی لەزەویەکەیدا بەرهەمیان دێنا، کەبەزەبری هێز دەستی بەسەردا دەگرت . سەرداری دەرەبەگ هێزی کەسی خۆی بەکاردێنا بۆ ئەوەی وایان لێبکات ئەوکارە بکەن بیٚ ئەوەی ناچاربێت کرێیان بداتیٚ. بەپێچەوانەی ئەوەش، چینە دەوڵەمەندەکان لە شاردا لەسەر فرۆشتنی کالاّی ناکشتوکاڵی دەژیان. هەروەها کرێیان دەدا کرێکاران بۆ ئەوەی کالاّکان بەرهەمبێنن، ڕۆژانە یان هەفتانە، ئەو کرێکارانەش، کە زۆربەیان لە کۆیلە هەلاّتووەکان بوون، (ئازاد) بوون لە چوون و هاتنەوە ئەو کاتەی کارەکەیان کۆتایی دەهات کە کرێیان لیٚ وەردەگرت . تاکە شتی بەزۆری بوو بۆ ئەوان ئەوە بوو کەوا لەبرسان دەمردن گەر کاریان لای کەس دەسنەکەوتبا . دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەبوون لەبەر ئەوەی ئەو کرێکارە (ئازاد)ە – ناچار بوو لەبری ئەوەی لەبرسان بمرێت – ڕازی بێت بەکرێیەك لەبری کارەکەی کەمتر لەبەهای ئەو کالاّیەی بەرهەمی دێنا . دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە . ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کەوا چینی برژوازیی ناوەند و سەرداره دەرەبەگەکان سامانەکەیان لەسەر چاوەی جیاوازەوە دەسکەوت . لەبەر ئەوە ئارەزوویان بوو کۆمەڵگە ببینن بەشێوەی جیاواز ڕێکخرابێت، هەریەك لە دیدی خۆیەوە . کۆمەڵگەی نموونەیی لەدیدی سەرداری دەرەبەگ کۆمەڵگەیەك بوو دەسەلاّتی تەواو ڕەهای بێتە دی لەسەر زەویەکانی تایبەتی خۆی بەبیٚ پابەند بوون بەسامان یان دەست تێوەردانی دەرەکی، هەروەها دەستە بەری هەڵنەهاتنی کۆیلەکانی .

ئەم سەرداره دەیەویست بارودۆخ وەك خۆی بمینێتەوە وەك چۆن بوو لەسەر دەمی باوك و باپیری، بەشێوەیەك هەموو کەسێك ڕازی بێت بەباری

کۆمەڵایەتی کەتیایدا لەدایك بووە، بەلام چینی بو رژوازیی تازەی دەوڵەمەند، کاروباری بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی، دەیان ویست کۆت و بەند بخەنەسەر دەرەبەگەکان یان پادشاکان بۆ ئەوەی دەست لەکارو باری بازرگانیان وەربدەن یان سامانیان بدزن . خەونیان بەوە دەبینی ئەم ئارەزووەیان لە ڕێگای ڕێکخستەیەکی جێگیر لەیاسای نووسراو بێتە دی، نوێنەرەکانیان ئامادە دەکراووە سپێندرا . دەیانویست چینە هەژارەکان لە کۆیلەیی ئازاد کەن بۆ ئەوەی بتوانن لەشارەکاندا کاربکەن (وسامانی بورژوازییەکان زێدە بکەن). ئەوان لەسەر ئاستی کەسی، باوك و باپیرانیان زۆر ستەمیان لێکرا لەلایەن فەرمانداریی دەرەبەگەکانەوە، بەدڵنیاییەوە نەیاندەویست ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت . کەواتە بەکورتی بورژوازییەکان ویستیان شۆڕشێك لەکۆمەڵگەدا بهێنن . ململانێیان لەگەڵ ڕژێمی کۆن تەنیا بەهۆی هۆکاری ئابووری نەبوو، بەڵام بەهۆی هۆکاری ئایدیۆلۆژی و سیاسیش بوو بەهۆکاری ئایینی لە کۆمەڵگەیەك ڕێژەی نەخوێندەوارانی یەکجارزۆر بوو سەرچاوەی سەرەکی هزری خەڵك لەکۆمەڵدا دوانی کلیسابوو لەبەرئەوەی کلیسا لەچاخە کانی ناوەند قەشەو ڕەبەنەکان بەڕێوەیان دەبرد، ئەوانەی سەر بەچینی دەرەبەگەکان بوون، ئەوا کلیسانی لەو چینە دەکردو زۆر هەڵمەتیان دەکردە سەر هەڵسوکەوتی بۆ رژوازیەکانی شار وبە (گوناهـ) یان دادەنا لەبەر ئەوە دەبینین لە دووسەدەی شازدەو حەڤدەدا لەئەڵمانیا، هۆڵەندا ئینگلتەراو، فەرەنسا، چینەکانی ناوەند بانگەشەی ئایینێکی تایبەتی بەخۆیان یان دەکرد : پرۆتستا تیەتی، ئایدیۆلۆژیایەتی ئایینی یە بانگەواز بۆ چاك ڕێکخستن و بەڕێوە بردن و هاوسەنگی کاری گران (بەتایبەتی بە گوێرەی (کرێکاران) دەکات هەروەها بۆ سەربەخۆ بوونی چینی ناوەند خوداییێکی لە ئەندێشەی خۆیدا دروست کرد، لەبەرامبەر خودای چاخەکانی ناوین.

ئەمڕۆش، لە قوتابخانەیان لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن سەبارەت جەنگە مەزنەکانی ئایینی بۆمان دەدوێن یان جەنگە شارستانییەکانی ئەو ماوەی، وەك ئەوەی تەنیا لەئاکامی جیاوازی ئاینی پەیدابووبن، وەك ئەوەی خەڵك دەجەنگان و دەمردن تەنیا لەبەر ئەوەی جیاواز بوون لەسەر ڕۆڵی جەستەیان خوێنی مەسیح لە خوانی خوداوەندیدا بەڵام زۆر کارو باری ترسناك هەبوو، بەتایبەتی ململانێی نیوان دووچەشنە کۆمەڵگەی تەواو لەیەك جیاوازو بنیاتنراو لەسەر دوو ڕێبازی لەیەك جیاواز بۆ ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی سامان. لەبەریتانیا بۆ رژوازییەکان شەڕیان بردەوە . هەرچەند ئەوەی ڕوویدا لەو کاتیدا ئەمڕۆ بۆ چینی فەرماندار دڕاندانەیە دەردەکەوێت، بەڵام باپیرانیان بەسەڕ برینی پادشا گەیشتنە دەستەڵات و ئەو کارەشیان لەڕێگای دەقێك ڕەوانیشاندا، کەچەندی پێغەمبەران لەتەوراتدا .

لەچەندان ناوچەی دیکە دا، دەرەبەگەکان لە یەکەم کایەدا شەڕیان بردەوە، لەفەڕەنساو ئەڵمانیا، شۆڕشگێرە بورژوازییەکان یان دوای زنجیرە جەنگێکی شارستانی دڕندانە نەهێشت لەگەڵ ئەوەی ئەو ئایینەی لە باکووری ئەڵمانیا دا مابوو، نموونەییێکی دەرەبەگایەتیانەی پرۆتستانتییەتی بوو. بۆ رژوازییەکان ناچار بوون دووسەدەیان زیاتر چاوەنواڕ بن تاسەرکەون، ئەویش لەکایەی دووەمدا کە پۆشاکی ئایینی نەبوو لەساڵی ١٧٨٩ لە پاریسدا.

## ڕەنجخۆری و زێدەبایی

لەکۆمەڵگەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی دا، چینە باڵاکان ئەو یاسایانەیان دادەنا بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی پێبگەن . گەر وایان نەکردایە، ئەوانەی لای دەرەبەگ یان کۆیلەدار بوون هەڵ دەهاتن، ئەو چینانە کەسیان نەدەما خزمەتیان بکات سەرمایەدار ئاسایی پێویستی بەو کۆنترۆڵکردنە یاساییە نییە بەسەر تاکەکەسی کرێکارەوە . پێویستی بەوە نییە

خاوەنی بێت، بەڵام ئەوە ندەی بەسە دڵنیا بێت ئەو کرێکارەی ڕازی نییە کار بکات لە برسان بمرێت . لەبری ئەوەی خاوەنی کرێکارەکە بێت، سەرمایەدار بەوە گەشەدەکات و پێش دەکەوێت لەبەر ئەوەی خاوەن سەرچاوەی ژیانی کرێکارەو لەژێر دەستی ئەودایە : واتە ئامێرو کارگەکان . پێداویستییە مادییەکانی ژیان لە ڕێگای کاری مرۆیی بەرهەم دەهات ئەم کارەبەبێ ئامێر گەلێك کە زەوی بکێڵن و ماددەی خاو دروستبکەن بێ سوود دەبێت . ئەم ئامێرانەش دەشێ زۆر فرەجۆر بن، لە ئامێرەکانی سەرەتایی کشتوکاڵەوە بگرە، وەك، گاسن و تەور، تا دەگاتە ئامێرە ئاڵۆزەکانی لە کار گەنوێکاندا هەیە، بەبێ ئامێرەکان، کا رامەترین کرێکار ناتوانن پێداویستییەکانی کە مرۆڤ پێویستییەتی بۆ بەردەوام بوون لەژیان بەرهەم بێنن .

بەرەو پێش چوونی ئەم ئامێرانە — کەئاسایی ناو دەنرێت بە (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) — هۆکاری یەکلا کەرەوەن بۆ مرۆڤی چەرخی نوێ و پێشینەکانمان لە چاخی بەردیندا .

سەرمایەداریپشت دەبەستێت . بەخاوەنداریی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەڕێگەی چەند کەسانێك ئەمڕۆ لەبەریتانیا، بەنموونە ١٪ ی دانیشتوان خاوەنی ٨٤٪ی پشك و قەواڵەی پیشەسازین . هەروەها میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی کاریگەری زۆربەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەست دایە — وەك : ئامێرەکان، کارگەکان، چاڵەکانی نەوت و باشترین زەوی کشتوکاڵی . زۆربەی خەڵك ئەوکاتە دەتوانن گوزەرانی خۆیان پەیدابکەن گەر سەرمایەدارەکان ڕێگایان دان لە بەئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئەوان کاربکەن ئەوەشیان توانایەکی گەورە دەبەخشێتە سەرمایەداران بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران و سوود وەرگرتنی ناڕەوا لەکاری مرۆیەکانی دیکە، هەتا ئەگەر (هەموان یەکسان) یش بن لەبەردەم یاسادا . سەرمایەدارەکان چەندان سەدە چاوەنواڕ بوون تاوەکوتوانیان سیستەمی گردبوونەوەو کۆنترۆڵکردنی

ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان بنیاتنا . لەئینگلتەرا، بەنموونە، پەڕلەمان لە دووسەدەی حەڤدەو هەژدە زنجیرە بڕیارێکی توندی بۆ بەرژەوەندی سەرمایەداران ڕەواند، کەتیایدا جوتیاران ئەوانەی چەندان سەدە بوو ئەو زەویانە یان دەچاند دەریان کردن واتە لەئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان دەرکردن . بەشێك لەسەرمایەداران دەستیان بەسەردا گرت و بوون بەخاوەنی زەویەکان خەڵکی لادێکان ناچار کران ڕەنجی کارەکانیان بفرۆشنە سەرمایە داران یان لەبرسان بمرن . کەسەرمایە داران ئەم گردبوونەوەیان ئەنجامداو ئامرازەکانی بەرهەمهێنا خستە بەر دەستی خۆیان، بەڕواڵەت ئازادی یەکسانی ڕواڵەتی یان بەخشیە خەڵك بۆ داوای مافە سیاسیەکان یان هاو شانی ئەوان . (ئازادی) کرێکار هەرچەند بێت، ناچار بوون کار بکەن تا لەژیان بەردەوام بن، ئابووری ناسانی کە پشتگیری لێکدانەوەیەکی سەرمایەداران دەکەن، لێکدانەوەییەکی سادەیەیان هەیە بۆ ئەم دیادەیە .

دەڵێن : سەرمایەدار کەکرێی دەدەاتە کرێکارەکە، ئەوا کاری ئەو دەکرێت . واتە پێویستەنرخێکی باشی بداتێ، دەنا دەچێتە لای سەرمایەدارێکی دیکە کار دەکات.

کەواتە سەرمایەدار (کرێیەکی باش) دەداتە کرێکار و پێویستە ئەویش (ڕۆژانە کارێکی باش) بکات . کەواتە چۆن سوود ڕاڤە دەکەن ج دەڵێن : سوود (پاداشتێکە) بۆ سەرمایەدار بەهۆی (قوربانیدان) ی کەوا ڕێیداوە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (لەسەرمایە) کەی بەکار بێنن . ئەم تێزەش هیچ کرێکارێك رازی ناکات گەر یەك دەقە بیری لێبکاتەوە .

بۆ نموونە کۆمپانیایەك (تێکڕای سوودی پوخت) ی ١٠٪ ڕاگەیاند، دەڵێت گەر تێچووی ئامێرو کارگەکان هەمووی کەموڵکی ئەوانن بگاتە ١٠٠ ملیۆن چونەیهی ئیسترلینی، ئەوا ١٠ ملیۆن ئیستر لینیان وەك سوود بۆ دەمێنێتەوە دوای کرێ و تێچووی مایەی خاوو بوانی ئامێرەکان لە ساڵێکدا.

پێویست بەوە ناکات بلیمەت بیت تا بتوانین بزانین کەوا دوای دەساڵ کۆمپانیاکە ١٠٠٠ ملیۆن چونەیی ئیستر لینی دەبێت دەکەوێت — واتە تێچووی گشتی وەبەر هێنانە کەیان لەسەرەتاوە . کەواتە گەر (قوربانی) پاداشت بکرێت، دوای دەساڵ گشت سوود مەندییەکە کۆتای دێت . لەم خاڵەدا، سەرمایەدارن سەرجەم ئەو پارەیەی خستوویانەتە کار دەست دەکەوێتەوە، کەوەك سەرمایە دایان نابوو . بەڵام لە ڕاستیدا سەرمایەدارەکە دوو ئەوەندەی پێشوو دەوڵەمەند بووە . سەرمایەدارەکە یستا سەرمایەی پێشووی کە خستیوویە کار وسوودە کۆ بووە وەکەی هەیە.

کرێکاران ئێستا، زۆربەی تواناو وزەیان خەرج کرد بۆ بەردەوامی ژیان، ٨ کات ژمێر ڕۆژانە لەکار گەدا کاریان کرد واتە ٤٨ کات ژمێر لە حەفتەیەکدا . ئایا لەکۆتایی ئەم دە ساڵەیاندا دەوڵەمەندترن وەك لەسەرەتادا هەبوون ج.

نەخێر هەتا گەر بەردەوام هەندێ پارەش کۆکاتەوە، ناتوانێت لەتەلفزیۆنێکی ڕەنگاو ڕەنگ زیاتریان ئۆتۆمۆبێلێکی بەکار هاتوو یان ئەم جۆرە شتانە بکڕێت .

کرێکار هیچ ناتوانێت ئەوەندە پارە کۆکاتەوە بتوانێت ئەو کۆمپانیایەی کاری لێ دەکات بیکڕێت . کەواتە (کاری ڕۆژانەی باش بەرامبەر کرێی ڕۆژانەی باش) سەرمایەی سەرمایەدارەکەی کردە دووهەند کەچی کرێکارەکە بێ جێگرەوە مایەوە، ناتوانێت جگە لەوەی بەردەوام بێت لەکارکردن و بەهەمان کرێ یان کەمێك زیاتر. کەواتە (مافی یەکسان) بۆ سەرمایەارو کرێکار بەنایەکسانی زۆر بووە.

یەکێك لەمەزنترین دۆزینەوەکانی کار مارکس ئەوەبوو ئەم نەسازییە بەرچاوەی ڕاڤە کرد . هیچ میکانیزمێك نییە سەرمایەدار ناچار بکات تەواوی بەهای کارەکەی بداتێ.

ئەو کرێکارەی ئەمڕۆ لەکارسازیی ئەندازەیی کاردەکات، بەنموونە، دەکرێ بتوانێت ٤٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی لە هەفتەیەکدا بەرهەم بێنێت . ئەوەشیان واتای وانییە کەوا هەمان برە پارە وەك کرێ وەردەگرێت، لە ٩٩٪ ی حاڵەتەکان، کرێکار زۆر لەو بڕەپارەیە کەمترە وەر دەگرێت جێگرەوەی ئەمەش بە گوێرەی کرێکار، برسیەتییە (یان لەسەر بڕە پارەیەکی نەمرو نەژی بگوزەرێنێت کە دەستە بەریی کۆمەڵایەتی دەیداتێ) .

لەبەر ئەم هۆیە کرێکاران نەك هەر داوای تەواوی بەهای بەرهەمەکانیان دەکەن، بەڵکو ئەوەندەی بارودۆخی گوزەرانی داهاتوو یان بۆ دابین دەکات .

کرێکار ئەوەندە کرێ وەردەگرێت کە تەنیا بتوانێت هەموو هەوڵ و کۆشش بکات و هەموو توانای رۆژانە بخاتە کار (واتە گشت — وەك مارکس ناوی نا — توانای کاری) بۆ بەرژەوەندی سەرمایەدار بخاتە کار . لەگۆشە نیگای سەرمایەدار دا، گەر کرێیەکەی دەدرێتە کرێکاران، بۆبەردەوامی کارو پێگەیاندنی نەوەکی نوێی کرێکار، ئەوا برە پارەیەکی لەباریان دەدرێتێ کە رێك بێت لەگەڵ هێزی کاریان.

بەهای ئەو سامانەی کە پێویستیا نەبۆ مانەوەی کرێکار بۆ کارکردن زۆر کەمترە لەبەهای ئەو سامانەی کەبەرهەمی دێنن لە کارەکەیاندا — واتە بەهای هێزی کاریان زۆر کەمترە لەو بەهایەی بەکار کردنیان هێناو یانەتەدی . ئەوەی دەمێنێتەوە — جیاوازییەکە — دەچێتە گیرفانی سەرمادارەکە مارکس ئەوەی ناونا (زێدەبایی).

## زێدە بوونی خۆکارانەی سەرمایە

گەر ئەو کتێبانەی هاو سۆزی لەگەڵ رژێمی دەستەڵاتدار بخوێنێتەوە، تێبینی ئەوە دەکەیت کەوا لە جۆرە باوەڕێکی سەیردا هاوبەشن پارە لای وان خەسڵەتێکی ئەفسوناوی هەیە، لەو باوەڕەدان وەك ڕووەك یان ئاژەڵ فرا ژوور

دەبێت سەرمایەدار! کە پارەکەی دەخاتە بانکەوە، وا چاوەنوارە بەهاکەی زێدە بکات. کە لە کڕینی پشکەکانی کۆمپانیایەك وەبەر هەمیدێنێت، وەك کۆمپانیای یونیلیڤر -بۆ نموونە- وا چاوەنوار دەکات هەموو ساتێك پارەی تازەی وەك سوود پێبگات. مارکس ئەم دیاردەیەی بیذیو ناوی نا (زێدە بوونی خۆکارانەی سەرمایە) و دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی- وەك پێشتر بینیمان مارکس لە خاڵی دراوەوە (پارە) دەستیپێنە کردووە، بەڵکو لە کارو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوانەی ساماندارن دەتوانن ئامرازەکان بەرهەمهێنانی بکڕن، کەسانی دیکەش ناچار دەکەن کاریان بفرۆشنیٚ کە پێویستیانە بۆ خستنە کاری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. نهێنی (فرەوانبوونی خۆ کارانەی سەرمایە) یان توانستە پەر جوویەکەی پارە بۆ زێدە بوون لای ئەوانەی زۆریان هەیە لە کڕین و فرۆشتنی ئەم کارە دایە. بۆ نموونە کرێکارێك، گریمان ناوی (جاك) بوو. جاك فرمانێك لای سەرمایەدارێك دەدۆزێتەوە، گریمان بەڕێز براوننگ براون بوو. ئەو کارەی جاك دەتوانێت لە هەشت کاتژمێر کاردا بیکات و بەرهەمی دەبێت بە هایەکی زۆری دەبێت و سامانێك دەکات- گریمان ٤٨ جونەیهی ئیستەرلینی بوو. جاك ناچارە بەرامبەر بەهایەکی لەوەی کەمتر کار بکات لەبەر ئەوەی جێگرەوەی ئەم بارە- لە بێکاریدا- پشت بەستنە بە دەستەبەریی کۆمەلآیەتی. کوشتنی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی پشتگیری لە سەرمایەداران دەکەن هەوڵ دەدەن بەهەر شێوەیەك بێت جاك تەنیا ١٢ جونەیهی ئیستەرلینی وەرگرێت لە رۆژێکدا لە دەستە بەریی کۆمەلآیەتی بۆ ئەوەی بە نەمرو نەژی خۆیو خێزانەکەی بگوزەێنێت. بە بیانووی ئەوەی گوایە گەر پارەی زیاتری پێبدەن ئەوا (دنەدەری کاری) نامێنێت. گەر جاك ویستی زیاتر لە ١٢ جونەیهی ئیستەرلینی دەست بخات لە رۆژێکدا ئەوا لەسەریەتی هێزی کاری خۆی بفرۆشێت هەتا کەمتر لە

٤٨ جونەیهی ئیستەرلینی وەرگرێت وەك بەهایەك بۆ ئەو سامانەی کە لە ٨ کاتژمێر کاردا بەرهەمی دێنێت.

دەشێ جاك ئامادە بێت بەرامبەر ناوەندی کرێی ٢٨ جونەیهی ئیستەرلینی لە رۆژێکدا کار بکات.

ئەو ٢٠ جونەیهی ئیستەرلینەی دەمێنێتەوە لە نێوان ئەو دوو بڕە پارەیە ئەوا دەچێتە گیرفانی بەڕێز براوننگ، ئەوەشیان ئەو زێدە بایییەکە بە بەڕێز براوننگ گەیشت. لەبەر ئەوەی ئەوەندەی سامانی هەیە بۆ کڕینی دەستەلآت و دەستگرتن بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە پلەیەك، ئەوا بەڕێز براوننگ دەستەبەری ئەوە دەکات کەوا دەوڵەمەندتربێت بەو (٢٠) جونەیهی ئیستەرلینەی رۆژانە لە هەر کرێکارێکی کەکار لەلآی ئەو دەکەن دەست دەکەوێت. بەم شێوەیە سامانی زۆرتر دەبێت و سەرمایەی فرەوانتر، نەك بەهۆی یاسایەکی سروشتی، بەلآم لەبەر ئەوەی دەستی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا داگرتووەو ئەوەش ڕێدەدات دەست بەسەر کاری کەسێکی دیکەدا بگرێت بە نرخێکی هەرزانتر. دیارە، بەڕێز براوننگ دەشێ ئەم (٢٠) جونەیهە بە تەواوی بۆ خۆی نەبێت، دەشێ کارگەکەی یان زەویەکەی بە کرێ گرتبێت، یان دەشێ هەندێ لە سەرمایەکەی لە سەرەتادا قەرز کردبێت لە کەسانی دیکەی چینی فەرمانڕەوا. ئەمەش داوای لێدەکەن لەم زێدە باییە بڕێت بۆ ئەوەی وەلآمی ئەوان بداتەوە. بەم جۆرە دەشێ ١٠ جونەیهی بدات وەك کرێ یان سوود یان پشکی دارای، تەنیا ١٠ جونەیهی وەك سوود دەمێنێتەوە. ئەوانەی لەسەر داهاتی پشکو قەواڵەکان دەژین زۆربەی جاران جاکیان هیچ نەبینوە لە ژیانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا، توانای گیانیی جونەیهی ذیە داهاتی بۆ دابین کردوون، بەڵکو هێزی جەستەیی جاکە کەوای کردووە داهاتی پشك و سودو قازانج هەموو لە زێدە بایییەوە هاتووە کەواتە چی ببێتە پێوەر بۆ داهاتی جاك بەرامبەر کارەکەی؟

خـاوەن کـار هەوڵـدەدات کـەمترین رادەی کـرێ بـدات، بـەڵام لەڕاسـتیدا سـنووردارە ناتوانێـت لـەم سـنورە ڕەت بێـت. یـەکێك لـەم سـنوورانە توانـستی جەسـتەییە- هـیچ سـوود لـەوە نابینێـت گـەر کرێیـەکی زۆر کـەم بداتـە کرێکـار کـەوایان لێـدەکات نـەتوانن بـە تەندروسـتی بـژینو بـەد خـۆراك بن بـێ توانـابنو کاریان پێنەکرێت.

کرێکاران پێویـستە توانستی جەسـتەییان هـەبێت بـۆ چوونو هاتنـەوەی رۆژانە لە بۆ کارکردن، شوێنێکیان هەبێت تیایدا لەشـەودا پشوو بدەنو بخـەون بـۆ ئـەوەی بـەیانی لـە کـاردا نەخـەونو توانایـان هـەبێت بـۆ کـارکردن. لـەم گۆشـە نیگایـەوە دەشـێ وا باشـتر بێـت ئەوەنـدە کـرێ بـدرێت بـۆ ئـەوەی (هەنـدێ خۆشـگوزەرانی) بـۆ کرێکـار دابـین بکـات وەك خواردنـەوەی هەنـدێ بـیرە لـە ئێـوارەدا، یـان بینینـی تەلـەفزیۆن، یـان وچـانی وەرزیـی وەرگـرتن. ئـەم شـتانە وادەکەن کرێکار چاکترو بە توانست تربێـت بـۆ کـارکردن، سـووتەمەنی پێـدەدات بۆ ئەوەی توانستی کاری بەرز بێتەوە.

ڕاسـتیەکی گرنگـە کـە بزانرێـت کـەوا (گـەر کـرێ زۆر کـەم بێتـەوە) دەبێتـە هۆی کەمبوونـەوەی توانـای بەرهـەم هێنـانی کـار. هـەروەها سـەرمایەدار شـتێکی دیکـەی هەیـە نـا ئـارامی دەکـات کۆمپانیاکـەی بـۆ چـەندان سـاڵ لـە بـازاڕدا دەمێنێت، واتە زیاتر لە تەمەنی گریمانەیی کرێکارانی ئێستای کۆمپانیاکە لـە پاشـەرۆژدا پێویـستی بـە کـاری منـداڵانیی ئـەم کرێکارانـە هەیـە، لەبـەر ئـەوە پێویـستە خـاوەن کارەکـان ئەوەنـدە کرێیـە بدەنـە کرێکارەکـان بـایی پـەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیان بکات. هـەروەها پێویستە لـەوە دڵنیـابن کـەوا دەوڵـەت کارامـەی وەك (خوێنـدنو نووسـین) یـان لاپـەرە پێـدەدات لـە ڕێگـای سیـستەمی پـەروەردەو فێرکرنـدا، لـە پراکتیکـدا، شـتێکی دیکـەی گـرنگیش هەیـە ئـەویش ئەوەیـە کـەوا: کرێکـار لـەو بـاوەڕە دابێـت کـەوا (کرێکـە باشـە). ئـەو کرێکـارەی کەزۆر کەمتر لەوە وەردەگرێت کەبە شایانی خۆی دەزانێت دەشـێ لـە کارەکەیـدا

کەمتەرخەمی بکات و گویٚ بەوەی نەدات کە لە دەستی بچیٚت لەبەر ئەوەی وا دەزانیٚت کە (بیٚ سوودە).

هەموو ئەم هۆکارانە کریٚی کریٚکار دیاری دەکەن، شتیٚکی هاوبەش لە نیٚوان هەمووانداية، هەمووی بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچیٚت کەوا ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا کریٚکار وزەی تەواوی هەیە، یان هیٚزی کار، کە وا سەرمایەدار بە پیٚی کاتژمیٚر دەیکڕیٚت. کریٚکارانیش ئەوەندە کریٚیە وەردەگرن بەشی خۆیانو خیٚزانەکانیان بکات تا بەزیندووی بمیٚننەوەو توانستی کارکردنیان هەبیٚت. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆدا خاڵیٚك هەیە پیٚویستە دووپاتکریٚتەوە و جەختی لەسەر بکریٚت، ئەویش ئەوەیە کەوا ڕادەیەکی زۆری سامان سەرف دەکریٚت لە شت گەلیٚکی وەك هیٚزی پۆلیس و چەك، ئەوانیش لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار بەکار دەهیٚنریٚن. لە ڕاستیدا سەر بە چینی سەرمایەدارە، هەرچەندە لە ڕیٚگای دەوڵەتەوە کاردەکات.

ئەو بەهایەی لەو شتانە خەرج دەکریٚت سەر بە سەرمایەدارانە نەك کریٚکاران.

لەبەر ئەوە بەشیٚکە لە زیٚدە باریی.

زیٚدەبایی = سوود + کریٚ + سەر سوود + خەرجی پۆلیس و سوپاو ئیدیکەش.

# دەرووی پێنجەم

**بەها لە تیۆری کاردا:**

**"بەڵام ئامێرەکان و سەرمایە وەك کار کاڵا دروست دەکات. لەبەر ئەوە، وەك بەشێك لە داد پەروەری هەر یەك لە سەرمایەو کار بەشی خۆیان لە سامانی بەرهەم هاتوو ببەن. هەر توخمێکی بەرهەمهێنان پێویستە پاداشتی خۆی وەرگرێت".**

**هەندێ کەسی کەوا کەمێك لە ئابووری سەرمایەداری گەیشتوون وەڵامی شیکردنەوەی مارکسیانە دەدەنەوە سەبارەت بە ڕەنج خۆری و زێدە بایی.**

**سەرەتا ئەم بەرهەڵستی کردنە لۆجیکیانە دێتە بەرچاو. بە دڵنیاییەوە، تۆ بەبێ سەرمایە ناتوانیت کاڵا بەرهەم بێنیت مارکسییەکان هیچ بانگەوازیان بۆ ئەوە نەداوەتەوە، کە شیاو بێت،بەڵام خاڵی سەرەتا لای ئێمە جیاوازە.ئێمە بەم پرسیارە دەست پێدەکەین:**

**سەرمایە لە کوێوە پەیدا دەبێت؟**

**ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە بنەڕەتدا چۆن پەیدا بوون؟**

**وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دژوار نیە.**

**هەموو شتێك کە مرۆڤ لە ڕەوتی مێژوودا بەکاری هێنابێت بۆ بەرهەمهێنانی سامان – تەوری چاخی بەردین یان کۆمپیوتەری نوێ – کاری مرۆڤ بەرهەمی هێناوە. هەتا ئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون لە بەرهەمهێنانی تەوردا ئەوانیش بەرهەمی کارێکی پێشوو ترن، هەر ئەوەش بوو وایکردووە کارل مارکس ناوی (کاری مردوو) لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بنێت.**

لەو کاتەی کارداران دەنازن بەو سەرمایەی هەیانە، لە ڕاستیدا بەوە دەنازن کە خاوەنی دەستەلآتن بەسەر قەوارەیەکی گەورەی نەوەکانی پێش خۆیان- نەوەك کاری باپیرانیان- ئەوانیش ئەوەندی ڕۆڵەکانیان لە ئێستادا کاریان کردووە.

ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت کار سەرچاوەی سامانە- ئەوەیە ئاسایی ناو دەنرێت بە- (تیۆری کار سەبارەت بە بەها) لە بنچینەدا لە دۆزینەوەی مارکس نەبوو.

هەموو گەورە ئابووری زانە بروژوازییەکان تا سەردەمی ئەو لەم تیۆرییە ڕازی بوون.

دەبینیت کەسانێکی وەك ئابووریزانی ئسکۆتلەندی ئادەم سمیسو ئینگلیزی دیڤید ریکاردو سەبارەت بە دیاردە ئابوورییەکان دەیان نووسی، لەو کاتەی ڕژێمی پیشەسازی سەرمایەداری هێشتا تازە بوو. لەو چەند سالآنەی پێش و دوای شۆڕش فەڕەنسی، سەرمایەداران چینی بالآدەست نەبوون و پێویستیان بەوە بوو بزانن سەرچاوەی ڕاستەقینەی سامان چ‌یە گەر بیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن، هەردوو سمیسو ریکاردۆ خزمەتی بەرژوەندی ئەوانیان کرد کە پێیانیان ڕاگەیاند کەوا کار سەرچاوەی سامانەو سامان بەرهەم دێنێت، کەواتە گەر بیانەوێت سامانی خۆیان دروست کەن پێویستە لەسەریان کار لەدەست دەستەلآتدارو کۆنەکان (رزگار) بکەن واتە لەدەست فەرماندارانی پێش سەرمایەداری. کرێکار هەمان تیۆرییان دژی دۆستانی سمیسو ریکاردۆ ئاڕاستە کرد، کە دەیان گووت: گەر کار سامان بەرهەم دێنێت، کەواتە کار سەرمایە بەرهەم دێنێت. بەم شێوەیە (مافەکانی سەرمایە) ئەو مافانەن کە دەکاتە دەستگرتن بەسەر کاری کرێکاراندا.

پاش ماوەیەکی کەم، ئابووریزانانی کە پشتگیری لەسەرمایە دەکەن رایانگەیاند کەوا تیۆری کار سەبارەت بە بەها قسەی بەتاڵە. دیارە گەر ڕاستی لەدەرگەی پێشەوە وەدەرنێت، لە دەرگەی دواوە دێتەوە ژوور.

هەڵسە ڕادیۆ بکەوە، ماوەیەکی باش گوێی لێ رابگرە دەبیستیت هەندێ ڕەخنە گریان کەسانی دیکە دەڵێن گوایە گیروگرفتی ئابووری بەریتانی لەوە دایە (تاکە کەسان وەك پێویست کار ناکەن)، یان بە شێوازێکی دیکە دەڵێن (توانای بەرهەم هێنان زۆر دابەزیوە) بۆ وەردەکێك (دەقە) ئەوە لەیاد بەرەوە کە بپرسیت ئەوە ڕاستیە یان نا، لەبەر ئەوە بە قووڵی لە ناوەڕۆکی وردبەوە. ئەوان هیچ ناڵێن (ئامێرەکان بە توانایەکی بەرز کار ناکەن). نەخێر، هەمیشە لۆمەی مرۆڤ کرێکار دەکرێت.

گەنگەشە بۆ ئەوە دەکەن کەوا گوایە گەر کرێکار بە لێهاتووی زۆرتر کار بکات، سامانی زێدە دەبێت و بەوەش وەبەرهێنانی زۆرتر لە ئامێردا گەورەتر دەبێت.

ئەو کەسانەی ئەم تێزە بەکاردێنن دەشێ نەزانن، بەلأم دەڵێن زۆر کارکردن سەرمایەی زیاتر پەیدا دەکات، کەواتە کار سەرچاوەی سامانە بۆ نموونە: گەر پێنج جونەیهی هەبوو لە گیرفاندا، ئایا سوودیان بۆ من چیە، لە کۆتاییدا تەنیا کاغەزێکی چاپکراون. بەهاکەی بۆمن لەوەدا شاردراوەتەوە کەوا دەتوانم- بە ئاڵوگۆڕکردنی- شتێکی سوود بەخش وەربگرم کە سێکی دیکە دروستی کردووە بەکاری خۆی. ئەو پێنج جونەیهە لە ڕاستیدا ئامرازێکە بۆ دەست خستنی کالأی لە زۆرکاری تێدا کراوە. گەر دەجونەیهم هەبووایە واتە دەتوانم دوو هەند کاری دیکەم دەست کەوێت کە لە دروستکردنی شتانی دیکە خەرج کراوە، ...هتد.

ئێمە بەهای سامان دیاریدەکەین، لە ڕاستیدا ئەو کارە دەپێوین کە لەبەرهەم هێنانیدا خەرج کراوە. دیارە هەموو کەس بە هەمان رادەو لەهەمان

کاتـداو هـەمان بەرهـەم هێنـانی نیـە. گـەر ویـستم مێزێـك دروسـت بکـەم دەشـێ پێنج یان شەش ئەوەندەی بوێت کە دارتاشێکی کارامە پێویستیەتی بۆ بەرهـەم هێنـانی هـەمان شـت. بـەڵام کـەس بـیر لـەوە ناکاتـەوە کـەوا- لەبـەر ئـەو هۆیـە- ئەوەی دروستم کردووە بایی پێنج یان شەش ئەوەنـدەی بەهای ئـەو مێزەیـە کـە دارتاشە کارامەکە دروستی کردووە. بەهای مێزەکە بەوە دیـار دەکرێـت کەچـەند کاری دەوێت کەوا دارتاش بۆ بەرهەم هێنانی پێویستییەتی نەك کاری من.

بـۆ نمونـە بڵـێ مێزەکـە یـەك کاتـژمێری دەوێـت لای دارتاشـی کارامـە بـۆ دروسـت کردنـی، لـەم حاڵەتـەدا دەوترێـت بـەهای مێزەکـە دەکاتـە یـەك کاتـژمێر کـار. ئـەم کاتـەی پێویـستە بـۆ دروسـت کردنـی بـە گریمانـەی هـەمان ئاسـتی ئاسـایی لـە پیـشەسازیو تەکنـەلۆژیاو کارامـەیی بـەکارهاتوو لـە کۆمەڵگـەی ئێستادا. لەبەر ئەم هۆیە، مارکس پێیداگرت لەسـەر ئـەوەی پێـوەری بـەهای هـەر شتێك تەنیا ئەو کاتە نیە کە پێویستە بۆ دروست کردنی لەلایـەن تاکـە کەسـەوە بۆ درست کردنی، بەڵکو کاتی پێویست کە تاکە کەسێك لـە ئاسـتێکی ناوەنـدی لە تەکنەلۆژیاو کارامەیی کار بکات. هـەر ئەوەشـە مـارکس نـاوی نـا کـاتی کـاری پێویست لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم خاڵە گرنگە لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی تەکنـەلۆژی سـەرمایە بـەردەوام لـە پێـشکەوتندایە واتـە بەرهـەم هێنـانی کـاڵا بـەردەوام کـاتی کـەمترو کـەمتری دەوێـت. بـۆ نموونـە، کـە ڕادیـۆ دروسـت کـرا لەدەرچەی ترمۆنی کـەوای کـرد نرخەکـەی زۆر گـران بێـت لەبـەر ئـەوەی کارێکـی زۆری دەوێت لـە دروسـت کردنـی دەرچـەکان و بەستنەوەی بـە تـەلی کارەبـایی.. هتد

دواتـر ترانزسـتور دۆزرایـەوەو بەئـەرك و کۆشـشێکی کـاری زۆر کـەمتر دروسـت کـراو بەسـترا. لـەناکاو، کرێکـاران کـە لـەو کارگانـە کاریـان دەکـرد کـە هێـشتا ڕادیـۆی بـە دەرچـەی دروسـت دەکـرد بینیـان بـەهای ئـەوەی دروسـتی دەکەن دابەزی. بەهای ڕادیۆ بەو کاتەی پێویـستە بـۆ سـازکردنی بـە دەرچـە وەك

خـۆی نەمایــەوە لــە بــڕی ئــەوە بەوکاتــە دەژمێردرێــت کــە بــەکار دێــت لــە دروستکردنی ترانزستۆر.

دوا خاڵ سەبارەت بەم بابەتە ئەوەیە، نرخی هەندێ کالاَ زۆر ناجێگیریـە– ڕۆژ لـەدوای ڕۆژو هەفتـە لـەدوای هەفتـە. ئـەم گۆڕانکاریانـە دەشـێ بـەهۆی زۆر شت ڕوو بدەن لە تەك گۆڕانکاری لەڕادەی کاری کراو لە دروستکردنیدا.

کەشەختە لەبەرازیل هـەموو بەرهـەمی قاوەی لـەناو برد، نرخـی قـاوە زۆر بەرز بووەوە بەهۆی کەم بوونی قاوە، لە هـەموو جیهانـدا خـەڵکیش ئامـادە بـوون پارەی زیاتر بدەن.

بــەیانیش گــەر هــاتوو کارەســاتێکی سروشــتی هــەموو ئامێرەکــانی تەلەفزیۆنی لەبەریتانیا تێك شکاند هەر بۆ نموونـە، گومـان لـەوە دانامێنی کـەوا نرخی تەلەفزیونەکان بەهـەمان شێوە بـەرز دەبێتـەوە، ئـەوەی ئـابووری ناسـەکان بـە خـستنە ڕوو و داوا نـاوی دەبـەن، بەشـێوەیەکی بـەردەوام بـەرزیو نزمـی نرخەکان دەخولقێنێ.

لەبـەر ئـەم هۆیـە زۆر لـە ئـابووری ناسـانی دۆسـتی سـەرمایەداری دەڵـێن کـەوا تیـۆری کار بـۆ بـەها هـیچ مانایـەکی نیـە. دەشڵێن کـەوا ئـەوەی پـەیوەنـدی بەوانەوە هەبێت خستنەڕوو وداوایە.

بەلاَم ئەمەیان قسەیەکی بێ ناوەرۆکە.

چونکە ئـەم تێـزە ئـەوەی پـشت گـوێ خستووە کـەوا کـاتێ شـتومەکەکان بەرزیو نزمیان بەسەردا دێ بەرزیو نزمیەکە ئاستێکی تایبـەتی دەبـێ. دەریـا بەهۆی هەڵکشان و داکشان بڵنـدو نـەوی دەبێتـەوە، بـەلاَم ئـەوە ناگەیـەنی کـەوا ئێمە ناتوانین بڵێین کـەوا خـاڵێکی شـوێن نـەگۆڕی هەیـە لـە جووڵەکەیـدا، ئـەوەی کە بەئاستی دەریا ناوی دەبەین.

بەهەمان شێوەش: هەر لە ڕاستیشدا نرخەکان بەرزیو نزمیان بەسەر دا دێت لە نێوان ڕۆژێك و ڕۆژەکەی دووای- بەلاْم ئەوەش وا ناگەیەنێ کەوا بەهاییێکی سەقامیگر نیە ئەو بەرزیو نزمییەی بەسەردا بسوڕێتەوە.

هەر بۆ نموونە: گەر بێت و هەموو ئامێرەکانی تەلەفزیۆن تێکشکێندرێن ئەو ساکە یەکەم بەرهەم داوایەکی زۆری لەسەر دەبێو نرخی بلْند دەبێتەوە بەلاْم پاش ماوەیەکی کەم تەلەفزیۆنی دیکە بەرە بەرە دێتە بەرهەم هێنانو لە فرۆشتندا کێ بڕکێی یەکتر دەکەن بە بەردەوامی نرخەکانیان نزم دەبێتەوە تا وای لێدێت لە نرخی دروستکردنی ڕۆژانی یەکەم جاری نزیك دەبێتەوە.

# دەرووی شەشەم

## کێبڕکێ و گردبوونەوە

کاتێك هەبوو سەرمایەداری لە شێوەی سیستەمێکی دینامیکیو پێش کەوتوو خۆی خستبووە ڕوو. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤیش چەوساندنەوەو ماندوویی زاڵ بوو بوو بەسەر ژیانی زۆربەی هەرە زۆری پیاوان و ئافرەتان سەرمایەداری پیشەسازیش کاتێ لە هەر دوو سەدەی هەژدەمو نۆزدەم سەری هەڵدا هیچی لەم ڕەوشە نەگۆڕی، بەڵام وا دیار بوو کەوا سەرمایەداری ئەم بارەی ئارەقە ڕشتن و چەوساندنەوەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئاراستە کرد بوو کە لەبەرژەوەندی خۆی دابوو. بەڵام لەجیاتی بەفیرۆدانی ئەو سامانە زۆرەو تەرخانکرد بۆ خۆشگوزەرانی هەندێ لە ئۆرستۆقراتیە چاو چنۆکەکان و دروستکردنی گۆڕی نایاب بۆ شا مردووەکان و خەرج کردنیان لە جەنگی بێ هوودە وەك ئەوەی بڵێین شازادەیەك بیەوێت دەست بەسەر فەرمانڕەوای شوێنێك دا بگرێت ئەو پارەیە بۆ بەرهەم هێنانی سامانێکی زیاتر بەکاردێت ئەو ماوەیەی سەرمایەداری تیایدا گەشەی دەسەند هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازیو شار ئاوەدانکردنەوەو هۆکارەکانی گەیاندن لەئاستێکدا بوو کە پێشتر نموونەی لە مێژووی مرۆڤایەتی نەبوو.

سەیریشە ئەمڕۆکە شوێنانی وەك ئولوهامو هالیفاکس و بێنجلی ببێتە بارەگای معجزەکان. مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی بەخۆوە نەدیتووە ئەو پەمۆ زۆرو ئەو خورییە زۆرە بکرێتە کوتاڵ بۆ دابینکردنی جلو بەرگ بۆ ملیۆنەها کەس بەڵام ئەو کارە لەبەر هەندێ چاکە کاری تایبەت بە سەرمایەدارەکان ڕووی نەدا. ئەمانە بەتێکڕایی کۆمەڵێکی دڵ ڕەق بوونو تەنیا ویستیان گردبوونەوەی

سامانی زیاتر بوو، چونکە ئەوان هەتا کرابا کەمترین کرێیان دەدایە. کرێکارانی ژێر دەستیان. چەندین چینی فەرنانڕەوای پێشیان بە تەواوی هەر وەك ئەوان بوون بەڵام بێ ئامانجی بیناسازی پیشەسازی سەرمایە دارەکان لە دوو خاڵدا لەوان جیاواز بوون خاڵی یەکەم هەر وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە لەوەدایە کەوا ئەوان کرێکاریان نەبوو بەڵام لەجیاتی ئەوە کرێی ئەوان بەند بوو بە توانای کار کردنیان لە کاتژمێرێك ئەوەش هێزی کارکردنیانە. هەروەها ئەوانیش کۆیلە بەکرێ گیراوەکانیان– نە کۆیلەکان– بەکاردەهێنا خاڵی دووەمیش ئەوەیە ئەوان ئەو کەلو پەلانەی کرێکارەکانیان بەرهەمیان دەهێنا بەکار نەدەهێنا. سەبارەت بەدەربەگەکانیشەوە ئەوان ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو گۆشت و نان و پەنیرو ئارەقە دەژیان کە کۆیلەکانیان بەرهەمیان دەهێنا. بەڵام سەرمایەدارەکان لەسەر فرۆشتنی ئەو کەلو پەلانەی کرێکارەکانیان بە خەڵکانی تریان دەفرۆشت دەژیان دەسەلاتی سەرمایەداران لێرەدا کەمتر بوو لەدەستەلاتی خاوەن کۆیلەو دەرەبەگەکان بۆ ئەوەی بەم شێوەیە مامەڵە بکا کە بەباشی دەزانێ چونکە سەرمایەدارەکان دەبوایە کەلو پەلێکی هەرزان نرخیان بەرهەم هێنابا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بفرۆشرێت.

–بەم جۆرە سەرمایەدار خاوەنداریەتی کارخانەی دەکردو تیایدا لەڕادە بەدەر بەهێز بوو.

–بەڵام ئەو نەیدەتوانی ئەو هێزە هەر وەك چۆن مەبەستی بوو بەکاربێنێ دەبا ئەو سەری خۆی پێداویستیەکانی کێبەرکێیی لەگەڵ کارخانەکانی تردا دانەوێنی.

–با دووبارە بگەڕێینەوە لای هاوەڵە سەرمایەدارەکەمان بەڕێز براونینگ براون، وا مەزەندە بکە کەوا بەرهەم هێنانی بڕە کوتاڵێك لە کارخانەی ئەودا دە کاتژمێری کاتی کرێکارانی پێویستبێ، کەچی کارخانەیەکی تر لەو لاودا هەیە هەمان بڕە کوتاڵ بە (٥) کاتژمێری کاتی کرێکاران بەرهەم دێنێ.

-بەڕێز براونبخ ناتوانێ کەلو پەلەکەی خۆی بەنرخێك بفرۆشێت یەکسان بێت بەدە کاتژمێری کاتی کردن.

-کەس بیرلەوە ناکاتەوە کەلو پەڵی بە نرخێکی بەرز بکڕێت لەکاتێکدا هەمان کەلو پەل لە شوێنێکی تر بە هەرزانتر بفرۆشرێت.

-هەر سەرمایەدارێك بیەوێت لەکارەکەی بەردەوام بێت دەبێ گەرەنتی ئەوە بکات کرێکارەکانی بە باشترین شێوە کار دەکەن. بەڵام ئەمەیان ئامانجی دوایین نیە، ئەو دەبێ گەرەنتی ئەوەش بکات کەوا کرێکارەکانی بە گوێرەی نوێترین ڕێنمایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی کار دەکەن بە شێوەیەك ئەوەی کرێکارەکانی لە کاتژمێرێکدا بەرهەمی دێنن هاوسەنگ بێت لەگەڵ کاری کرێکارانی کارخانەیەکی تری سەرمایەدارەکاندا.

-کەواتە ئەو سەرمایەدارەی مەبەستیەتی بەردەوام بێت لە (بیزنس)ەکەیدا دەبێ گەرەنتی ئەوە بکات کەوا گەورەترین بڕ لە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لەژێر دەستی ئەو دایە- هەر وەکو مارکس ئاماژەی پێکرد- سەرمایە لەسەر یەك گل کاتەوە.

-کێبەرکێ لەنێو سەرمایەدارەکاندا هێزی سیستەمی بازاریی هێنایە کایەوە، ئەو هێزەی بەتەواوی بەسەر هەمواندا خۆی سەپاند بوو.

-ئەو هێزە بوو کەوا وای لێکردن بە درێژایی کات پەلە بەپرۆسەی بەرهەم هێنان بدەن... هەموو ئەوەی لەژێر دەستیشیاندایە وەبەر بێنن لە پێناو کڕینی ئامێری نوێ ئەوان تەنیا بەڕێگای کەم کردنەوەی کرێی کرێکاران ئەوەیش بەپێی توانا دەتوانن ئامێری نوێ بکرن (... واتا هۆکارەکانی خۆشی و خۆش گوزەرانی ئەوان لەلایەکی ترەوە).

-مارکس سەرمایەی لە سەرەوەی هەموو کارەکانی دانا. سەرمایەدارەکان وەك مرۆڤی ڕەزیلن لەڕووی ئەوەوە ڕەزیل ئامانجی دەستکەوتنی سامانی بەردەوامە بەڵام:

-ئەوەی لەڕەزیلدا دەیبینین وەك تایبەتمەندییەکی کەسایەتی خۆی لەلای سەرمایەداردا وەك سەرەنجامێکی میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی دەبینین کەتیایدا ئەو کەرتێکی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتیە پێکدێنێ.

-گەشە سەندنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری زیادە پێکردنی قەوارەی سەرمایەی وە بەرهێنراو لەکارێکی پیشەسازی دیاردا دەکاتە پێویست، کێبڕکێش وا لەهەر کەسێکی سەرمایەدار دەکات هەست بەو یاسا گرنگانەی وەبەرهێنانی سەرمایەداری بکات وەك جۆرێکی ئەو یاسا زۆرەملێیانەی لەدەرەوەدا بەسەری دەسەپێنرێ. ئەم بەزۆر بەسەرداسەپاندنە وای لێدەکات سەرمایەکەی بە بەردەوامی فراوان بکات بۆ پارێزگاری کردنی.

-ئەو ناتوانێ پەرە بەسەرمایەکەی بدات- تەنیا لەڕێگای بەرهەمهێنان لە پێناو وەدیهێنانی پێداویستیە مرۆییەکاندا- بگرە هەتا پێداویستە مرۆییەکانی چینی سەرمایەدارەکاندا بەڵام لە پێناو ئەوەیە سەرمایەدار لە پێشبرکییەکی بەردەوام لەگەڵ سەرمایەدارێکی تردا بێت.

-ئەو کرێکارانەی لەگەڵ هەر کەسێکی سەرمایەدار کار بکەن دەبینین کەوا ویستی خاوەن پیشەکان سەبارەت بە دیهێنانی بەپەلەی بەسەریەك گردبوونەوە بەسەریان زاڵە، بۆ پێشکەوتنی ڕکابەرەکانیان.

-هەر وەك مارکس لەبەیانی کۆمۆنیستیدا دەنووسێ.

-لە کۆمەڵگەی بورجوازیدا، کاری مردوو هۆکارێکە بۆ گردبوونەوەی کاری مردوو.

-هیچ کەس ئەو هەموو ئاسن و پۆڵایەی ناوێ کە بەرهەم دەهێنرێ لەنکاوڕا پیشەسازی پۆڵا بە ئاستێکی لە توانای خۆی کار دەکات و بە پیشەیێکی بێ قازانج دادەنرێت، داخرانو دواخستن لە پیشەسازییەکەوە بۆ پیشەسازیەکی تر تەشەنە دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی توانستی کرێکارەکان بۆ کڕینی بەرهەمە پیشەسازیەکانیان.

–مێـژووی سـەرمایەداری مێـژووی ئـەو بەرزبوونـەوەو نـزم بوونـەوە مـاوە ماوەییانەیە کە دەبێتە هۆی سەر هەڵدانی برسیەتیو بێکاری لـەدەرەوەی کارگـە بـیٚ بەرهەمـەکان لـە کاتێکـدا ئـەو کـەلو پەلاٚنـەی داوایـان لەسـەر نیـە ڕووەو گەنیبوون دەڕوات.

–سـەرمایەداری کێـشەی زێـدە بەرهـەم هێنـانی نـاوە نـاوەیی دروسـت دەکـات.. لەبـەر ئـەوەی هـیچ پلاٚنێکـی پـێش وەختـی نەخشە کێشراو نیـەو هـیچ ڕێگایـــەك بـــۆ ڕاگرتنـــی چـــوونە دەرەوەی ســـەرمایە لەوەبەرهێنانـــەوە بـــۆ وەبەرهێنانێکی تر نیە بەیەکجارو بەیەك جیٚ دەست.

–خـەڵکان لـەو بڕواییـەدان کـەوا دەوڵـەت ناتوانێـت ئـەم کـارە لـەڕێگای خۆتێهەڵقوتانـدنی ئـابووری بوەسـتێنیٚ بـە واتـای زێـدە کردنـی وەبـەرهێنانی دەوڵەت کاتی ئاستیٚ وەبەرهێنانی تایبەتی لە دابەزین دابیٚو کەمکردنەوەشـی کـاتیٚ وەبـەرهێنانی تایبـەتی خۆیبـدا لـە سـاڵی.. دەوڵـەت بـەردەوام دەبێـت لـە سـەر... یەکسان بـەلاٚم لـەڕۆژانی ئێـستاماندا وە بـەرهێنانی دەوڵـەت بەشـێکە لەشێتی.

–سەیری پۆلاٚی بەریتانی بکە..

–لەچەند ساڵێکی ڕابردوودا کاتی کۆمپانیاکە هێشتا کەرتێکی گشتی بوو کرێکارانی پۆلاٚسازی وایان پیٚ ڕاگەیاندرا بوو کەوا لـەکارە وەزیفیـەکانیان زیاتر کانزای پۆلاٚ بەنرخێکی هەرزانتر بهێننە بەرهەم.

–ئێستا وایان پێدەگوترێت کەوا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیـەکی زیـاتری کرێکاران پیشەکانیان لەدەست بدەن... چونکە بەریتانیا تـەنها دەوڵـەتێك نـەبوو دەستپێشخەری ئەم پلانە زلانەی وەبەرهێنان بکات.

–فەڕەنــساو ئــەڵمانیاو ولاٚتــانی یــەکگرتوو وبــەرازیل و ئــەوروپای ڕۆژهەلاٚت بگـرە هـەتا کۆریـاش هـەموویان بەهـەمان کـار هەڵساون لـەئانو سـاتی ئێستادا زێدە پێویستیەك لەبەرهەم هێنراوەی پۆلاٚ هەیە– کێشەی زێدە بەرهـەم

هێنانە.. ڕادەی وەبەرهێنانی حکومی کەم دەبێتەوەو بەهەمان شێوە کرێکارانی کانزای پۆلاش لە هەردوو بواردا لە خەم دەناڵێنن.

-ئەمەیە ئەو نرخەی مرۆڤایەتی دەیدا بەو سیستەمە ئابووریەی زاڵە بەســــــــــــــــــــــــــــــــەر ئاســـــــــــــــــــــــــــــــــتی وەبەرهێنانی سامانێکی مەزن لەڕێکای کۆمەڵەیەکی بەختەوەری قازانج خەمۆك.

-گرنگ لەوەدا نیە بێت و ئەو کۆمەڵە بچکۆڵە بەختەوەرانە کاری پیشەسازیان ڕاستەوخۆ لەژێر دەستدا بێت یا وەخود ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەستێوردانە کاری حکومەتی هەروەك لە حاڵەتی پۆلای بەریتانی ئەم دەست ڕۆییەش بەکار دێت بۆ کێبەرکێ کردن لەگەڵ یەکتردا بۆ ئەوەی گەورەترین بەشە قازانج بەدی بهێنین لە ناوەخۆ یانەخۆ لەسەر ئاستی جیهانی.. لێرەدا ئەوەی زەرەرمەند بێ کرێکارە.

-دووایین بواری شێتی رژێمیش ئەوەیە کەوا کێشەی زێدە بەرهەم هێنان بەهیچ شێوەیەك زێدە بەرهەم هێنان نیە.. هەموو ئەو زێدە بەرهەمییەی کانزای پۆلا

- بابڵێین ڕەنگ بێت یارمەتی چارەسەرکردنی برسیەتی لە جیهاندا بدات جوتیاران لە جیهاندا ناچارن زەوی خۆیان بەچەکی لەدار دروستکراوە لەم جۆرە.

- ئامێری جۆتکردن بکێڵن، چەکی لەم جۆرە بە پۆلا دروستکراو ڕەنگ بێ بەرهەمی خۆراك زێدە بکات بەلام پارەیان بە هیچ جۆرێك لەدەستدا نیە.. بەم جۆرە وا دیارە سیستەمی سەرمایەداری خەمخۆری کێشەکە بێت.. هیچ قازانجێك لە ئارادا نیە بەدووای وە بن.

## دەرووی حەوتەم

**-کێشەکە بۆ وای لێهات بەرەو باری خراپتر بڕوات.**

**-کێشەکە تەنیا بەڕێگەی سیستەمێکی لاوازەوە ڕوو نادات.**

**-مارکس وای پێشبینی کرد کێشەکان بە تێپەڕ بوونی کات بەرەو باری خراپی بڕۆن هەتا ئەو کاتەی وەبەرهێنان بەڕێژەیەکی یەکسان دێتە کایەوە لەگەڵ بێ ناسیستەمیش ئەمەیان ناتوانێ ئاراستە گشتیەکە لەڕووی کارەساتەکەدا ڕاگرێت.**

**-چونکە سەرمایە هەموو تایبەتمەندیەکانی سەربەخۆ بوونو تاکایەتی هەیە کەچی مرۆڤی زیندوو پشت بەکەسانی ترەوە دەبەستێت و هەست بە تاکایەتی ناکات.**

**-فاکتەری پاڵدەری پەیوەست بۆ سەرمایەدارەکان بە مەبەستی گردبوونەوەو کێبەرکێ کردن لەنێوان هەندێك و هەندێکی تریاندا ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەو خێراییە زۆرتیژەی ڕووی لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی کرد بوو لە یەکەم ساڵی سیستەمەکە.**

**-بەڵام ئەنجامەکە شتێکی تر بوو.. کێشەیەکی ئابووری دووبارە بووەوە، کێشەش شتێکی نوێ نیە، کێشە شتێکە بەقەد سیستەمەکە کۆنە.**

**-٦ کارەساتی ئابووری**

**-سامانی گردبوونەوە لەلایەکو هەژاری لەلایەکی ترەوە.**

**-بەم شێوە کورتە مارکس باسی لە ڕەوتی سەرمایەداری کرد- هەر سەرمایەدارێك ترسی کێ برکێیی کردنی هەیە لەگەڵ ئەوەکانی تردا هەر لەبەرە**

ئەمەیە هەر سەرمایەدارێك هەموو تواناكانی كارمەندەكانی خۆی دێنێتە گەڕو كەمترین كرێشیان پێدەدات تا لە توانای دابێت.

-ئەنجامەكەش ناڕێكیەكە لەنێوان ئەو گۆڕانكاریە مەزنەی هۆكارەكانی بەرهەم هێنان لەلایەك و گۆڕانكاری سنورداری كرێدانو ژمارەی كارمەندو كرێكاران لەلایەكی ترەوە ئەمەیان هەروەكو ماركس لەسەریەوە تووڕە سووڕ بوو هۆكاری سەرەكی كارەساتێكی ئابووری بوو.

-باشترین ڕێگا بۆ ئەم تێڕوانینە ئەوەیە بپرسین:

-كێ ئەو كەلو پەلە زێدە بەرهەم هێنراوە بەبەردەوامی دەكڕێ؟

-كرێی كەمی پێشكەشكراو بەكرێكاران ئەوە دەگەیەنێ ئەوان ناتوانن بارگری كڕینی كەلو پەلی دروستكراوی دەستی خۆیان بن، سەرمادارانیش لەدەستیان نایەت كرێیەكە زیاد بكەن چونكە ئەمەیان قازانج دەفەوتێنێ ئەو قازانجەی هێزی پاڵدەری سەرمایەدارانە.

-بەلام گەر بێت و كۆمپانیاكان نەتوانن كەلو پەلە بەرهەم هێنراوەكان بفرۆشن ئەوا ناچار دەبن كارخانەكانیان دابخەنو كرێكارەكانیان دەر بكەن.

-ئەمەیان كۆی گشتی پارەی كرێ كەمتر دەكاتەوەو سەر ئەنجام چەندەها كۆمپانیای تریش ناتوانن، كەلو پەلەكانیان بفرۆشن (كارەساتێكی زێدە بەرهەم هێنان) دەست پێدەكات.

-كەلو پەل لەبازاڕ لەسەر یەك كۆدەبێتەوەو خەڵكیش لە بازاڕ توانای كڕینیان نابێت.

-ئەم گێردراوەیە سەرگوزشتەیەكی كۆمەڵی سەرمایەداری بوو لە ١٨٠ساڵی رابوردوودا. بەلام هەر تێگەیشتنێكی بلیمەتانەی سیستەمەكە بەپەلە ئاماژە بە پێویستی هەبوونی ڕێگایەكی ئاسان بۆ دەرچوون لەم كارەساتە دەكات.

-هـەموو ئـەوەی ئێمـە بمانـەوێ ئەوەیـە سـەرمایەداران قازانجـەکانیان لەکارخانەو ئامێری نوێدا وەبەر بێنن.

-ئەمـەیان کـار بـۆ کرێکـاران دەرەخـسێنێ بەشـێوەیەك بـە پـارەی دەستکەوتی کارکردنیـان دەتـوانن کـەلو پەلـە نەفرۆشـراوکان بکڕن. ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێ کەوا هەر چەند وەبەرهێنانی نوێ وەگـەر بخسترێ هـەموو کـەلو پەلـە بەرهـەم هێنراوەکـان و دەفرۆشـرێن و سیـستەمەکەش دەتوانێـت تـەواوی کـار خوازەکان دامەزرێنێت.

-مارکس گێل نەبوو لەوە ئاگادار نەبێ.

-هـەروەکو پێـشبینمان لێـرە کـرد ئـەو دەیزانـی کـەوا جـەختی کێبـەرکێ بەسەر سەرمایەدارەکاندا بۆ وەبەرهێنان کارێکی بنەڕەتی بوو بۆ سیستەمەکە.

-بەڵام ئەو پرسیاری ئـەوەی هێنایـە پـێش ئایـا سـەرمایەدارەکان هـەموو قازانجەکانیان دێننە وەبەرهێنان.. بەدرێژایی کات.

-سـەرمایەدار تـەنیا کـەلو پەلـەکان دێنێتـە وەبـەرهێنان گـەر بزانـێ لـە توانایدایە قازانجێکی ماقوڵانە وەدەست بێنێ.

-ئەگـەر زانـی ئـەو نـاتوانێ ئـەو جـۆرە قازانجـە بەدەسـتبێنێ ئـەو سـامانە کەی خۆی ناخاتە ژێر هەڕەشەی مەترسـی وەبـەرهێنان لـە بـانکی دادەنێـو لـەوێ لێی دەگەڕێ.

-گەر بێت و سەرمایەدارەکان مەبەستیان وەبەرهێنان بێـت و نەشـتوانن پشت بە بۆچوونو خەملاندنی خۆیان بۆ ڕەوشە ئابووریەکە ببەستن کـاتێ لـەبار بێ ئەوا سەرمایەداران بەیەکەوە لەیەك کاتدا ڕوو دەکەنە وەبەرهێنان.

-ئـەوان بەیەکـەوە دەکەونـە پێـشبرکێ لـە دووای دۆزینـەوەی شـوێنگەی کـارو بیناسـازی.. خامـەکانو کرێکـارانی کـارزان لـە نرخـی کـەلو پەلـەکان زیـاد دەکەن.

-لەنکاو دەگەنە ئەو خاڵەی بۆ کۆمپانیاکان ڕوون دەبێتەوە کەوا پارە تێچووەکان وا بەرز بۆتەوە تاوای کرد هەمو قازانجەکانیان بەلاْوە چێت.

-بەم جۆرە رەواجی وەبەرهێنان دەمو دەست دەکەوێتە ژێر باری چەقبەستنی وەبەرهێنان. کەس ئامێری نوێی ناوێت وپیشەسازی ماشێنی زلو ئامێرەکان دەکەوێتە نێو کێشەییکەوە.

-لەبەر ئەمەیە کێبرکێی نێوان سەرمایەدارەکانو وولاْتە سەرمایەدارەکانە وا دەکات وەبەرهێنان بخەنە گەڕ بۆ پەیدا کردنی ئەو ماشێن و ئامێرەی لەژمارەی کرێکارانی پێویست کەم دەکاتەوە.

-لە بەریتانیای ئەمرۆدا هەموو کاری وەبەرهێنانی نوێ بەشێوەیەك ئەندازە کێشراوە لە ژمارەی دامەزراندنی کرێکاران کەم بکاتەوە. بۆیە ژمارەی کرێکاران لەکاری پیشەسازی ئەمرۆدا لە بەریتانیا کەمترە لە دەساڵی پێشوو هەر چەندە بەرهەم هێنان لە کاتی ئێستا لە جاران زیاترە

-تەنها لە ڕێگای ئەو ڕێنماییانەی بەرهەم هێنان زیاد دەکەنو لەڕێگای کەمکردنەوەی هێزی کارەو سەرمایەدار دەتوانێ زلترین پارچەکێکی خۆی بەدەست بهێنێ بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تردا. بەلاْم ئەنجامەکە لەڕوانگەی سیستەمەکەوە بەشێوەیەکی گشتی وێرانکەرە... چونکە ئەمە وا دەگەیەنێ کەوا ژمارەی کرێکاران بەهەمان خێرایی وەبەرهێنان زیاد ناکات.

-لەگەڵ ئەوەشدا کاری کرێکاران سەرچاوەی قازانجەکانە کاری ئەوان ئەو سووتەمەنیەیە کە خەسڵەتی بەردەوامی دەبەخشێتە سیستەمەکە، گەر بێت و بەکاری وەبەرهێنانی گەورەو گەورەتر هەڵبستێت بێ هەبوونی بەرامبەرێکی سەرچاوەی قازانجەکان ئەوساکە تۆ بەرەو ماڵکاوڵی دەچیت بەهەمان شێوەی باسکردن تۆ ناتوانێت ئۆتۆمبیلێکی جاجوار بە هەمان بەشە سووتەمەنی لێخوڕێت.

-لەبەر ئەم هۆیە مارکس سەد ساڵ بەر لە ئێستا سوور بوو لەسەر ئەوەی کەوا سەرکەوتنی سەرمایەداری لەسەر ئەوەی کەوا بەسەر یەك گردبوونەوەی وەبەرهێنانێکی زۆر بە کڕینی ماشێن و ئامێری نوێ بووە هۆی ئەو ئاراستەیەی نێوەندە قازانج ڕوو لە دابەزین بکات کە ئەوەش واتای کارەساتێك دەبەخشێت کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕوو لە خراپی بکات. توێژینەوەنامەی مارکس دەکرێت بە ئاسانی بەسەر سەرمایە داری ئەمڕۆدا پەیڕەو بکرێت..

لەجیاتی ئەو شێوەیە کۆنەی (کاتی نالەبار) کە هەندێ جاران دەبێتە لەبار وەك هەڵگەڕانەوەی چەقبەستێکی ئابووری بەرەو گەشە سەندن- ئێمە مانان هەروا لە چەقبەستنێك داین کەوا پێدەچێت کۆتایی نەیەت.

-هەر ماوەیەکی بەسەرکەوتن یان دابەزینی بێکاری ماوەیەکی سنوورداری کورتە.

-ئەوانەی داکۆکی لەستەم دەکەن دەڵێن کەوا لەبەر ئەوەیە کاری وەبەرهێنان وەك پێویست بەرز نییە.. بەبێ وەبەرهێنانی نوێ کار دامەزراندنی نوێ نییە.. بەبێ کار دەمەزراندنی نوێش پارەی ئەوە نابێت کەلو پەلی پێ بکڕێت.

-تا ئەو ڕادەیە ڕەنگە بتوانین لەگەڵیان کۆك بین.. بەڵام ناتوانین لەگەو وەڵامیان بۆ پرسیاری (بۆ ئەوە ڕوو دەدات) کۆك بین.

-ئەوان پابەند بوون بە کریێ تۆمەتبار دەکەن.. کریێ زۆر بڵندە هەروەکو ئەوان دەڵێن.. وا دەکات قازانج بگاتە نزمترین ئاست.

-سەرمایەدارەکان لەکاری وەبەرهێنان دەترسن لە ترسی ئەوەی نەتوانن (بەرامبەرێکی دڵگیر) بەدەست بێنن.

-بەلاّم کێشەکە بەدرێژایی چەندین ساڵی رابردوو بەردەوام بوو. سیاسەتی حکومەت لەسەر کرێ لەم ساڵانەدا بووە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی کرێکارانو زیاد بوونی قازانج.

-ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٨ بەرزترین ئاستی نزمبوونی ڕێژەی بژێوی کرێکارانی لەم سەدەدا بەخۆوە دیت.. کەچی دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوون. کەسانی سەر بە لوتکە بەشی خۆیان لەکێکی نیشتمانی بەڕێژەی ٥٧,٨ ٪ لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ڕێژەی ٦٠٪ لە ساڵی ١٩٧٦ زیاد کرد.

-هێشتاکە وەبەرهێنانێکی تەواو نییە کۆتایی بە کێشەکە بێنێت.. ئەمە نە تەنیا بەسەر بەریتانیا بەڵکو بەسەر چەند دەوڵەتێکی تری ئەلەمەنیاو فەرەنساو یابان پەیڕەو دەکرێت... کەواتە وا باشترە گوێ لە قسەکەی (١٠٠) ساڵ لەمەو بەری کارل مارکس بگرین لەجیاتی ئەوەی گوێ بگرینە ئەوانەی ئەمرۆ داکۆکی لەسەرمایەداری دەکەن.

-مارکس ئەوەی پێشبینی کرد کەوا هەر چەند سەرمایەداری تەمەنی درێژ بێت ئەوا کێشەی زیاتر روو لە خەراپی دەکا چونکە کار کە سەرمایەی قازانجە بەهەمان خێرایی وەبەرهێنانی پێویست بۆ لەکار دامەزراندنی کرێکاران گەشە ناکات.

-کاتێ مارکس ئەوەی نووسی نرخی ئامێرو ماشێن کە بۆ کار پێویست بوون تا ڕادەیەك لە نزمی بوو ... نرخی ئەم ئامێرانە لەم رۆژەوە تا ئەمرۆ لە ٢٠,٠٠٠ دۆلاّرەوە تا ٣٠,٠٠٠ دۆلاّر بەرز بۆتەوە.

-کێ برکێیی نێوان پرۆژە سەرمایەدارییەکان سەرمایە دارانی ناچار کرد ئامێری گەورەترو بە بەها گرانتر بکڕن.

-هەموو پیشەسازییەکان گەیشتنە ئەو بڕواییە نەگۆڕەی ئامێری نوێ کرێکاری کەمتری پێویستە.

-ڕێکخراوی هاریکاریو گەشەسەندنی ئابووری پێشبینی ئەوەی کرد دامەزراندن لە پیشەسازیە سەرەکیەکان لە دابەزین دا دەبێ هەتا گەر بێت و موعجیزەش ڕووبداتو وەبەرهێنان بێتە ئاراوە کە ناکرێت.

-هەر لەبەر ئەوەشە سەرمایە داران بایەخ بە قازانج دەدەن و گەربێت و وەبەرهێنانیان چوار قات لەزیادی بێو قازانجەکانیان تەنیا دوو قات بێت ئەوا نا ئاسودە دەبن بەم حاڵە.

-لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیە ئەوەی هەر دەبێ ڕوو بدات. گەر بێت و پیشەسازی خێرا تر لەسەرچاوەی قازانج (کار) گەشە بێنێ، هەروەکوو مارکس ڕوونی کردۆتەوە، نێوەندە قازانج بەرەو دابەزین دەچێت.

-لە کۆتایشدا ئەوەی پێشبینی کرد کەوا ڕۆژێك دێت دەگەن بەو خاڵەی (هەر وەبەرهێنانێکی نوێ بریتی بێت لەهاتوو نەهاتێکی ترسناك، خەرجی پێویست بۆ کڕینی ماشێن و ئامێری نوێ لە خەملاندن دەردەچێت... بەلام نێوەندە قازانج لە هەموو کاتێك زیاتر کەمتر دەبێتەوە).

-لەکاتی گەیشتن بەم خاڵە هەر سەرمایەدارێك و هەر دەوڵەتێکی سەرماداری خەون بە بەرنامەی وەبەرهێنانی زلو نوێ دەبینی بەلام پەیڕەوی لەسەرکردنیان دەترسێ لە ترسی تۆڵخانەوە.

-ئابوری جیهانی ئەمرۆ زۆر لەوەی سەرەوە دەکات. روڤەر (Rover) پلان بۆ هێڵی بەرهەم هێنانی نوێ دادەنێت.. بەلام ترسی لەوەیە پارە خەرج کات.

-پۆلای بەریتانی خەون بەو کارخانە گەورانەوە دەبینێ کە پلانیان بۆ دانا بوو بەلام ناچارن رایانگرن چونکە ناتوانن بەرهەنی ئێستایان بفرۆشن.

-وەستانی بیناسازانی کەشتی یابانی لە لەنگەرگای نوێ لەگەڵ داخستنی هەندێ لە لەنگەرگا کۆنەکان.

-وه دیهێنـانی سـەرکەوتن لەلایـەن هـەمان سـەرمایە دارییـەوە لـە بـواری دروسـتکردنی ئـامێری گـەورەترو بەرهـەم هێنـەرتر سیـستەمەکەی گەیانـدە ئـەو خاڵەی کێشەکە تیایدا بەردەوام ڕوونو دیار بێ.

-کۆمــەڵی کۆیلــەیی جیهــانی کۆنــو کۆمــەڵی دەرەبــەگی جیهــانی چەرخەکانی ناوەڕاست گەیشتن بەو خاڵەی ئێستا تیایدان. بۆیـە یـان دەبێت شۆڕشێك ڕووبدات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە یانەخۆ لەنێو کێشەیەکی هەمیشەیی بــەرەو دواوەی ببــات. نموونــەی (ڕۆمــا)ش ســەر هەڵنــەدانی شــۆڕش بــووە کاولکاری شارستانی ڕۆمانیو گەڕانەوە بۆ چەرخە تاریکەکان.

-لـە نموونـەی هەنـدێ لـە کۆمـەڵگا دەرەبەگیـەکان (بـەریتانیا) دواتـر فەرەنــساش شــۆڕش سیــستەمی کــۆنی تێکــشاندوو وای کــرد ڕوودانــی پێشکەوتنی کۆمەلایـەتی نوێسازکـارێکی شـیاو بێت لـەژێر سـەرمایەداریدا. ئێستا خودی سەرمایەداری ڕووبەڕووی سەرمایەداری بۆتەوە لەنێو کێشەیەکی بـەردەوام کەلەکۆتاییـدا هـەر دەبێتـە هـۆی دووبـارە خنکانـدنی مرۆڤایەتیـەوە بەهۆی بەر بەریەتەوە لەڕێگای هەژاریو جەنگەوە بە بەرپا بوونی شۆڕشێکی سوشیالیستی هاوکات.

## دەرووی   هەشتەم

### چینی  کرێکار

-مارکس بەیاننامەی شیوعیەتی بەم کورتە ڕستەیە دەست پێکرد (مێژووی هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی ئێستاکە هەن بریتی‌یە لە مێژووی ململأنێی چینەکان).

-ئەو کێشەیەی (چۆن چینی فەرمانڕەوا توانیویەتی چینە چەوساوەکان ناچاری ئەوە بکات بەردەوام بن لەسەر بەرهەم هێنانی سامان کێشەیەکی یەکلأکەرەوە بوو.

-لەبەر ئەم هۆیە.. لە هەموو کۆمەڵگەکانی پێشتر ململأنێیەکی زۆر لەنێو چینەکاندا هەبوو.. زۆر جارانیش بەشەڕی ناوخۆیی کۆتایی دەهات لەئەو پەڕی توندو  تیژیاندا شۆڕشی جوتیارەکان لە ئەوروپای ناوڕاست و  شۆڕشی کۆیلەکان لە رۆمای کۆنو  شەڕە ناوخۆییە گەورەکانو  شۆڕشەکانی هەردوو سەدەی حەڤدەمو  هەژدەم- نمونەن.

-لەو هەموو ململأنێ مەزنانەدا جەماوەری هێزە شۆڕشگێرەکان لە هەموان زیاتر تووشی چەوساوەیی بوو بوون. بەڵام هەروەکو مارکس پێش وەخت باسی لێوە کرد بوو هەوڵو  کۆششی ئەوان بەو ئەنجامە کۆتایی هات کەمایەتیەکی بەختەوەر جێی کەمایەتیەکی تری بەختەوەر بگرێتەوە.

-بۆ نمونە: لە چینایەتی کۆندا چەندین شۆڕشی سەرکەوتووی جوتیاری سەری هەڵدا بەڵام ئەنجامەکەی گۆڕینی ئیمپراتۆر بوو بە ئیمپراتۆر.

-نمونەیەکی تر: ئەو کەسانەی گەورەترین بەشە کۆششیان لەشەڕی فەرەنسیدا نواند کەسانێکی باسك ڕووت بوون، هەژارترین چین بوون لە پاریس بەڵام لە کۆتایی چییان دەستنەکەوت. لە جیاتی شاو دەستو  پێکانی پیاوانی خاوەن بانقو  پیشەسازییەکان فەرمانڕەوایی کۆمەڵگەیان گرتەوە دەست.

-دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون بۆ ئەم شکستەی لایەنی چینە نزمەکان لەکۆمەڵگە بۆ ئەوەی بیان توانیایە دەسەلات بەدەستەوەرگرتن بپارێزن لە دوای بەرپاکردنی شۆڕشەکانیان.

-ئاستی گشتی گەنجینەی سامانیی لە کۆمەڵگەدا تاڕادەیەك نزم بوو.

-تەنیا لەبەر ئەوەی بەشی هەرە گەورەی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگەکاندا لەبارێکی هەژاری نالەباری گەورەدا دەژیان.

-کەمایەتیەکی کەمیش ئەو کاتەیان بۆ ڕەخسابوو پەرە بە هونەرو زانستەکان بدەن بۆ پارێزگاری کردنی شارستانیەتی. بە واتایەکی تر: دابەشکردنی چینایەتی کارێکی پێویست بوو گەر کۆمەڵگە ڕووی لە پێشکەوتن کردبایە ژیانی چینە چەوساوەکراوەکانیش ڕێگەی ئەوەی نەدا فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بەدەستبگرن. بە شێوەیەکی گشتی ئەوان کۆمەڵێکی نەفام بوون.

-ئەوان زانیاریەکی کەمیان سەبارەت بە چۆنیەتی تیڕوانینی نێو کارەکان هەبوو.. لەدەرەوەی شوێنگەی ئێستایاندا.

-سەرەڕای ئەو هەموو شتانەش.. ژیانی ڕۆژانەیان ئەوانی بۆ بەگژداچوونی یەکتر دابەشکردبوو.

-هەر جوتیارێك بەچاندنی پارچە زەوی خۆی خەریك بوو.

-هەر کەسێکی ئازادیش لەشاردا کارە بچووکەکەی خۆی هەڵدە سووڕاندو دەکەوتە ڕکابەری لەگەڵ ئەو خاوەن پیشانەی لەگەڵ ئەوان هاو ئاست نەبوون.

-شۆڕشەکانی جوتیاران بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری جەماوەر سەری هەڵدەدا بەنیازی ئەوەی زەوی‌و زاری دەرەبەگە خۆ جێیەکان بە نێویاندا دابەش بکریێ بەلام هەر لەگەڵ بەزینی میری دەرەبەگ لەنێو خۆیاندا لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنیان تێکدەئالان هەر وەکوو مارکس ڕوونی کردۆتەوە..

جوتیارەکـان وەکـو پەتاتـەی نـاو جانتـا وابـوون.. لـەژێر کاریگـەری هێزێکـی دەرەکیـەوە بەیەکـەوە لکێنـدرابوون.. بـەڵام توانـای بەیەکـەوە کارکردنیـان نـەبوو بەشێوەیەکی هەمیشەیی تا بتوانن بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان بپارێزن.

–ئـەو کرێکارانـەی سـامان دەخـوڵقێنن لـە ژێـر سـایەی سـەرمایەداری نوێدا.. جیاوازن لەگەڵ هەموو چینە ئاست نزمەکانی پێشوویان.. دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینایەتی بە پێویست نەدەزانرا بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.

–سـامانێکی زۆر وەدەسـتدەهێندرێ تـا ئـەو رۆژەی خـودی کۆمەڵگـەی سـەرمایەداری نـاوە نـاوە بڕێکـی زۆر لـەو سـامانە بـۆ شـەرو جـەنگ دەفـەوتێنن. دەکرێـت ئـەو سـامانانە بـە یەکسانی دابـەش بکرێتـو کۆمەڵگـە بـە بـەردەوامی گەشەسەندن لە ڕووی زانستو هونەرو هیتر بەخۆوە ببینێت.

–دووەم ژیان لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا زێدە بەدەر ڕێگا بۆ کرێکاران ئاسان دەکا بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر کۆمەڵگەدا.

–سەرمایەداری، بۆ نموونـە، پێویسـتی بـە کرێکـاری کـارزانو خوێنـدەوار هەیە.

–لـە هـەمان کـات سـەرمایەداری هـەزارەها کـەس لەشـوێنی کـار کردنـی گەورە گەورە کۆ دەکاتەوە بەم شێوەیە پەیوەندییەکی نزیك لـەناو خۆیـان لەگـەڵ یەکتر دروست دەکەنو ڕەنگە بشبنە هێزێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵ.

–سەرمایەداری وادەکات کرێکاران هاوکاری لەکاری بەرهـەم هێنـان لـەناو کارخانەدا بکەن: ئەم لێزانیەو ئەم هاریکارییە ڕەنگـە بـە ئاسـانی دژ بـە سیسـتەم وەرگەڕێتەوە ئەو کارەش لـەوەدا خـۆی دەبینـی کـاتێ کرێکـاران هەنـدێ جار لـە نێو سەندیکاکاندا خۆیان ڕێکدەخەن.

–لەبــەر ئــەوەی ئــەوان لــە نێــو کۆبوونــەوەی جــەماوەری مەزنــدا گرددەکرێنـەوە بـۆ کرێکـاران کـارێکی ئاسـانترە بەشـێوەیەکی دیموکراسـیانە

دەستەی جەماوەری لەگەڵ یەك هاوشێوە بگرنە دەست بە بەرارد لەگەڵ ئەو چینەی پێشتر چەو سێنرابوونەوە.

-لەمەش زیاتر: سەرمایەداری لەهەوڵی ئەوەدایە کاری کۆمەڵە خەڵکانێك کە خۆیان لەکرێکارە ئاساییەکان- وەك نووسەرو تەکنیکارو هیتر- بەرزتر دەزانن بە زۆرە ملێی بگۆڕێت بۆ کرێکاری ئاسایی بۆیە وا پێویست دەکات کرێکاران خۆیان لە یەکێتیو سەندیکاکاندا ڕێك بخەن هەر وەك کرێکارەکانی تر.

-لە دوایشدا، پێشکەوتن لە مەیدانەکانی گەیاندنو هێڵی ئاسنو ڕێگاو بانو گواستنەوەی ئاسمانیو سیستەمی پۆستەو تەلەفۆنو ڕادیۆو تەلەفزیۆن بواری ئەوە دەدەن کرێکاران بتوانن لە دەرەوەی بازنەی ئەو شوێنەی لێی دەژینو ئەو شوێنەی کاری لێدەکەن پەیوەندی بکەن دەشتوانن وەك چینێك لەسەر ئاستی نەتەوایەتیو جیهانی خۆیان ڕێکخەن. ئەمەش کارێکە لەسەرووی خەونەکانی چینە پێشتر چەوساوەکانە.

-هەموو ڕاستیەکان ئەوە دەگەیەنن کەوا ئەگەری ئەوە هەیە هێزی کارگەر نەتەنها ببێتە هێزێك دژ بە کۆمەڵی ڕۆژگاری ئەمرۆمانو شۆڕش بەرپابکا بەڵکو بتوانێت خۆی ڕێك بخاتو هەڵبژاردن بە ئەنجام بگەیەنێتو دەستنیشانی نوێنەرەکانی خۆی بکات ئەو کاتەش بە گوێرەی بەرژوەندییەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت نەوەك هێنانەوە سەر تەختی ئیمپراتۆرێك یان کۆمەڵێك لە خاوەن بانکان.

-هەروەکو مارکس گوتوویە: هەموو بزاڤە مێژووییەکانی پێشوو بزاڤی کەمایەتی بوونو بۆ بەرژوەندی کەمایەتی کاریان دەکرد. بزاڤی کرێکاریش ئەو بزاڤە هۆشمەندو سەربەخۆیە کە نوێنەرایەتی زۆرینەی فراوانی خەڵکان دەکات بۆ بەرژوەندی زۆرینە.

# دەرووی نۆیەم

. چۆن گۆڕان بەسەر کۆمەڵگەدا دەهێنرێت؟

-زۆربەی زۆری سۆشیالیستو سەندیکاکان لەبەریتانیا بە بەردەوامی جەغتیان لەسەر ئەگەری گۆڕینی کۆمەڵگە دەکردەوە بیٚ بەکارهێنانی توندوتیژی. ئەوەی مەبەستمانە

-هەروەکو دەڵێن- بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەوەی سۆشیالیستەکان بتوانن تەواوی پاڵپشتی میللی وەدەست بهێنن بە مەبەستی سەپاندنی دەسەلاَت بەسەر دامو دەزگا سیاسیەیە ئاساییەکانو بەسەر پەرلەمانو شارەوانیە خۆجێیەکان.

-ئەو کات سۆشیالیستەکان دەکەونە ڕەوشێك دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بتوانن کۆمەڵ بگۆڕن لە ڕێگای دەست بەسەرداگرتن بەسەر دەوڵەتدا- بەسەر خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانو دەسەلاَتی قەزاییو هێزی چەکدار بۆ چەسپاندنی ئەو یاسایانەی لەبەرژوەندی چینی کرێکارە.

-ئەم ڕێگە چارەیە بانگەوازی بۆ ئەوە دەکات کەوا دەکرێت سۆشیالیستی بەهەنگاو بێتەجیٚو بیٚ بەکارهێنانی توندو تیژی ئەمەش چارەسەرکردنێکی ئاشتیانەی ڕەوشی ئێستایە. زۆر جاران ئەم دیدە بە (ریفۆرم سان) ناو دەبردرێت هەر چەندیٚ زۆر جاران ووشەی تری پیٚ دەلکێندرێتەوە ئەم ووشانەش وەك (بەدوا داچوونەوە) چونکە بەدووا داچوونەوەیەکی تەواوی بیرۆکەکانی مارکس بەخۆوە دەگرێتەوە هەروەها وەك (دیموکراسی کۆمەلاَیەتی) هەر چەند ئەم ئیدیەمە تا ساڵی ١٩١٤ بە واتای سۆشیالیستی شۆڕشگێرانە دەهات..یا نەخۆ هەر وەك (فابی) کە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵی (فابی).

-دیدی (ریفۆرم سازی) له بەریتانیا دیدێکە هەردوو ناڵی چەپرەوو ڕاستڕەو له پارتی کرێکاران پێی رازییە.

-بۆ یەکەم جار ریفۆرمسازی- زۆر ژیرانە دەکەوێتەبەر چاو.. ئەمەیان ڕێکە لەگەڵ ئەوەی لە قوتابخانە فێر کرابووین .. لە رۆژنامەو لەتەلەفزیۆندا سەبارەت بەو بۆچوونەی: (پەرلەمان وولات بەرێوە دەبات) وەیاخود بەرلەمان لەسەر ئارەزووی دیموکراسیانەی میللەت هەڵدەبژێردرێ)

-لەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵو کۆششەکانی چەسپاندنی سۆشیالیزم لە ڕێگای پەرلەمانەوە شکستی هێنا: سێ جۆرە حکومەتی کرێکاری زۆرینەیەکی زۆر گەورە لە سالآنی ١٩٤٥و ١٩٦٦ - لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە ساڵی ١٩٤٥ بە شێوەیەکی فەراهەندەتر لە سۆشیالیستی نزیك نە بوو بووینەوە.

-ئەو ئەزموونەی بەریتانیا هەمان ئەزموون لە:

-شیلی لە ساڵی (١٩٧٠) سیلڤادۆر ئەلیندی سۆشیالیستخواز بە سەرۆك هەڵبژێردرا.

-خەڵکان دەیانگوت ئەمە ڕێگایەکی نوێی هەنگاونانە بەرەو سۆشیالیستی- لەپاش سێ ساڵ: ئەو جەنەرالآنەی داوای هاتنە ناو حکومەتیان لێکرابوو حکومەتیان لەناو برد بزاڤی چینی کارگەری شیلیش فەوتێنرا.

-سێ هۆی بەیەکەوە بەستراو هەن دەبنە هۆی شکست هێنان بە ریفۆرمسازی. یەکەم، لەو کاتەی کەوا زۆرینەی سۆشیالیتخوازانی پەرلەمانەکان کەم کەمە بە بەکارهێنانی ئیجرائاتە سۆشیالیستیەکان هەڵدەستن دەبینین کەوا هێزە ئابووریە ڕاستەقینەکان هێشتاکە هەر لەژێر باری چینی فەرمانڕەوای کۆن ماونەتەوە..

-دەشتوانن ئەو هێزە ئابووریە بەکاربێنن بۆ داخستنی چەند بەشێکی تەواوی پیشەسازیەکە بۆ دروست کردنی دیاردەی بێکاریو بەرزکردنەوەی

نرخەکان بەڕێگای فێڵبازیو ئەمبارکردنو بۆ دەرەوە ڕەوانکردنی پارە بەم شێوەیە کێشەیەك لە (تەرازووی پارە دراوەکان "میزان المدفوعات") دروست دەکەن بۆ هاندانی رۆژنامەگەری تاوەکو لۆمەی حکومەتی پێبکات لەم بارەوە.

-هەر لەبەر ئەم هۆیە حکومەتی کرێکارانی سەر بە (هارولد ویلسون) لەساڵی ١٩٦٤ و جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٦٦ ناچار کرا وازبێنێ لەو کارانەی ئەگەری ئەوەی تیادا بوو لەبەرژەوەندی کرێکاران بێت ئەوەیش بەهۆی بەکۆمەڵ بۆ دەرەوە ناردنی پارە لەلایەن کۆمپانیاو خەڵکانی دەوڵەمەندەوە. سەبارەت بەم ڕووداوەوە ویلسون لە یاداشتەکانی باس لەخۆی دەکا دەڵێ: "ئێستاکە ئێمە گەیشتووینەتە ئەم ڕەوشەی سەودا بازە ((مزارب)) نێو دەولەتیەکانی بە حکومەتێکی هەڵبژێردراوی نوێ دەڵێن ناکرێت پەیڕەوی ئەو سیاسەتە بین ئێمە لەسەر بنەماکەی دژ بە هەڵبژاردن وەستاین". وەزیری یەکەم شا ژن داوای لە ویلسۆن کردبوو واز لە دیموکراسیەتی پەرلەمانی بێنێت بەمانای ئەوەی هەڵبژاردن لە بەریتانیا دیموکراسیەتێکی گاڵتە جاڕییە.. گەلی بەریتانیاش ناتوانێت لە نێوان دوو سیاسەت هەڵبژێری بکات.

-لێرەدا ئەوەی پێویستە بیڵێین ئەوەیە: لەگەڵ نیشاندانی ناڕەزایی لەلایەنی (ویسلۆن)ەوە ئەو لەماوەی شەش ساڵی دووایی بەکردەوە هەمان ئەو سیاسەتانەی پەیڕەو دەکرد کە سەودا بازەکان - المچاربون- داوایان دەکرد.

-هەمان خەسڵەتی بە ئەنقەست پەیڕەو کراو سەبارەت بە کێشەی تەرازووی پارە دراوەکان (میزان المدفوعات) حکومەتی هەڵبژێردراوی کرێکارانی لە ساڵی ١٩٧٤ ناچار کرد سێ کۆمەڵە داشکانی (تخفیچات) خەرجی گشتی نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و خزمەتگوزاریەکان بگرێتەبەر.

-حکومەتی ئەلیندی لە شیلی ڕوو بەڕووی تێکشکانێکی گەورەتر بوو لەلایەنی پڕۆژە گەورەکانەوە. دووجاران چەندین بەشی تەواوی پیشەسازییەکە

بەهۆی مـانگرتنی سـەرۆکەکان داخـرا. سـەودا بـازی (مزارەبـە) نرخـەکانی بـۆ ئاستێکی گەورە بەرزکردەوە.

-هۆی دووەمی جێبەجێ کردنی ریفۆرمسازی سەرمایەداری لەوەدایە کە ئـامێری ژێـر دەسـتی دەوڵـەتی فـەرمانگێر ئـامێرێکی بێلایـەن نـەبووە بـەڵکو ئـامێرێکی نەخـشە کێـشراو بـووە- لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە بـۆ کۆمـەڵگای سـەرمایەداری. دەوڵـەت تـا ڕادەیـەك کـۆنترۆڵی هۆکارەکـانی جێبـەجێ کردنـی جەغتە مادی و هۆکارەکانی توند و تیژی دەکا.

-گەر بهاتایە دام و دەزگاکـانی دەوڵـەت بێلایـەن بوونایـە هـەر شتێکیشی داوایان لێکرابایە لەولەلایەن دەوڵەتەوە.

-هەر دەوڵەتێك – بیانکردایـە.. سـەرمایەداری بێـت یـا سۆسیالستی بەو شێوەیە دەکرێت دەوڵەت بۆ ڕاگرتنی پرۆژە ئابووریـە کۆنـەکان بـەکار بێـت بـەلام بڕوانـە ئـەو ڕێگەیـەی ئـامێری دەوڵـەت پیایـدا کـار دەکـات بـشزانە کێیـە ئـەو کەسەی بە کردەوە فەرمانی پێدەدات ئەو ساکە دەتوانیـت بزانیـت کـەوا بێلایـەن نییـە. ئـامێری ژێـر دەسـتی دەوڵـەت بـە تـەنها لـەژێر کـۆنترۆلی حکومـەت نییـە. ئەمـەیان ڕێکخـستنێکی پـان و بەرینـەو لـق و پـۆپی زۆر و جیـاوازی هەیـە. پۆلیس، سوپا، دەسـەلاتی یاسایی، دەسـەلاتی مـەدەنی کەسانێکی پیشەسازی هەڵیدەسـوڕێنن و لایـەن و کەسـانێکی زۆری تـر. زۆر لـەو کەسـانەی لـەو بەشـە جیاوازانەدا کاردەکەن لە چینی کارگـەرەوە هـاتوون ئـەوان وەك کرێکـاران دەژیـن و مووچەشیان وەکو ئەوانە.

-بەلام ئەوانە ئەو کەسانە نین بڕیار لـە دەسـت بـن سـەربازە ئاساییەکان جـەنگ هەڵگیرسـاندن دیـار ناخـەن ,ئەگـەری ڕاگرتنـی مانگگرتنیـشی نـازانن... نووسـەری سـەر پەنجـەرەی نوسـینگەی دابینکردنـی کۆمەلایـەتی قـەوارەی یارمەتیـەکان دیـار ناخـات. ئـامێری جێبـەجێ کـاری دەسـتی دەوڵـەت لەسـەر بنەمایەك وەستاوە دەڵێت ئەو کەسـانەی لەسـەر پـێ بڵقـەی پەیژەیـەك وەسـتاون

گوێڕایەڵی ئەو کەسانە دەکەن لەسەروی ئەوانەوە لەسەر پەیژەکەوە وەستاون. ئەمەیە ڕەوشی بەشەکانی ئامێری دەوڵەت کە بەکاری توند و تیژی هەڵدەستێت لە ڕێگای سوپاو گاردی دەریاوانی و هێزی ئاسمانی پۆلیس.

–یەکەم شتێك سەربازان فێرین پاش ناو زەد کردنیان و پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار چەك بە دەستەوە هەڵگرن ڕاهێنانە لەسەر گوێڕایەڵی فەرمانەکان، هەر لەبەر ئەمەیە ئەوان فێرە کاری بێ ماناو پڕو پوچ دەبن ئەگەر بێت و گوێڕایەڵی فەرمانی شێتانەش بن لەسەر ئەرزی نمایشکردنی سەربازیدا بێ هیچ بیر کردنەوەیەك ئەوانە لاریان نابێ بەکاری گوللە بارانی ڕاستە قینە هەڵبستن.

–گەورەترین تاوانیش بەگوێرەی یاسایی هەر سوپایەك گوێڕایەلبوونی فەرمانەکانە – یاخی بوونە. ئەم ڕەفتارە ناشیرنە بە بایەخێکی زۆرەوە بە هەند هەڵدەگیرێت سزای یاخیبوونیش ئێستاکە لە بەریتانیا لە سێدارە دانە.

## دەرووی دەیەم

**کێ فەرمان دەکات؟**

**کاتێ سەیری زنجیرەی فەرمانەکان دەکەیت لە بەریتانیاو سوپایەکانی تردا دەبینیت کەوا فەرمانەکان بەگوێرەی پایە سەربازیەکانەسوپاسالار، سەرتیپ، راگر.. هتد. لە ڕێز بەندی ئەو زنجیرە فەرمانە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و ڕاوێژکارە خۆجێیەکان گرنگیان پێنادرێت، گوێرایەڵکردنی کۆمەڵە سەربازێك بۆ ئەندامی خۆجێیەتی لەجیاتی ئەفسەری خۆیان بە یاخی بوون دەژمێردرێ.**

**-سوپا بریتییە لە ئامێرێکی مەزنی کوشتن.**

**-ئەو کەسانەی کار هەڵدەسوڕێنن و دەسەڵاتی پایە بەرزکردنی ئەفسەرانی تریان بەدەستەوەیە- جەنەرالەکانن.**

**-لە ڕاستیدا جەنەرالەکان بەرپرسیارن لەبەرامبەر حکومەتی هەڵبژێردراو.. کەچی ئەفسەرەکان لەسەر گوێرایەلکردنی جەنەرالەکان-نەسیاسەتمەدارەکان- ڕاهێنراون.**

**-گەر بێت و جەنەرالەکان جۆرە فەرمانێك بۆ ئەفسەرەکانیان هەڵبژێرن جیاواز بێت لەگەڵ ویستی حکومەتێکی هەڵبژێردراو حکومەت ناتوانێت دەستێوەردانی ئەم فەرمانانە بکات.**

**-تەنیا ئەوەی بتوانی بیکا ئەوەیە بتوانێ جەنەرالەکان بێنێتە ئەو بڕواییەی بیرو ڕاکانیان بگۆڕن.**

**-گەر بێت و حکومەت لەو فەرمانانەی دەدرێن تێبگات- چونکە کاروباری سەربازی لەسەر بنەمای نهێنیکاری دامەزراوە.. جەنەرالەکان دەتوانن بە ئاسانی نهێنیەکان لەو حکومەتەی لێی ناڕازین بشارنەوە.**

-ئەمــە ئــەوە ناگەیــەنێت جەنەراڵــەکان بــە بــەردەوامی فەرمانــەکانی حکومــەت پــشتگوێ دەخــەن... نــەریت وا دەخوازێــت لەگــەڵ زۆربــەی زۆری فەرمانەکانی حکومەت بگونجێن.
-بـەڵام لـە رەوشـێکی وەك مـانو نەمانـدا جەنەراڵـەکان توانـای ئـەوەیان هەیە ئامێری کوشتنی ژێـر دەسـتیان بخەنـە گـەڕ بۆ ئـەوەی بایـەخ بـە حکومـەت بدەن... حکومەتیش لەم ڕووەوە هیچ شتێکی لە دەستدا نییە بیکات.
-ئەمەیـە ئـەوەی جەنەراڵـەکان دوواکـات لـە شـیلی پێـی هەڵـسان لـەکاتی لەسەر حوکم لابردنی ئەلیندی.
-لە ڕاستیدا ئەو پرسیارەی "جەنەرالەکان کێن" پرسیاری ئەوەیـە بڵێیـت کێ سوپا هەڵدەسوڕێنێت.
-لـە ٨٠ ٪ ی ئەفسەرە پایـە بـەرزەکانی بـەریتانیا بـەپارەیان خوێنـدووە. ئــەم ڕێژەیــەش بــە درێــژایی ٥٠ ســاڵی رابــردوودا نــەگۆڕاوە- حەڤــدە ســاڵ فەرمانڕەوایی پارتی کرێکاران لەم ڕێژەیەی نەگۆڕی.
-ئەمانــە پەیوەنــدییان بــە ســتافی پــرۆژە گــەورەکان هەیــە... ئەمانــە ئەندامەتیان لە هەمان یانە قەشەنگەکانەوە هەیـە.. تێکەڵاوی لەگەڵ هـەمان یانـە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن.. بەشداری هەمان بۆ چوونی یەکتریش دەکەن.
-هەمان شتیش لەسەر سەرۆکایەتی بەڕیوەبردنی مـەدەنیو دادپـەروەرو سەرۆك پۆلیسەکان پەیڕەو دەکرێت.
-ئایـا ئێـوە لـە بڕوایـی ئـەوە دان ئەوانـە هەڵبـستن بـە گوێرایـەلکردنی فەرمانەکانی حکومەت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئابووری سەر بە پرۆژە گەورەکان لە بـرادەرو خزمـان بـسێننەوە هـەر تـەنیا لەبـەر ئـەوەی ٣٣٠ کـەس هاتوونەتـە نـاو ئەنجومەنی گشتی؟
-ئایا ئەگەری ئەوە زیاتر نییە نموونەی جەنەرالە شیلیەکان بگرنـە بـەر.. قــازیو گــەورە کارمەنــدانی مــەدەنی... ئەوانــەی فەرمانــەکانی حکومــەتی

سۆشیالیستی هەڵبژێردراویان بۆ ماوەی سێ ساڵان تێکو پێك داو لە پاشاندا لەگەڵ ڕەخسانی دەرفەتێکی لەبار حکومەتیان لەسەر کار لابرد.

-پراکتیزانە بدوێین دەستووری ئێستای بەریتانیا ئەو ڕەخسەتە دەبەخشێتەوە کەسانی سەر بە ئامێری جێبەجێ کردنی دەوڵەت توانای ئەوەیان هەبێت ویستی حکومەتێکی چەپی هەڵبژێردراو ڕەت بکەنەوە یا نەخۆ، بە کورتی، بەکردەوە بەلاوە بردنی گەر بهاتابایە حکومەتێکی چەپی لەم جۆرە هەڵبژێردرا بایە ئەوا ڕووبەرووی تێکدانێکی ئابووری لە شێوەی کارخانە داخستنو سامان ڕفاندنە دەرەوەو عەمبارکردنی کەلو پەلە پێویستەکانو بەرزکردنی نرخی دەبوەوە.

-گەر هاتو حکومەتێ بیویستایە مامەڵە لەگەڵ ئەو خراپ کارییە بەڕێگەی دەستووریانە بکات- بەڕێگای یاسا ڕاپەرندن- ئەوساکە خۆی وا دەدۆزییەوە وەك بڵێی دەستەکانی لە پشتەوە بەسترابن. گومانیش لەوە دا نییە ئەنجومەنی ئەعیان هەر مۆڵەت پێ بەخشینێکی یاسایی لەم جۆرە ڕەت دەکاتەوە بەکەمیش بۆ نۆمانگ دوای دەخات.

- دادیار(قازی)ەکانیش بەڕوونکردنەوە لە کاریگەری ئەو یاسایانەی رایان لەسەر نەبێت کەم دەکەنەوە.

-سەرۆکەکانی راژەی مەدەنیو جەنەرالەکانو سەرۆکانی پۆلیس بڕیاڕی قازیەکانو ئەنجومەنی پیاو ماقولان دەکەنە مەهانە بۆ نیشاندانی ناتوانستیان بەرامبەر جێبەجێ کردنی فەرمانی وەزیرەکان.

-ڕۆژنامەگەریش دەبێتە لای ئەوان و هاواری ئەوە دەکات کەوا حکومەت ناڕەوایانەو نادەستوریانە ڕەفتار دەکات. جەنەرالەکانیش بۆ رەوایی کردنی ئامادە باشی خۆیان بەوەی حکومەتێکی نایاسایی لەسەر حوکم لادەدەن هەمان زووبان بەکاردێنن... حکومەت دەکەوێتە رەوشتێکی ئەوتۆ نەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئاژاوەی ئابووری دەستووریانە بەڕێوە ببات.. تەنیا نا

دەســتووریانە دەتوانێــت هــانی فەرمانبــەرانی بەڕێوەبەرایــەتی مــەدەنیو ئەندامانی پۆلیس بدات بۆ ئەوەی دژ بەسەرۆکەکانیان یاخیبن.

-**هەتا** کەس وا تێنەگات ئەوەی باسی لێوە دەکەین بریتییە لە خەیاڵێك دەبێ ئەوە بێنیتەوە یاد کەوا لە مێژووی نوێی بەریتانیادا تەنها لە دوو بۆنەدا جەنەراڵەکان ئەو بڕیارانەی حکومەتیان تێکشاند کە رایان لەسەر نەبوو.

-لەساڵی ١٩١٢ ئەنجومەنی گشتی بەریتانی یاسایەکی دەرکرد مۆڵەت بە پەرلەمانی سەربەخۆی ئیرلەندا بدات حوکمی سەرتاسەری ئیرلەندا لە باکووریەوە تا باشوور هەڵسوڕێنێت.

-سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئەوساکە ڕەخنەی لە یاساکە گرتو حکومەتی لیبرالی تاوانبار کرد بەدەرهێنانی ئەو یاسایە ئەنجومەنیشی بە کیانێکی سیاسی نایاسی لە قەڵەمدا بەوەی بەکاری فرۆشتنی دەستوور هەڵساوە.

-بەم جۆرە ئەنجومەنی لۆردەکان یاساکەی بۆ درێژترین ماوە دووا خست (دووساڵ بوو ئەو کات). وەزیری کرێکارانی پێشوو (ئێدوارد کارسۆن) هەڵسا بە ڕێکخستنی هێزێك لە باکوری ئیرلەندا بۆ بەربەرەکانی کردنی یاسا.

-کاتێ بەجەنەرالەکانی سەرکردایەتی سوپای بەریتانیان لە ئیرلەندا دەگوت هێزەکانیان بەرەو باکورو بگوازنەوە تا بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ئەوان ڕەتیان کردەوەو هەڕەشەی دەستکێشانەوەیان کرد لە کارەکانیان.

-بەهۆی ئەم کردارەوەش کە بەشێوەیەکی فەراهەندە بە (یاخی بوون) ناو دەبرا ئیرلەنداش تا ئێستاش بەوە چاو ڕۆن نەبۆتەوە پەرلەمانێکی سەربەخۆی هەبێت و وڵاتێکی یەکگرتوو لە باکوورەوە تا باشور حوکم بکات.

## دەرووی یازدەم

**ئیمپریالیزم و رزگاریی نیشتمانی:**

**لە مێژووی سەرمایەداریدا.. چینی فەرمانڕەوا هەردەم لە سەرچاوەیەکی تری سامان دەگەڕا.**

**-دەست داگرتف بەسەر ئەو سامانەی دەوڵەتانی تر بەرهەمیان دەهێنا.**

**-نەشونماکردنی یەکەم شێوەکانی سەرمایەداری لەگەڵ بە کۆتایی هاتنی چەرخەکانی ناوەند بە کۆتایی هاتبوون کە هاوکات بوو لەگەڵ دەست داگرتنی هەندێ لەدەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەسەر ئیمپراتۆریەتە ئیمپریالیزمیە گەورەکان وەك ئیسپانیاو بورتوغالو هۆلەنداو فەرنسا بێگومان بەریتانیای مەزنیش.**

**-لە ئانو ساتی ئەو کاتدا سامانێکی زۆر پەرێندرایەوە ژێر دەست فەرمانڕەوا کار بە دەستەکانی ئەوروپای رۆژئاوا لە هەمان ئەو کاتەی چەندین کۆمەڵگەی ئێستاکە بە (جیهانی سێهەم) ناوی دەبەین کاولکاریان بەسەر هێنرا.**

**-لەدووای ئەوەش... دۆزینەوەی ئەمریکا لەسەدەی شازدەم لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بووە هۆی کۆچ کردنی خەڵکانێکی زۆر لە ئەوروپاوە- ئەوەش ڕووی تری (پارەکە) لەکاولکردنی چەندین کۆمەڵگەی تر خۆی دەنوێنی.**

**-وەك نموونە: کۆلومبس لە هایتی یەکەم کۆلونیای دامەزراندو نیو ملیون کەسیش لە هیندو (هاراواکیەکانیش) لە نێوان دوو نەوەدا لەنێو چوون.**

**-لە مەکسیکیش ژمارەی دانیشتوانە هیندیەکان لە (٢٠) ملیۆنەوە لە ساڵی ١٥٢٠بۆ(٢) ملیۆن دابەزی لە ساڵی ١٦٠٧**

–سەبارەت بەو دانیشتووە هیندیانەی لە دوورگەکانی هیندی رۆژ ئاوا هەندێ بەشی تری وشکانیەکە دەژیان ئەوان گۆڕدرانەوە بەو کۆیلانەی لە ئەفەریقیا بەدیل گیرابوون لە ژێر ڕەوشێکی زۆر نالەباریشدا بە نێو ئەفەریقیا گوێزرانەوە.

–ژمارەی ئەو کۆیلانەی پاش پەڕینەوەی ئەتلانتی لەسەر ژیان مانەوە (١٥) ملیۆن کەس بوو کاتێ (٩) ملیۆن کەسیان لەپەڕینەوە گیانیان لەدەستدا.

–نزیکەی نیوەی کۆیلەکان بەپاپۆری بەریتانی پەڕێندرانەوە ئەمەش ئەوە نیشاندەدا سەرمایەداری بەریتانی پێشەنگیی پێشکەوتنی پیشەسازی بەخۆوە گرتبوو.

–ئەو سامانەی لە ڕێگای بازرگانی کردن بە کۆیلەکانەوە هاتبووە کایەوە بۆ پشتگیری کردنی دارایی کەرتی پیشەسازی بەکارهێنرا.

–هەروەك پەندەکە دەڵێ: (دیوارەکانی شاری بریستۆل لە خوێنی پێست ڕەشەکان دروستکراون) ئەم گوتەیە جگە لە بریستۆل چەندین بەندەری تری ئەوروپا دەگرێتەوە.

–هەروەك (مارکس) یش دەڵێ:

–کۆیلایەتی دەمامکداراو بۆ کرێکاری کرێبەستەی جیهانی ئەمرۆ لە ئەوروپا پێویستی بە کۆیلایەتیەکی دڵسۆزانەو ئاسان وە دەستهێنراوو هەرزان هەیە بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆی بکاتەوە.

–بازرگانی کردن بە کۆیلە بەڕێگای تالانکارییەکی تەواو هاتە جێ، هەر وەك لە نموونەی پەلاماردانی بەریتانیەکان بۆ سەر هیند.

–وولاتی بەنغال ولاتێکی یەکجار پێشکەوتوو بوو... یەکەم گەشتیارانی ئنگلیزیش سەرسامی گرتبوویانی بەو شارستانیەی ئەوان هەیان بوو.

–بەلاّم ئەو سامانەی بەنغال درێژ ماوە نەمایەوە، هەروەکو (لۆرد ماکولاّی) لە یاداشتەکانی لەسەر زمانی (کلاّیف)ی داگیرکار دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

-به مەبەستی کەم کردنەوە لەژمارەیان دانیشتوان وەك نێچیر پێشکەش کران.

-لەهەمان کاتدا توانرا سامانێکی زۆر لە کالکاتا کەلەکە کرێتەوە لەو کاتەی (۳۰) مرۆڤ ملیۆن لەو پەری ژیانتاڵی دەژیان.

-ئەوان زۆر چەشنە داپلۆسینیان چێشتبوو بەلاّم ئەوەی ئەمجارەیان زۆر جیاواز بوو.

-هەر لەدوای ئەمە.. بەنغال لە جیاتی ئەوەی بە سامانەکەی ناو دەرکا بە هەژاریەك ناوبانگی دەرکرد کە هەر ساڵەو چەندین ملیۆنی لە برسێتیو نەداری دەکۆشت... ئێستاش هەژاریەکە بەردەوامە.

-لەو کاتدا.. لە شەستەکانی سەدەی حەڤدەهەم.. لەکاتێك کۆی گشتی وەبەرهێنانی سەرمایە لە ٦-٧ ملیۆن جنیهی ئیستەرلینی لاێنەدابوو لە ئینگلتەرا بڕە جزیەی ئەم ولاّتە لە هیندی دەسەند (٢) ملیۆن جنێهی ئیستەرلینی بوو هەمان ڕێڕەو لە کۆنترین کۆلۆنیای ئینگلیزی لە ئیرلەندا پەیڕەو دەکرا.

-لە ڕۆژانی برسیەتیە گەورەکە کە لەکۆتایی چلەکانی سەدەی هەژدەم روویدا ژمارەی دانیشتوانی ئیرلەندا دابەزیە نیوە بەهۆی برسیبوونو کۆچڕەوی ئەوکات بڕە گەنمێك بە کرێ دەداریە دەرەبەگە خاوەن زەوی و زارەکان زیاتر بوو لە بەشە خۆراکی تیکڕای ئەو کەسانەی لەسەرتاپای ئنلگتەراوە بەهۆی برسێتیەوە گیانیان لەدەست دابوو.

-ئێستاکەش شتێکی ئاساییە گەر جیهان دابەشی ولاّتی پێشکەوتوو یا پاشکەوتوو بکرێت.

-بۆ چوونی باویش ئەوەیە ولاّتانی پاشکەوتووش بەهەمان ئاراستەی ولاّتانی پێشکەوتوو هەنگاویان دەنا بەلاّم تۆزێك هێورتر..

-کەچی راستی رەوشەکە ئەوەیە کەوا یەکێ لە هۆیەکانی گەشەسەندنی ولاّتە رۆژئاواییەکان لە بەتالاّنبردنی سامانی وولاّتانی ترە بۆ ئەوەی زیاتر پاڵپالێنێی بە پاشکەوتنیان پێبکرێت زۆر لەو دەوڵەتانی ئێستا لە (٣٠٠)ساڵ لەمەو بەر هەژار ترن.

-هەروەکوو (مایکل بارات براون ئامـاژەی بۆ کـردوە) ڕێـژەی بەشـە سامانی هەر تاقێك نە بەتەنها لە هیند بەڵکو لە چین و ئەمەریکای لاّتینیـو ئەفریقیای باشوور بەرزتر بوو لەوەی ولاّتانی ئەوروپی لەسەدەی حەڤدەم. لەوکاتەی ئەو ڕێژەیە هێشتا لە دابەزیندایە لەو ولاّتانە ساماندارى ڕووی لە زیادییە لە ئەوروپا. ئینگلتەرا وەك ئیمپراتۆریەتێکی گەورە وایکرد ئەم وولاّتە گەشەبسێنێ و ببێت بەهێزی یەکەمی پیشەسازی لە جیهاندا.

-بەریتانیا لە بارێك دابوو بتوانی ڕێگە لە ولاّتانی سەرمایەداری تر بگرێ لە کاری دەستبەسەر داگرتنی خامەکانی جیهان و لە

هەندێ بازارو شوێنگەی وەبەر هێنانی پر لە قازانج لە سێیەکی جیهانی ژێردەستی خۆی.

- بەلاّم لەگەڵ گەشە سەندنی هەندێ هێزی پیشەسازی تری وەك ئەڵمانیاو یابان و ولاّتە یەکگرتووەکان...

ئەم ولاّتانە ویستیان ئەم تایبەتمەندییانە بەقازانجی خۆیان بگەرێننەوە .ئەوانە هەڵسان بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی رکابەر وە یاخود بلێین شوێنگەی دەسەلات نواندن لەبەر ئەوەی ولاتانی هاورك رووبەڕووی چەندەها تەنگژەی ئابوری دەبوونەوە....

هێزە سەرمایەدارە سەرەکیەکان لەو هەوڵەدابون بە رێگای هێرش بردنە سەر شوێنگەکانی  دەسەڵات نواندنی رکابەرانیان گیرو گرفتەکانیان چارەسەر بکەن دوور لە رووبەرووبونەوەیەکی راستەوخۆ لە کۆتاییش ئیمپریالیزم جەنگێکی جیهانی هەر بەرپا کرد!

_ ئەمەیان چەند گۆڕانکاری مەزنی لە ناو سیستەمی ناوخۆی سەرمایەداری هێنایە کایەوەو بووە ئامێری جەنگ بەرپا کردن  کە بریتیە لە دەوڵەتە بە بایەخەکە. وڵات لە جاران زۆر زیاتر لە کۆمپانیا زەبەلاحەکان نزیك بووە وە بۆ دوبارە رێکخستنەوەی پیشەسازی بە نیازی رکابەری کردنی دەرەکی و جەنگ بەرپاکردن.

_ بە واتایەکی تر سەرمایەداری بووە سەرمایەداری بە مۆنوپۆلی کردنی دەوڵەت.

_ هەروەکو لەواتای گەشە سەندنی ئیمپریالیزمەوە روون ودیارە سەرمایەدارەکان نە تەنها هێزی کارگەری وولاتانی خۆیان ژێر دەستە کردبوو بەڵکو کۆنترۆلێکی مادی بەرجەستە کراویان بەسەر ولاتانی تردا هەبوو دانیشتوانەکانیشیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنا .

_ سەبارەت بە زۆرینەی چینە چەوسێنراوەکان لە ولاتانی ژ ێر دەست دا:

ئەمە ئەو مانایەی دەگەیاند ئەوان جگە لەوەی لە لایەن ئیمپریالیستە بێگانەکانەوە چەوسێنرابوونەوە لەلایەن چینی فەرمانرەوای خۆیانیشەوە چەوسێنرابوونەوە...

چەوساندنەوەکە دوولایەنە بوو.

_ هەندێ لە چینە فەرمانرەوایەکانیش لە ولاتانی ئیمپریالی .. ئەوانیش دەیاننالاَند.

_ ئەوان بە چاوی خۆیان ئەوەیان بە دی دەکرد چۆن زۆر لەو هەولاَنەی بۆیان دەرەخسا لە لایەن ئیمپریالیزمەوە لێیان دەدزرا .

_ بە هەمان شێوە چینە مام ناوەندییەکانی سەر بە کۆلۆنیاکان کە چاویان گرتبوە پەرەسەندنی ئەو پیشەسازییەی لە ناوەوە هەلّدەسورێنرا بۆ ئەوەی هەلّی لە کار دامەزراندنیان بۆ برەخسێنێ لە دوارۆژدا.

_ شەست سالّی رابردوو، رابوونی هەموو چینە جیاواز جیاوازەکانی سەر بە کۆلۆنیاکانی ولاَتانی ئیمپریالیستی بە خۆوە دیت دژ بە هەبوونی کاریگەری ئیمپریالی هەندێ لەو بزاڤانەی هەولّی یەکگرتنەوەی هەموو دانیشتوانەکانیان دژ بە فەرمانرەوایی بێگانە دەدا پەرەیان سەندو داخوازیەکانیشیان ئەم خالاَنەیان بە خۆوە گرتبوو:

_دەرکردنی هێزی داگیرکەری بێگانە

._یەکخستنەوەی ولاَت لە ژێر ئالاَی حکومەتێکی نیشتمانی بۆ رێگە گرتن لە مەترسی دابەشکردنی لە نێوان چەندین هێزی ئیمپریالیدا.....

چەسپاندنی رەسەنایەتی زمانی رەسمی ولاَت و پەیرەو پێکردنی لە ژیانی رۆژانەدا بۆ بەرپەرچ دانەوەی کاریگەریی زمانی بێگانە.بەکار هێنانی بەرهەمی سامانی ولاَت لە فراوانکردنی پیشەسازی ناوەخۆو نوێکردنەوەو گەشە پێدان. ئەمانە بوون خواستی چەندین بزاڤی یەك لەدوا یەکی ولاَتانی:

چین: (١٩١٢، ١٩٢٣، ١٩٢٧، ١٩٤٥، ١٩٤٨)

ئیران : (١٩٠٥، ١٩١٢، ١٩١٧، ١٩٢١، ١٩٤١، ١٩٥٣ )

تورکیا: لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم

دورگەکانی هیندی رۆژ ئاوا (لە ساڵی ١٩٢٠ و بە دواوە )

هیند : ١٩٢٠ –١٩٤٨

ئەفریقیا : پاش ١٩٤٥

ڤیەتنام : تاوەکوو شکستهێنانی ئەمریکییەکان لە ساڵی ١٩٧٥ .

باشوری ئەفریقیا : تاوەکو ئێستا

- زۆر جارانیش چەند بەشێك لە چینە پایە بەرزەکان و چینی مام ناوەندی خۆ جێی سەرکردایەتی ئەو جم و جۆڵانەیان دەکرد .

- ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا چینی فەرمانڕەوا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا رووبەڕووی دوژمنێکی تر دەبوەوە وەك لە نمونەی چینی کارگەری وڵاتەکەی خۆیان . بزاڤی نیشتمانی بە ناو " جیهانی سێهەم " توانی رووبەڕووی دەوڵەتە سەرمایە دارە ئیمپریالیەکان بوەستێت هاوشان و هاوکات لەگەڵ چینی کارگەری سەر بەم وڵاتانە.

- ئەم کارە گرنگیەکی تایبەتی دابووە بزاڤی چینی کارگەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا....ئەو کارە مانای ئەوە دەبەخشێ کەوا چینی کارگەر لە مەیدانی خەباتدا دژ بە سەرمایەداری خاوەن دۆست بوو لە میان بزاڤە رزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەم .

- ئا بەم شێوەیە..کرێکارێکی کۆمپانیای" شیل " ی بەریتانی وەك نمونە –ئیمرۆکە هاوەڵێکی هەیە لە میان هێزەکانی رزگاریخوازی ئەفریقیای باشوور کە خەبات لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەو مولك و سامانە دەکات کە کۆمپانیای" شیل" لە وڵاتیان دەستی بەسەرداگرتووە .

- گەر لە توانای "شیل" دا هەبێت ئومێدەکانی بزاڤی رزگاریخوازی جیهانی سێیەم: بڕەوێنێتەوە بزاڤێکی سوشیالیستی سەرکردایەتی کردنی نەدەکرد.

- ئەمەیان هەر دەبێ بە کردەوە رووبدات هەتا گەر بێت و سەرکردایەتیەکەیان  نیازی ئەوەیان هەبێ حوکمی بێگانەێیك بە حوکمی سەرمایەداری خۆجێیەتی یان بە چینی سەرمایەداری سەر بە دەوڵەت بگۆڕنەوە .

- ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیەی هەوڵ دەدات ئەو بزاڤە رزگاری خوازانە بتوڵێنێتەوە بریتیـیە لە هەمان ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیانەی بە دوژمنی هەرە گەورەی کرێکاران دەژمێردرێن لە رۆژئاوا... بۆیە مارکس زۆر جەغتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە .....هەروەك دەڵێ:

" هەر نەتەوەێیك هەڵسێت بە چەوساندنەوەی نەتەوەی تر ناکرێت بە نەتەوەیەکی ئازاد بژمێردرێت"

هەر لەبەر ئەم هۆیەش لینین دەستپێشخەری پێشنیاری کێشەی هاوپەیمانیەتی نێوان کرێکارانی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان و کرێکارانی ژێر چەوسانەوەی جیهانی سێیەمی خستە روو هەتا ئەگەر سەرکردایەتیەکەشیان سەرکردایەتیەکی ناسوشیالیستی بوایە.

- ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا سۆشیالیستەکان لەگەڵ ئەو رێگایەی ناسۆشیالیستەکان ململانێی رزگاریخوازی نیشتمانی پێ بەرێوە دەبەن کۆکن لە وڵاتە چەوسێنراوەکاندا....

بـەڵکو لەسـەر ئـەو ڕێـرەوە کـۆکن ، بـۆ نمونـە بڵـێن، فەرمانـدەییێکی سەندیکایی دەیگرێتە بەر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەوشێکی وەك مانگرتندا"

- بـەڵام لێـرەدا پێویـستە ئـەوە روون بکەینـەوە .ئێمـە بـێ پـشتگیری لـەم خەباتـە هـەموو دەبینـە لایـەنگیری چـینی فـەرمانرەوامان دژ بـەو گەلانـەی نـا رەوایانە دەیان چەوسێننەوە .

- پێویستە لەسەرمان بێ شـەرت و مـەرج پـشتگیری لـەو خەباتـەی ڕێگـەی رزگـاری بکـەین پـێش ئـەوەی بۆمـان رەوا بێـت رەخنـە لـەو ڕێگایـە بگـرین کـە خەباتی پێدەکرێت.

- لەگـەڵ ئەوەشـدا ، ئـەو سۆشیالیـستە شۆڕشـگێڕانەی ، ئیمپریـالیزم، دەیانـچەوسێننەوە نـایێ هـەڵی ئـەوە بـدەن کارەکـان دژ بـە ئـەوان هەڵگەرێتـەوە ...پێویستە لە سەریان:

- رۆژ بـە رۆژ خـەبات بکـەن لەگـەڵ کەسـانی تـردا دەربـارەی چـۆنیەتی راپەڕاندنی ئەرکی ململانێکردن لە پێناو رزگاریی نیشتمانیی.

- سـەبارەت بـەم کێـشەیەش دەبیـنین کـەوا گـرنگترین ئـەو خاڵانـەی پەیوەنـدییان پێیـەوە هەیـە لـە تیـۆری شۆرشـی بەردەوامـدا کـە "تروتـسکی" خـستبوویە روو باسـی لێـوە کـراوە. بیرۆکەکـەی ترۆتـسکی لـەو هەسـتەوە هـەلقولابوو گوایـە سـەرهەڵدانی بزاڤـی دژ بـە چەوسـانەوە زۆر جـاران لـە لایـەن کەسـانی سـەربە چینی مـام ناوەنـدی یانـەخۆ چینی پایـە بـەرزەوە بـووە بـەڵام، سۆشیالیستەکان پاڵپشتی ئەو جۆرە سـەرهەڵدانەیان دەکرد، چونکە مەبەستی

ئـەوان، لابردنـی یـەکێ لـە بـار گرانیـەکانی سـەر شـانی زۆربـەی زۆری چـین و کۆمەڵە چەوساوەکان بوو لە کۆمەڵ.

- بەڵام پێویستە درکی ئەوەش بکەین کەوا رۆڵەکانی چینی مام ناوەنـدی و چـینی بـالاً نـاتوانن سـەرکردایەتی کردنـی ئـەو خەباتـە بـە بـەردەوامی بکـەن چـونکە ئـەوان لەسـەرهەڵدانی ململانێیـەکی جـەماوەریی راسـتەقینەیی پـەرت و بڵاو دەترسـن واتـە کـاتێ ململانێیەکـە نـە تـەنها رووبـەڕووی ئـەو چەوسـانەوەیە بێتـەوە کـە سەرچـاوەکەی لـە دەرەوەیـە بەڵکو روبەروی خـودی توانایـان بێتـەوە لەسەر بەردەوامی ژیان لەرێگای بە تالآن بردنی چینە چەوسێنراوەکان.

- لە ئان و ساتێکی تایبەتدا دەبینین کەوا ئەوانەن لەو ململانێیە رادەکەن کە خۆیان دەستیان پێکردبوو...هەروەها ئەوان – گەر پێویستی وا بخوازێت– لەگـەڵ چەوسـێنەری بێگانەشـدا خۆیـان یەکدەخـەن لـە پێنـاو دامرکانـدنی ململانێکە.

- هـەر لـەم ئـان و ساتەشـدا دەبـێ بڵـێین کـەوا گـەر بێـت و هێـزی چـینی کارگـەری سوشیالیستیش جڵـەوی سـەرکردایەتیکردنی بزاڤـی رزگـاری خـوازی نیشتیمانی نەگرێتە دەست ئەوا دەدۆڕێنێت.

- تروتـسکی دیـسانەوە ئامـاژە بـەدووایین راسـتی دەکـا ئـەوەیش دانـانی چینی کارگەرە بە تـەنها کەمایەتیـەکی دانیـشتوانی زۆر جـارانیش کەمایەتیـەکی تەسـك. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوە مانایـەکی گـەورە دەبەخـشێت بـۆ نموونـە:

چینی کارگەر لە ولاّتانی وەك چین و هیند بە دەها ملیۆن دەژمێردرێن....بە بەراورد لەگەڵ قەبارەکەشی چینی کارگەر سامانێکی نەتەوەیی گەورە دێنێتە بەرهەم وە ژمارەشیان لەو شارانەی بە کلیلی فەرمانرەواییکردنی ولاّت دەژمێردرێن زۆر زۆرە.

- لەبەر ئەم هۆیە لەکاتی گێژاوەی شۆرشگێریدا....چینی کارگەر دەتوانێت سەرکردایەتی هەموو چینە چەوساوەکانی تر بکات و جڵەوی فەرمانرەوایی ولاّت بە تەواوی بخاتە ژێر دەستی .شۆڕشیش دەتوانێت خەسڵەتێکی هەمیشەیی بە خۆوە بگرێت.....لە سەرەتادا داخوازیەکانی بزاڤی رزگاری نیشتیمانی جێبەجیّ بکات دوواتریش داخوازیە سوشیالیستیەکان .....بەلاّم ئەوە تەنها بەوە دەکرێت کە هەر لە سەرەتاوە سۆشیالیستەکان بە کاری رێکخستنی کرێکاران هەڵبستن لە ولاّتە چەوسێنراوەکان هەروەك چینێکی سەربەخۆی هەردەم وشیار کە لە هەموو کاتێکدا سەرکردەکانیان لە چینی مامناوەندی و بالاّ ناخەنە جێی بڕوا.

## دەرووی دوازدەم:

### مارکسیزم و ئافرەت

### دوو ڕێبازی جیاواز هەبووە لە بارەی ئازادی ئافرەت:

مـافی ئـافرەت و سوشیالیـستی شوڕشـگێری...مـافی ئـافرەتیش ئـەو کاریگەرایەتیـە بـوو کـە وای کـرد بزاڤـە ئافرەتیـەکان لـە وڵاتـە سـەرمایەدارە پێشکەوتووەکان لە شەستەکان و حەفتاکانی ئەم سەدەیە بێنە سەر هەڵدان .

– پیـاوان هــەردەم بــە چەوســاندنەوەی ئافرەتــان هەڵدەســتن جــۆرە پێکهاتەیـەکی بـایۆلۆجی یـان سـایکولوژی لـە پیاوانـدا هەیـە وادەکـات پیـاوان ئافرەتان لە خۆیان نزمتر بزانن.

- ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بیرۆکەیەی ئەوە دەردەبڕێ کەوا: رزگـاربونی ئـافرەت تـەنها بـە دورکەوتنەوەیـە لـە پیـاوان مەگـەر ڕزگاربوونەکـە بـە ڕێگـای جیاوازبونەوەی تەواوەتی بێت بۆ ئەو ئافرەتانـەی بە دوای شێوازی نوێی ژیـان کـەوتوون یانـەخۆ جیـاواز بونـەوەیێکی ریـژەیی بێـت بـۆ کۆمێتـەی ئافرەتـان و کۆمیتەکانی هەڵبژاردن و ئەو رووداوانەی پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە.

- کەسانێکی زۆر لە ئافرەتان هـەن پشتگیری لـەو جیاواز بونـەوە ڕێژەییـە دەکەن و خۆشیان بە ئافرەتی سۆشیالیستی ناو دەبەن

- لە چەند ساڵی رابردوودا بۆچونێکی ئافرەتە رادیکالیەکان خـۆی خستە ژێــر ڕۆنــاهی و داوای جیــاواز بونەوەیــەکی تــەواوی دەکــرد. بیرۆکــە

جیاوازیخوازەکانیش هەرجارەو وەك باڵێکی ڕادیکالی بە کۆتایی دەهاتن و بە ئەرکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ نمونە وەك"پەنابەر" هەڵدەستان.

- ئەم شکست خواردنە وای کرد زۆر لە ئافرەتان ئاراستەیەکی تر بگرنە بەر ، ئاراستەی پارتی کرێکاران .

- بیرۆکەیەك پشتگیری لەو ڕێبازە ئافرەتیە دەکات، و دەڵێت : ئافرەتان لە ڕێگای کارکردن لە شوێنی شیاو وەك ئەندام پەرلەمان و بەرپرسیاری سەندیکایی و ڕاوێژکاری خۆجێیەتی دەتوانن بە کاری یارمەتیدانی ئافرەتانی هەڵبستن لە پێناو بە یەکسانی بوون .

- کەچی ڕێبازی سوشیالیستی شۆڕشگێڕی کۆمەڵە بیرۆکەیەکی تەواو جیاوازی بە خۆوە گرتووە.

- مارکس و ئەنجلز لە ساڵی ١٨٤٨ دا پێشەکی ئەو بیرۆکەمان خستە ڕوو کە دەڵێت چەوسانەوەی ئافرەت لە زادی بیری ناو مێشکی پیاو هەڵنەقولاوە بەڵکو لە بیرۆکەی گەشەسەندنی موڵکداریەتی تایبەت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێکی چینایەتی لە هەمان کاتدا.

- سەبارەت بە هەردووکیانەوە .......خەبات لە پێناو ئازادی ئافرەت لە خەبات دژ بە گژداچوونەوەی کۆمەڵی چینایەتی جیاواز نەبوەتەوە .....ئەمە بە واتای خەباتە لە پێناو وەدیهێنانی سوشیالیستی . هەروەها مارکس و ئەنجلز ئاماژەیان بەوە کردووە نەشونماکردنی سەرمایەداری لەسەر بنەماکانی سیستەمی کارخانە چەند گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەر ژیانی مرۆڤ هێنا بە تایبەتیش بەسەر ژیانی ئافرەت.

- ئافرەت جارێکی تر گەڕانەوە سەر کاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کە لێیەوە هەنگاو هەنگاو دور کەوتبوونەوە .

- ئەم کارە هێزێکی شاراوەی ناواخی ئافرەتانی دووبارە خستە ڕوو کە پێشتر بە هەر شێوەیەك بێت نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵی بکەن.

- ئافرەتـــان وەك هێزێکـــی کارگـــەری ڕێکخـــستوو بەشـــێوەیەکی ســەربەخۆیانەترو بــە توانایــەکی خــەباتی گــەورەتر لــە پێنــاو وەدیهێنــانی کارەکانیان دەستیان بە خەبات کرد.

- ئەمـەیان بـە شـێوەیەکی بـە لـە ڕادەبـەدەر نـەدەگونجا لەگـەڵ ڕێبـازی پێــشووی ژیانیــان ....چــونکە ئــەوکات کــاری بەرهــەمهێنان بەخێزانــەوە بەسترابووەوە.....ئەوەش وای لێکردبوون پشت بە خێزان ببەستن ...دایك یان باوك.

- لێرەدا مارکس و ئـەنجلز ئـەوەیان بـۆ دەرکـەوت کـەوا بنـچینەی مـادی خێزان دواتریش چەوساندنەوەی ئافرەت هـیچ هـەبونێکیان نـەبووە....هـەروەها ئەوەی ڕێگە لە ئافرەت دەگرێت سوود لەمـە وەرگرێـت ئـەو ڕاستییە بووە کـەوا موڵکدارێتی بەدەست کەمایەتیەوە بووە.

- ئیمـڕۆش ئـەو فاکتـەرە گرنگـەی ئافرەتـان بـە چەوسـاوەیی دەهێڵێتـەوە بریتیە لەو ڕێگایەی کەوا سەرمایەداری خۆی پیَ ڕێك دەخـات بەتایبـەتیش ئـەو ڕێگایەی سەرمایەداری دەیگرێتە بەر بۆ بنیاتنانی جۆرە خێزانێك بـۆ دڵنیـابوون لەوەی کەوا ئەم خێزانانە بە شێوەییێك پەروەردە دەکرێن ببن بـە نەوەیـەکی نـوێی کرێکاران لە ئایندەدا.

- ئەمـەیان تایبەتمەندییـەکی گەورەیـە....واتـە سـەرمایەداری تـەنیا بـۆ ئـەوە کریـی بـە پیـاوان دەدات تـا کاربکـەن.. بـە شـێوەیێکی فـراوانتریش بـە ئافرەتـان.....ئافرەتـان ژیانیـان بـۆ ئـەوە تـەرخان دەکـەن....بـیٚ بەرامبـەریش تـەرخان دەکـەن..بۆ ئـەوەی دڵنیـابن لـەوەی کـەوا هاوسـەرەکانیان بـۆ کـارکردن شیاون لە کارەکانداو منالەکانیشیان بە هەمان کارکردن هەڵدەستن لە ئایندەدا .

- بە پێچەوانەی ئەمـە ...سۆشیالیستی بۆ ئـەوە کاردەکات کۆمەڵگـە بـە هەمە لایەنی بتوانێت هەموو ئەو ئەرکانەی خێزان ئەنجام بدات کە باری خێـزان گـران دەکـات و بـە تـەنهایی ناتوانێـت پێـی هەڵـسێت......بـەلاّم ئـەوە ئەمـە ناگەیەنێت مارکس و ئەنجلز و ئەوانەی لە دوواوەیانەوە هاتن هـەردەم دروشمـی " کۆتایی هێنان بە کاری خێزان" یان هەڵگرتبوو...لایـەنگیرانی خێـزان هـەردەم توانـای ئـەوەیان هـەبووە ژمارەیـەکی زۆری ئـەو ئافرەتانـەی توشـی سـەختترین بـاری چەوسـانەوە بوبـوون بـەکاربێنن بـۆ پـشتگیری کردنـی کێـشەی خێـزان .هـەروەها ئـەوان دروشمـی بـە کۆتـایی هێنـانی خێزانیـان بـە هـەڵی ئـەوە زانـی هاوسـەرەکانیان بتـوانن جێیـان بـێلن بـە بەرپرسـیاریەتی منـداڵ پـەروەردە کردنیشانە.

- لەبەرامبەر ئەوەشدا...سۆشیالیستە شۆرشگێرەکان هـەردەم لـە هـەوڵی ڕوونکردنـەوەی ئـەوە دابووینـە ئافرەتـان ناچـار نـەکرێن لـە کۆمـەڵێکی سوشیالیـستیدا لـە ژیـانێکی ئاسـۆو تەسـکدا بـژین کـە بریتیـە لـە تـەنها ئـەو دەرامەتەی خێزان پێشکەشیان دەکات...

- ئافرەتانی رزگاریخوازیش قەت رەتی ئەمەیان نەکردۆتەوە.

- به لەنزیکبونەوەیەکی زیاتر لە ئافرەتان و دۆزینەوەی خاڵی بەهێزیان لە گۆرینی جیهان و کۆتایی هێنان بەو چەوساوەییەی تێیدا دەناڵێنن هەروەها دۆزینەوەی خاڵی بە هێزیان لە شوێنگاکانی کارکردن. ئەم ئافرەتە رزگاریخوازانە وەك چینێکی ستەمدیدە سەیری ئافرەتیان دەکرد .....بۆیە دەبینین کەوا هەڵمەتی سالأنی هەشتاکان جەختیان لەسەر هەندیٚ کێشەی وەك بەد رەوشتی و هەتك پێکردن و هەڕەشەی چەکی ناوەکی دەکرد دژ بە ئافرەتان و خێزانەکانیان .

- ئەم هەموو کێشانە لە خاڵێك هەڵدەقوڵێن کە ئافرەتان بە بوونەوەرێکی لاواز دادەنیٚ.

- بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانیش لەو بیرۆکەیەوە هەڵدەقوڵێت کە دەڵێت " چەوسانەوە باڵی بەسەر دابەشکردنی چینایەتیەوە کێشاوە"

- ئەم بیرۆکەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵی چینایەتیەوە نییە بە هیچ جۆرێك بەلأم ئەوکارەی کە دەیکا بۆ چاکردنی باری هەندیٚ لە ئافرەتانە ........کە لە دواتر دەبن بە کەمایەتی.....

- بزوتنەوەکانی ئافرەتان وابە کۆتایی هاتن ئافرەتانی چینی مامناوەندی نویٚ بتوانن کۆنترۆڵی بە دەستەوە بگرن......ئەمانەش وەك ڕۆژنامەنوس و نوسەر و مامۆستایانی زانکۆو پلەو پایە بەرزانی تری یاخە سپییەکان .

- سەبارەت بەو ئافرەتە کارمەندانەی کە وەك سەکرەتێرەو ئەوانەی لە ئەرشیف کاردەکەن وە ماشین و گەڕخەرەوەکان...ئەمانە هەموو بۆ کار دوورخراونەتەوە.....

- كێشەی ڕزگارکردنی ئافرەتیش تەنها لەماوەی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان و تەوژمی شۆڕشگێریدا دەبێتە ڕاستی .... ئەمەش بە تەنها بۆ کەمایەتیەکی ئافرەتی نییە بەڵکو بۆ هەموو ئافرەتانی چینی کارگەرە. بەرپرسیاریەتی بایەخ بە منداڵدان و کاروباری ناوماڵ کەوتۆتە سەرشانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی .

- کاتێکی وا هەبوو چێشتخانەی تێکەڵاوو دەستشۆری تێکەڵاو بەکار دەهێنران کە جۆرە سەربەستیەکی کارکردنی بە ئافرەتان دەدا . ئەم هەنگاوە پێشکەوتوو خوازانەش لە چارەنووسی شۆڕش جیانەبوونەتەوە .

- برسیەتیو شەڕی خۆبەخۆیی و فەوتانی بەشە هەرەگەورەی چینی کارگەر بوە هۆی شکستهێنانی نامەحاڵی شۆرشی شۆشیالیزمی لە روسیادا ... پرۆسەی یەکسانیش ئاراستەیەکی پێچەوانەی گرتە بەر.

- بەڵام ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری سۆڤیەت تەواوی ئەوەی سەلماند شۆڕشێکی سۆشیالیستی لە نالەبارترین رەوشدا بتوانێ بیکا .

- ئیمڕۆش ئەگەرەکانی ڕزگاربونی ئافرەت لە بەریتانیا لە هەموکاتێك بە هێزترە......ڕەنگە ئەو بۆچونە بەسەر چەندین دەوڵەتی تری سەرمایەداریدا بەهەمان شێوە پەیرەو بکرێت.....هەرلەوێ لە نێوان پێنج کارگەدا دوانیان ئافرەتن.

- رزگاری ئافرەت تەنها بەڕێگای هێزی کۆمەڵی چینی کارگەرەوە دێتە جێ.

- ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا بیرۆکەی ڕزگارکردنی ئافرەت لەلایەن هەندێ لە ڕێکخراوە سەربەخۆیەکانی ئافرەت رەتدەکرێتەوە.

**- تەنها لەڕێگای بە یەکەوە کارکردنی کرێکارانی ئافرەت و پیاو هەروەك بەشێك لە بزاڤێکی شۆرشگێری یەکگرتوو دەکرێت کۆتایی بە کۆمەڵی چینایەتی بهێندرێت بە چەوسانەوەی ئافرەتیشەوە .**

## دەرووی سێزدەم

***سوشیالیزم و جەنگ***

- ئەو سەدەی تیایی دەژین بە سەدەی جەنگ دەناسرێ. (١٠ ) ملیۆن کەس لە یەکەم جەنگی جیهانی کوژران و (٥٥ ) ملیون کەسیش لە دووەم جەنگی جیهانی لە کوژرانی دوملیۆن کەس لە جەنگی هیندو چینی .

- بەڵام ئێستا هەردوو هێزی مەزنی ناوکی لە جیهان: روسیاو ئەمریکا بایی چەند جاران هۆکارەکانی کاولکردن و تێکدانی ڕەگەزی مرۆڤایەتیان لە دەستدایە.

- شێکردنەوەی ئەم جۆرە کارە مەترسیناکە کارێکی ئەستەمە بۆ ئەو کەسانەی هەروایی سەیری ڕێڕەوی ڕەوشەکان دەکەن .

- ئەو کەسانە بە ناچاری پاڵیان پێوە نراوە بۆ ئەوەی بگەنە سەرەنجامی هەبوونی پاڵنەرێکی هەوەسی یا زگماکی سەبارەت بە تام و چێژ وەرگرتن لەکوشتنی بەکۆمەڵی ......

- بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ڕەگەزی مرۆڤایەتی هێشتا لە مانای جەنگ نەگەیووە.

- (جوردون شیلد) ئەم تێبینیەی لە ئەوروپای چەرخی بەردی بەدی کردووە (( وا دیارە خەڵکی دانوبی هەرەپێشتر خەڵکێکی بێ زیان بوینە لە گورەکانیاندا جگە لە چەکی ڕاوکردن چەکی تر بەدی نەکراوە))دێهات و گوندەکانیان شوێنگەی بەرگریکردنیان تێدا بەدینەکراوە.

- کەچی لە قۆناغە دواییینەکانی چاخی بەردی نوێ ئامێری چەکی جەنگی ڕووی لە تەشەنەکردن کرد.

- جەنگ لە ئەنجامی دژ بەیەکداچوونێکی زگماکی مرۆڤایەتییەوە هەڵناگیرسێت بەڵکو سەرەنجامێکی دابەشبونی کۆمەڵە بۆ چینایەتی–: ٥٠٠٠ پێنج هەزار یا ١٠٠٠٠ دە هەزارساڵ بەر لە ئێستا...کاتی موڵکداریەتی بۆ یەکەم جار بە دیار کەوت....کەسانێك ناچاربوون بیر لە پەیداکردنی هۆکارێك بکەنەوە سامانەکەی خۆیانی پێ بپارێزن.

- ئەو تاخمە نوێیە دەستی بە دامەزراندنی هێزی چەکدارو دواتر دەوڵەت کرد....تا وای لێهات بە تەواوی جیاواز بووەوە لە سەرتاپای کۆمەڵ.....ماوەیەك دواتر سامان بە تالان بردنی ولاتانی تر بووە هۆکارێك بۆ زیاتر کۆکردنەوەی سامان .

- دابەش بوونی کۆمەڵ بەسەر چینایەتیدا ئەوە دەگەیەنێت جەنگ بۆتە دیاردەیەکی هەمیشەیی ژیانی مرۆڤایەتی.

- چینە فەرمانڕەواکانی کۆیلەدار لە یۆنانی کۆن و ڕۆما نەیانتوانیبوو بێ جەنگ لە سەر تەخت بمێننەوە کە وەك سەرچاوەیەکی زێدە کۆکردنەوەی کۆیلە دەژمێردرا بۆیە خاوەن زەویەکانیش لە چەرخەکانی بەردیدا دەبا خۆیان پڕ چەك کردبایە بۆ سەردانواندنی کۆیلەکانی دەوروبەریان و سامانە بە دەستکەوتووەکانیشیان پێ بپارێزن.

- کاتی یەکەم چینی فەرمانڕەوای سەرمایەدار پێش ٣٠٠ تا ٤٠٠ ساڵ بۆ یەکەم جار بە دیار کەوت....ئەوان ناچاربوون بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە جەنگ بکەن .

- ئەوان دەبا چەندین جەنگی دژوار هەڵگیرسێنن لە سەدەکانی ١٦ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩ دا ئەویش بۆ چەسپاندنی دەستڕۆیی و سالاری خۆیان بەسەر پاشماوە دەرەبەگیە فەرمانڕەواکانی کۆن. گەورەترین وولاتی سەرمایەداریش وەك نموونە بەریتانیایە..ئەو ولاتە لە پێناو سامان زیادکردن و گەیشتنە گۆشەکانی هەموو دنیا جەنگی بەرپاکردو...ولاتی هیندو ئیرلەنداشی بە تالان برد...دەیان ملیۆن کەسیشی لە ئەفریقیاوە وەك کۆیلە بردە ئەمریکا... ئەو ولاتە دەیویست جیهان بکاتە سەرچاوەیەك بۆ خۆی بە تالانی ببات.

- بە رێگای جەنگەوە کۆمەڵی سەرمایەداری توانی خۆی بچەسپێنێ.

- جێی سەرسوڕمان نییە گەربڵێین هەموو ئەوانەی ئەزمونی جەنگ بینینیان هەبوو هێشتا جەنگیان بە کارێکی حەتمی و ڕەوا دەزانی.

- لەگەڵ ئەوەشدا سەرمایەداری بە تەواوی لەسەر بنەماکانی جەنگدا دانامەزرێ .

- سەرمایەداری توانیویەتی زۆربەی زۆری سامانەکانی لە ڕێگای چەوساندنەوەی کرێکاران لە کارخانەو کانەکاندا پەیدا بکات ..ئەم کارە جاروبار لە شوێن خۆی دەچەقا کاتێ ململانێیەك لەناو خودی ولاتی دایکدا روویدەدا.

- هەر ولاتێکی سەرمایەداری بۆ خۆی ئاشتی دەویست شەڕەکانی دەخستە دەرەوەی بازنەی وولاتی خۆی.

- لە کاتێکدا ئەم چینانە بابەستەکی خۆیان بە نەریتە سەربازییەکانەوە دەبەست ئەوان لەهەمان ئەم کاتەدا" بێ بەزەییانە" پەلاماری مەبدەئی توندو تیژییان دەدا .

- ئایدولوژیای سەرمایەداری بە شێوەیەکی تەواو ناکۆك لەگەڵ یەك ڕوون و دیارە....زاراوە سەربازی و ئاشتی خوازیەکانیش تێکەڵ بە یەکتر دەکا .

- کەچی لە سەدەی ئێستاماندا ...ئامادەباشی بۆ جەنگ لە هەموو وەختێك زیاتر بۆ سیستەمەکە گرنگترە ...بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەمدا بە کۆمپانیا بچووکەکانەوە بەسترابووەوە ئەوانیش لەگەڵ یەکتردا لە کێ بڕکێیی کردن دابوون...دەوڵەتیش بریتی بوو لە تەنها دامەزراوێکی بچووك کە بە کاری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کۆمپانیانەو کرێکارەکانیان هەڵدەستا .

- بەلاّم لە سەدەی ئێستادا ..کۆمپانیا گەورەکان زۆربەی زۆری کۆمپانیا بچوکەکانیان لول داوەو کێ بڕکێیی لەناو دەوڵەتدا بە کۆتایی گەیشتووە..کێ بڕکێیی ئاراستەیەکی جیهانی لە میان کۆمپانیا جیهانییە زەبەللاحەکاندا بە خۆوە گرتووە ...

- دەوڵەتێکی سەرمایەداری جیهانی نییە بە کاری ڕێکخستنی ئەم رکابەرییە هەڵبستێت

- لە جیاتی ئەمە هەر دەوڵەتێك_لە شەێن خۆیەوە_ تا پێیبکرێت جەغت بەکاردێنێ بۆ یارمەتیدانی چینە سەرمایەدارەکان بۆ ئەوەی ئەو تایبەتمەندییەیان هەبێت بتوانن لە ڕکابەرە بیانیەکان ببەنەوە .

- ململانێی مان و نەمان لە نێوان سەرمایەدارە جیاوازەکانەوە ڕەنگە ببێتە ململانێی ژیان و مردن لە نێوان چەند دەوڵەتێکی جیاواز جیاوازەوە.....هەریەکەو لەڕێگەی چەکە کۆمکراوەکانیان .

- ئەم ململانێیە دوجاران بۆتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی.

- هــەردوو جــەنگی یەکــەم و دووەم جیهــانی جــەنگی ئیمپریــالی بــوون ڕوویاندا بە هۆی جیاوازی هاوپەیمانیەتی لە نێوان وولأتە سەرمایەدارەکاندا بۆ دەست داگرتن بەسەر جیهاندا....شەڕی ساردی لەدواوەشی تەواوکەری ئەو ململانێیە بوو تیایدا بەهێزترین دەوڵەتانی جیهانی لە هەردوو پەیمانی ناتۆ و وارشۆدا دژ بە یەکتر ڕیزیان گرتبوو .

- جگــە لــەم دوو جەنگــە جیهانیــە چــەندین جــەنگی تــر لــە شــوێنە جیاجیاکانی جیهاندا ڕوویانداوە .

- ئەم جەنگانە لە بنەڕەتدا جەنگی ململانێی وولأتە سەرمایەدارەکان بوو لە پێناو جڵەو وەدەستوەگرتنی فەرمانڕەوایی جیهانی وەك ئەوەی لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ دا ڕوویدا .

- هێزە سەرەکیەکانی جیهان ئاگری شەڕیان بە ڕێگەی فرۆشتنی نوێترین و پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای چەکی سەربازی بە جیهانی سێیەم تیرتر دەکرد .

- خــــەڵکانێکی زۆر هــــەن تایبەتمەندییــــەکانی تــــری سیــــستەمی سەرمایەدارییان لا بەدڵە ئەوەش بە پشت لێکردنی ئەم ڕاستیە تاڵە

- ئەوان دەیانەوێ سەرمایەداری بمێنێ بێئەوەی جەنگ نرخەکەیشی بێت بۆیە ئەوانە لە چەند هۆکارێکی جێگرەوە_ بدائل_لەنێوان خودی سیستەمەکەدا.....کەسانێك هەن لەو بڕوایەدان نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو توانایەی هەبێت ڕێگە لە شەڕو جەنگ بگرێت.

- بەلاّم نەتەوە یەکگرتووەکان –لە ڕاستیدا– بریتیە لە گۆڕەپانێکی ململانیّ کردن کە تیایدا وولاّتانێك کۆدەبنەوە کە خواستی شەڕیان هەیە.

- لەو گۆڕەپانە نێو نەتەوەییەدا هەر دەولّەتەو هێزەکەی خۆی بەوەی بەرامبەری بەراورد دەکا....ئەمانە هەروەك بۆکسێنوانانی پێش یاریەکانن...گەر هاتوو دەولّەتیّ یان هاوپەیمانیەتیّ گەیشتە ئەو بڕوایەی ڕکابەرەکەی هاو قوفیەتی ئەوسا پێش وەخت واز لە شەر دێنی لە بەر ئەوەی هیچ ئاکامێکی باشی بۆ ئەو بەدواوە نییە.

- بەلاّم گەر هاتوو جۆرە ئومیدێك لە بردنەوەی شەرەکە هاتە کایەوە ...تەنها ڕێگەی بیری لێبکەنەوە بۆ چارەسەری کێشەکە شەرو جەنگە.

- ئەمەی باسمان لێوە کرد بە تەواوی بەسەر ئەو دوو دژە هاوپەیمانیەتیەی ناتۆو وارشۆدا پەیرەو دەکرێت .

- لەگەلّ ئەوەی کەوا ڕۆژاوا سالاری سەربازی بە دەستەوەیە بە بەراورد لەگەل بلۆکی سەربازی رۆژهەلاّت.....هێشتاکە کەلێنی نێوانیان لەگەل روسیادا وای لیّ نەهاتووە ترسی ئەوەیان لیّ بشکێت.

- بۆیە دەبینین هەریەك لەم دولایەنە ..واشنتۆن و مۆسکۆ بە جۆرێك پلانیان دارشتووە شەر بە ڕێگەی جەنگی ئەتۆمییەوە ببەنەوە .....هەرچەندە راستیەکە روون و ئاشکرایە کەوا رودانی جەنگێکی جیهانی سێیەم ئاکامێکی خراپ بەسەر ڕەگەزی مرۆڤییەوە دێنێت .

- جەنگی جیهانی لەگەل ئەو گێژە لۆکە سیاسیەی لە ئەوروپا لە سالّی ١٩٨٩ بەرپابوو لەگەلّ ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و هەلّوەشانەوەی بۆ کۆماری بچووك لە سالّی ١٩٩١ بە کۆتایی هات .

- ئاخاوتنەکی زۆر لەسەر "سیستەمی نوێی جیهانی" و ئاکامە باشەکانی ئاشتی کراوە .

- لە بەرامبەر ئەو وێنەیەدا.....وەلەگەڵ ئەم هەموو ئاخاوتنانەشدا زنجیرە شەرێکی جۆری بەربەریمان بەدیکردووە...جەنگی رۆژاوا دژ بە عێراق کە هاوپەیمانێکی ئەوان بوو.....شەری نێوان ئادەربایجان و یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو...شەرە ناوخۆییە پر مەترسیەکانی سۆماڵ و یۆگسلافیای پێشوو. ئەوەشمان بەدی کردووە کەوا هەرکاتێ ناکۆکیەك بە رێگەی سەربازی لە نێوان هێزە سەرمایەدارەکانەوە بە کۆتایی بێت ئەوا ناکۆکییەکی تر دێتە شوێنی .

- چینی فەرمانڕەوا لە هەر شوێنێك بێت دەزانێت کەوا جەنگ ئامێرێکە بۆ بە هێزکردنی کاریگەرایەتی ئەوان و دانانی پەردەییێکی بە ناو نیشتمانیش بەسەر چاوی کرێکارو جوتیاراندا .

- کەواتە دەکرێت قێزو بێز لە جەنگ بکەیتەوە دوور لەوەی مەترسی کۆمەڵەی سەرمایەداری هەرەشەت لێبکات ..... بەلاّم ناتوانێت کۆتایی پێ بهێنیت .

- جەنگیش سەرەنجامێکی نامەحاڵی دابەشبوونی کۆمەڵگەیە بەسەر چینایەتیەوە . هەرەشەی جەنگیش بە لێپاڕانەوە لە فەرمانرەواکان بەدی نایەت بۆئەوەی ئاشتی بنێنەوە .

- دەبێ ئەو چەکەی لە دەستیانە ...لێیان بسەنرێتەوە بە رێگەی بزاڤێك کە بە دژایەتی کردنی کۆمەڵگەی چینایەتی هەڵبستێت و لە رەگەوە بە یەکجاری و هەتا هەتایی هەڵیکەنێت.

- ئەو بزاڤە ئاشتیخوازانەی لە ئەوروپاو ئەمریکای باکور لە کۆتایی هەفتاکاندا سەریان هەڵدا هێشتا لەم ڕاستییە تێنەگەیشتوون. ئەم بزاڤانە خەباتیان لە پێناو بەرهەمهێنانی موشەکی کرۆزو بێرشینگ دەکرد و چەکداماڵینی یەکلایەنەشیان رەتدەکردەوەو لە هەوڵی هەڵپەساردنی چەکی ناووکیش کۆششیان کردووە .

- بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەوان وا تێگەیشتبوون کەوا جەنگ لە پێناو ئاشتیدا ڕەنگ بێ دور لە ملەلانێی نێوان سەرمایەداری و کرێکاران سەرکەوێ .

- بۆیە ئەم بزاڤانە شکستیان هێنا لە بەرامبەر وەگەڕ خستنی تەنها هێزێکی کاریگەر و بە توانا بۆ نەهێشتنی خواستی جەنگ ..ئەو هێزەش هێزی کارگەرە بتوانێ کۆتایی بە ئاکامە خراپەکانی جەنگ بێنێ.

تەنها شۆڕشی سۆشیالیستیە بتوانێت کارەسات و مەینەتییەکانی جەنگ بەکۆتایی بێنێت.

## ژیاننامه



**محەمەد وەسمان**

**١-ناوی سیانی: محەمەد وەسمان عەزیز**

**٢- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٥٣- هەولێر**

**٣- بڕوانامە: بەکەلۆریۆس لەقانون**

**٤-ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن:**

هەولێر – نووسەران  (  ٠٧٥٠٤٦١٦٦٢٨)
https://www.facebook.com/mihemed.wesman

٥-بواری کارکردن: نووسەر و رۆژنامەنووس:

سەرنووسەری گۆڤاری داد.

٦-ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی.

٧-ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد.

٨- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

٩- ئەو زمانانەی دەیزانێت بەریزبەندی: کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی.

١٠– ناوی ژمارەیەك لە بەرهەمە بلاوکراوەکان:

– کتێبەکان:

١-سوقرات،وەرگێڕان،پێدا چوونەوەی د.نەریمان خۆشناو،٢٠١٣ .

٢- فەلسەفەی سۆفیگەری،٢٠١٣ .

٣- زمانی یاسا،٢٠١٣ .

٤- ئێتیکی میدیا کاری – ٢٠١١.

٥-فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان،چاپی ئەکادیمیای کوردی،٢٠١١

٦- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ،تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان-

عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە -- - ٢٠١١ .

٨- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی – بەشی یەکەم – زمان بەرگی یەکەم- هەولێر -٢٠١٠ وەك ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.

٩- ئینگلیزی گشتگیر- بە هاوبەشی ٢٠١٠.

١٠- رەخنەودەقی ئەدەبی،٢٠١٠ .

١١-مێژوو و شارستانیەتی کورد – وەرگێران لە عەرەبییەوە ٢٠٠٩.

١٢-رێسا بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ٢٠٠٩.

١٣- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە – ٢٠٠٨.

١٤- فەلسەفەی دوالیزم – لەهزری د. زکی نەجیب مەحموودا – ن ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٧.

١٥- (ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.

١٦- هونەری خۆشەویستی – ئێرك فروم – لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.

١٧- رووخساری رووتی ئافرەتی عەرەب – نوال سەعداوی،وەرگێڕان لە عەربییەوە ٢٠٠٦.

١٨- نوێگەری – کۆمەڵێك وتار – ٢٠٠٥ وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.

١٨-رێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، ٢٠٠٥.

١٩- هــزر و سياســەت، ن ،د. شــێرزاد نــەجار — وەرگێــڕان لــە عەرببيەوە ٢٠٠٥.

٢٠- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی ٢٠٠٥.

٢١- مارکسیزم چۆن کاردەکات — کریس هارمـان — ٢٠٠٥ وەرگێـڕان لەعەرەبییەوە.

٢٢- من گەورەبووم، رێبەری کچان ٢٠٠٥.

٢٣- ئینــــسایکلۆپیدیای فەیلەســــووفان — ن. رۆزنتـــال — لـــە عەرەبییەوە ٢٠٠٤.

٢٤- کەسێتی تاکی عێراقی — د. عەلی وەردی، لە عەرببيەوە ٢٠٠٤.

٢٥- گێروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٤.

٢٦- چەند لاپەڕەیەکی رۆژنامەنووسی، ٢٠٠٤.

٢٧- لە بارەی رۆشنبیری سیاسی، د. شێرزاد نـەجار لـە عەرببيـەوە ٢٠٠٢.

٢٨- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ — ١٩٩٢.

٢٩- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی — ١٩٩١.

٩- ئــەو شــوێنانەی بابــەتم تیایــدا بڵاوکردۆتــەوە یــان تێــدا کــارم کردووە:

١- رۆژنامەی (هاوكاری)، ژمارە (٥١٣)ی ١١ی شوباتی (١٩٨٠).
٢- گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) — ژمارە (٩٢) ی ئایاری ١٩٨٢ — وتار — فەلسەفەی زانستی.لاپەڕە (٢٥).
٣- گۆڤاری (هەرێمی كوردستان) لە ١٩٩٥ بە بەردەوام كارم تیاكردووە، تا سەرنووسەری .بیبلۆگرافیای (هەرێم) م نووسیوە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێكی دیكە.
بیبلۆگرافیایی (١٠٠) ژمارەی گۆڤاری (هەرێمی كوردستان)م نووسیوە.
٤- گۆڤاری (تەندروستی) لە ژمارە (١٩)ی ١٩٩٨ تا دوا ژمارەی (٢٠٠٥) وەك زمانەوان، هەڵەچن، ئەندامی دەستەی نووسەران كارم كردووە، بیبلۆگرافیایی ١٢ ژمارە واتە ساڵێكی گۆڤاری (تەندروستی) م نووسیوە.
٥- گۆڤاری وەرگێڕان لە ژمارە (١-٣) كارم تێدا كردووە بابەتم تیا بڵاوكردۆتەوە، لە ژمارە ١- ١٩٩٧، ناوی بابەت (ئتنۆناسۆنالیسمی كورد) نووسینی د. ئەمیر حەسەن پور لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە، ژمارە (٢) رۆژهەڵات ناسی و ئەتنۆگرافیا، ن. مەجید حەمید عارف، وەرگێڕان لە عەرببیەوە.

٦- گۆڤـاری کـاروان لـه ۱۹۹۷ تـا ۲۰۰۲ وەك هەڵەچـن کـارم کـردووە، بابەتی زۆرم تیا بڵاوکردۆتەوە.

٧- گۆڤاری (کشتوکاڵ) له ساڵی ۲۰۰۳ وەك هەڵەچن کارم کردووە.

٨- گۆڤاری (بارش) له ساڵی ۲۰۰۳ وەك هەڵەچن کارم کردووە.

٩- ١٩٩٤/٧/٣٠ برایەتی – ژمارە ۲۰۰٥ فەرهەنگی زاراوەکانی سوپا.

١٠- ١٩٩٤/١٠/١٦ ئاڵای ئازادی – ژ ١٤٣ ئاستی رۆشنبیری.

١١- ١٩٩٤/٩/٢٧ رێگـــای کوردســـتان – ١٢٦ – واتـــای پێـــشکەوتن/ وەرگێڕان.

١٢- ١٩٩٥/٩/١٧ ئاڵای ئازادی ژ: (١٨٧) ئەزموونی شیعری وێرن.

١٣- ١٩٩٦/٧/١ ئاڵای ئازادی ژ: (٢١٩) هەڵوەستەیەکی کورت.

١٤- ١٩٩٧/٧/٣ برایــەتی – ئــەدەب و هونــەر – ئــەزموونی شــیعری نوێ.

١٥- ٢٠٠- کاروان – ژ: (١٤٤) ستوونی رۆژنامەنووسی.

١٦- ٢٠٠١- گۆڤاری (نووسەری نـوێ) ژ: (١٩) گیروگـرفتی زاراوەدانـان له زمانی کوردیدا.

١٧- گۆڤاری (هەنگ) – دەیان چیرۆکی منداڵان، دانان و وەرگێڕان.

١٨- گۆڤـاری (ئاسـۆی فۆلکلـۆر) – دەیـان بابـەتی ئـەدەبی میللـی و فۆلکلۆر – دانان و وەرگێڕان.

١٩-گۆڤاری ( رۆشنبیری یاسایی) بەڕێوەبەری نووسین بووم تیایدا وبابەتم تێدابلاّوکردۆتەوە،هەروەها گۆڤاری ( پەلکە زێڕینە) ی منـدالاّن ،کەلەلایـەن ڕێکخـراوی رۆشـنبیری یاسـایی (کەئەنـدامم تیایـدا)هەردووگۆڤاردەردەچـوون، (پەلکـە زێڕینـە) ئێـستاش بەردەوامە .